# پڕۆژەی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان
# لەنێوان تاکتیک و ستراتیژدا



د. جعفرئیبراهیم ئێمینکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

هێنانەکایەی دەستوورێکی مۆدێرن بۆ هەرێمی کوردستان لە ئامانج و ئامرازە ستراتیژییەکانە، هەر بۆیە دەبێت ئەو ئامانجە بەستراتیژ دابنرێت و بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەوەك بە ئامرازێکی تاکتیك سەیر بکرێ و بەکاربهێنرێ. ئەزموونی سیاسیی سی ساڵی رابردووی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، ئەو راستییە تاڵە دەسەلمێنێت کە تاکتیك لە زۆربەی هەرە زۆری چالاکی و هەنگاوە سیاسییەکاندا زاڵ بووە، هەر لە راپەرینی پیرۆزی بەهاری ١٩٩١ـەوە تا ئەمڕۆ بۆتە دیاردەیەکی نەرێنی، هەر بۆیە سەقامگیریی سیاسی بە لاوازی بەردەوام بووە و هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستاندا هەمیشە لەنێو بۆتەی ترسێکی شاراوەدا دەژین، کە تەقینەوەی هەر گرژییەکی سیاسی ئەگەری هێنانە کایەی قەیرانێکی سەرتاسەری بووە! ئەم هۆکارە وایکردووە پرۆسەی سیاسی بە ئەندازەی پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەشە نەکات و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان نەتوانێت ببێتە خاوەن دامەزراوەی دەوڵەتداری و تەنانەت نەتوانێت ببێتە خاوەنی دەستوورێك هەتا ئەگەر تەنها لەسەر کاغەزیش نووسرابێتەوە و بە تەواوی جێبەجێ نەکرێت. لەساڵی ٢٠٠٢ ـەوە هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ ئەوەی پڕۆژەی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان بێتە ئامادەکردن، ئەوە بوو دوو جار، دوو پڕۆژەی دەستوور، لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکران و نەخراوەتە راپرسیی هاووڵاتیانەوە، هۆکارەکان شاراوە نین، هەمان هۆکاری تاکتیکی جارانن، لایەنێکی سیاسی، یان چەند لایەنێك خوێندنەوەیەکی سیاسی تایبەتیان هەیە، یان خوێندنەوەیەکی تازەیان هەیە بەپێی بەرژەوەندیی سیاسی و حزبایەتی نوێ، نایانەوێ پڕۆژەی دەستوور لە بەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسی تر بشکێتەوە، ئەم بازنەی تاکتیکە، وایکردووە دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاسان دەستاودەست نەکرێت و پڕۆژەی دەستووریش سووکایەتی پێ بکرێت، بەوەی دەنگی لەسەر بدرێ و لە پەرلەمان دەربچێت و هاووڵاتیان چاوەڕوانی بن، بەڵام هێزە سیاسییەکان ڤیتۆ بەکار بێنن و نەهێڵن سادەترین مافی هاووڵاتی پەیڕەو بکرێت. لێرەدا ئەگەر ستراتیژ لەکار و چالاکییەکانی هێزە سیاسییەکان و حکومەت و پەرلەماندا ون بوو، ئەو گەشە کردنەی کە ئێمە هەموومان چاوەڕوانین لە بواری سیاسی هاوشێوەی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام و بەهێز بێت، دەچێتە خانەی خەونێکی وەدینەهاتوو کە جێبەجێ ناکرێت. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە دەبێ هێزە سیاسییەکان وەکو شەریك (هاوبەش) یەکتر قبووڵ بکەن و مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، نەك دوژمنانە وەك ئەوەی ئێستا دەکرێت، تا گەیشتۆتە ئەو رادەیەی پڕۆژەی دەستوور لەبەر یەك ماددە نەچێتە ریفراندۆم کە پەیوەستە بە خوێندنەوەی

**سەرۆک بارزانی هەموو ژیانی خۆی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی خەڵکی کوردستان تەرخانکردووە و بە کردەیی ئەوەی سەلماندووە کە پابەندە بە پرەنسیپ و میکانیزمەکانی دیموکراسی و ئێستاش ئەگەر بێتو بە تێڕوانینێکی ستراتیژی سەیری رابردوو و ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان و ئەو کەسایەتییە بکەین، دەگەینە ئەو راستییەی کە هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵی تر پێویستی بە سەرۆکایەتیی کاک مسعود بارزانی هەیە.**

لایەنێکی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی بەوەی گوایە پرۆژە دەستوورییەکە سەرۆکایەتییە و داوادەکەن ببێتە پەرلەمانی کە ئەم بۆچوونە دوورە لە راستی و هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، بەڵکو هەوڵێکی تاکتیکییە لەپێناو رێگەگرتن لە گەشەسەندنی سیاسی و رێکخراوەیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ لە سەر گۆڕەپانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بووە ئەو هێزەی کە زۆرترین خەڵکی دەنگدەر پشتیوانی دەکەن. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان بۆتە فاکتەرێك و ژمارەیەك لەسەر نەخشەی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆتە خاوەنی چەندین سەروەری لەسەر ئاستی جیهانیدا، تەنیا هێزە تا ئەمڕۆ توانیویەتی لە بەرفراوانترین ناوچەدا شکست بە تیرۆریستانی داعش بێنێ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان رەوانەی کۆبانێ بکات لەو کاتەی ئەو شارە خۆشەویستە لەسەر لێواری شکست و خۆبەدەستەوەدان بوو، پتر لەسەدا هەشتای خاکەکەی لەلایەن داعشەوە داگیر کرابوو، هەر بۆیە ئەرکی پیرۆزی هەر هێزێکی سیاسییە لە کوردستان بیروبۆچوونەکانیان لەمەڕ پرسە ستراتیژییەکان بە ستراتیژی بکەن و خۆیان لە هەڵوێست و مامەڵەی تاکتیکی بەدوور بگرن، بە ستراتیژ تەماشای مێژوو بکەن و بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ سەرکردە مێژووییەکانی کوردستان و پرسی دەستوور بکەن، ئەو کاتە راستیەکان باشتر بەدی دەکرێ کە دەستوور بۆ وڵاتە، نەوەك حزبێك و ناکرێت لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرێکی حکومەت تەنها لەبەر ئەوە بێت کە سەر بە فلانە حزبی سیاسییە و تەنها بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لەو حزبە ئەو کارە ئەنجام بدرێت، وەك ئەوەی ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان هەندێك پەرلەمانتار زۆر بەداخەوە پەیڕەوی ئەو جۆرە کارە دەکەن، ئەو کاتەش مامەڵەی هەندێك لایەنی سیاسی کە ئێستا بە ئیستیفزاز و تاکتیکەوە لەگەڵ ویلایەتی سەرۆك مسعود بارزانی دەیکەن، بەدڵنیاییەوە ئەو جۆرە مامەڵەیە دووبارە ناکەنەوە و بەخۆدا دەچنەوە، بەوەی سەرۆك مسعود بارزانی کەسایەتییەکە هەموو ژیانی خۆی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی خەڵکی کوردستان تەرخانکردووە و بە کردەیی ئەوەی سەلماندووە کە پابەندە بە پرەنسیپ و میکانیزمەکانی دیموکراسی و ئێستاش ئەگەر بێتو بە تێڕوانینێکی ستراتیژی سەیری رابردوو و ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان و ئەو کەسایەتییە بکەین، دەگەینە ئەو راستییەی کە هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵی تر پێویستی بە سەرۆکایەتیی کاك مسعود بارزانی هەیە. هەر ئەو تێڕوانینە ستراتیژییەیە کە ئەگەر گشت لایەنەکان کۆك بن لەسەری، رێگە چارەی یاسایی و شایستە بۆ ئەم پرسە وەدەست دێنن.

---

*جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان



**لە ٢٥ی تەممووزی ٢٠٠٩ هەندێك فاكتەری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی وایانكرد، كە نەتواندرێت رەشنووسی دەستووری كوردستان بخرێتە راپرسییەوە و گەلی كوردستان پەسەندی بكات، پاشان لە ساڵی ٢٠١٣ جارێكی دیكە سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە نامەیەك داوای لە پەرلەمانی كوردستان كرد، ئەو بڕگە و خاڵانەی دەستوور كە جێگەی ناكۆكین، لەگەڵ لایەنە سیاسییەكاندا كۆبوونەوە بكرێت و سازانی لەسەر دروست بكرێت، لەماوەی دوو ساڵی رابردوو ئەم پرسە بە هۆی بارودۆخی نالەباری شەڕ و هەڵبژاردنەكانی عێراقەوە كاری لەسەر نەكراوە. لەم ماوەیە پەرلەمان دووبارە سەرقاڵی پرۆژەی دەستوورەكەیە، بۆ قسەكردن لەسەر پرسی دەستوور و چۆنیەتی هەمواركردنەوەی و سازان لەسەری، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ پارێزەر كەریم بەحری ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی كوردستان و ئەندامی لیژنەی باڵای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** لەساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانی كوردستان پڕۆژەی دەستووری كوردستانی پەسەند كرد، بەڵام نەخرایە دەنگدانەوە و دواخرا، ئایا تاچەند بوونی دەستوورێك بۆ ئێستای كوردستان گرنگە و تاچەند دواكەوتنی دەستوور بۆشایەكی یاسایی دروستكردووە؟**

- دەستوور بۆ هەر وڵاتێك، یان قەوارەیەكی سیاسی كە حوكمڕانی تێدا بكرێت، پرسێكی گرنگە و دەستوور بە لوتكەی هەڕەمی هەموو یاساكان دادەنرێت و بەردی بناخەی پرۆسەی رێكخستنی هەموو پەیوەندییە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانە و ئەو دیكۆمێنتەیە كە دەبێتە گرێبەست لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا. لەسەر خەڵك و دەسەڵات پێویستە پابەند بن بەو پرەنسیپانەی كە لەو دەستوورەدا هاتوون، بۆیە لە روانگەی گرنگی دەستوورەوە، من هیواخوازبووم و لە مێژیشە هەروا دەڵێم، بەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ كە بەرەی كوردستانی یاسای ژمارە ١،٢ی دەركرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پێكهێنانی پەرلەمان و حكومەت، هەر ئەوكات بڕیاری دامەزراندنی كۆمەڵەی دامەزرێنەر (الجمعية التأسيسية)ی بدایە، ئەو كۆمەڵەیە لیژنەیەكی بۆ نووسینەوەی دەستوور هەڵبژاردایە، هەر

## کەریم بەحری

### ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان بۆ گوڵان:

# دەستوور پرسێکی چارەنووسسازە نابێت بخرێتە ناو موزایەدەی سیاسییەوە



ئەو کات ساڵی ١٩٩٢ دەستوورەکە بخرایەتە ریفراندۆم، پاشان ئەگەر ئەوە بکرایە، ئەوا لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای ئەوەی رژێمی پێشوو رووخا و لە ٢٠٠٥ دەستووری عێراق نووسرایەوە، ئەگەر دەستوورمان هەبووایە هەر ئەو کاتە لە دەستووری عێراقدا دان دەنرا بە دەستووری هەرێمی کوردستاندا. بەداخەوە ئەوە نەکرا.

*** بەڵام لە ٢٠٠٢ پەرلەمانی کوردستان ئەو هەنگاوەی هەڵگرت و لیژنەیەکی بۆ نووسینەوەی دەستووری کوردستان پێکهێنا، ئایا لەو کاتەوە تائێستا چییان کردووە؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٢ پەرلەمانی کوردستان ئەم هەنگاوەی هەڵگرت، ئەوە بوو لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرجەم هێزە سیاسییەکانی کوردستان بڕیار درا کە لیژنەیەك بۆ نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێکبهێندرێت، ئەو لیژنەیە لە ماوەی ساڵێکدا کارەکانی خۆی تەواو کرد، بەڵام بە هۆی رووخانی رژێمی پێشووی عێراق و نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥ و پەسەندکردنی ئەو دەستوورە لەلایەن گەلانی عێراقەوە، بیر لەوە کرایەوە کە هەندێك گۆڕانکاری لە پڕۆژەی دەستووری کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە تازانە بگونجێت کە لە عێراقدا هاتۆتەئاراوە، بۆ ئەمەش لە ساڵی ٢٠٠٥ پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد بۆ دامەزراندنی لیژنەیەك بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە پڕۆژەی دەستووری ٢٠٠٢ بکات، ئەم لیژنەیەش لەمانگی ٨ی ٢٠٠٦ کارەکانی خۆی تەواوکرد و پاشان پڕۆژەی دەستوورەکە چاپکرا و خرایە بەردەستی خەڵك بۆ ئەوەی خەڵك و شارەزایانی یاسایی سەرنج و پێشنیاری خۆیان بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بنێرن، لەو ماوەیەدا ئێمە زیاتر لە ٥٠٠٠ سەرنج و پێشنیارمان لە سەر دەستوورەکە بۆ هاتووە، بۆ پۆلێنکردن و چارەسەرکردنی ئەو سەرنج و پێشنیارانەش لەناو لیژنەی نووسینەوەی دەستوور چەند لیژنەیەکمان دروستکرد، دیارە ساڵی ٢٠٠٦ کە پڕۆژەی دەستوورەکەمان چاپکرد ١٦٠ ماددە بوو، بۆیە دوای ئەو سەرنج و پێشنیارانە،پاشان دەستوورەکە بووە ١٢٢ ماددە، لەساڵی ٢٠٠٩ ئەم دەستوورە درایە پەرلەمان و بەپێی یاسای ١٦ ی ساڵی ٢٠٠٨ خرایە دەنگدان و زۆربەی زۆری ئەندامانی کوردستان بە رێژەی دوو لە سەر سێ دەنگەکان پەسەندیان کرد، دوای ئەوە بڕیاردرا کە ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩ لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی کوردستان

بخرێته راپرسییەوە، بەڵام راپرسییەکە لەبەر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی دواخرا.

*** لەم قسانەتان ئەوە دەردەکەوێت کە پڕۆژەی دەستوورەکە هەموو رێکارە یاساییەکانی خۆی لەناو پەرلەمان تەواو کردووە؟**

- بێگومان پڕۆژەی دەستوورەکە هەموو رێکارە یاساییەکانی وەك پێویست لەناو پەرلەمان تەواوکردووە، ئەم دەستوورە دەبوو لە ساڵی ٢٠٠٢ بخرایەتە دەنگدانەوە، بەڵام دواکەوت، دەبوو لە تەممووزی ٢٠٠٩ بخرایەتە دەنگدانەوە بەداخەوە دیسان دواکەوت، هەموو ئاواتی ئێمە ئەوە بوو لە زووترین کاتدا ببینە خاوەنی دەستوورێکی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا.

*** ئەگەر باسی ئێستا بکەین، ئەم پڕۆژەی دەستوورە کە خۆتان دەنگتان بۆ داوە، ئایا بۆ ئێستا بەو ئاستە کەموکورتی هەیە کە نەتواندرێت بخرێتە دەنگدانەوە؟**

- بەش بەحاڵی خۆم کە یەکێکم لە ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی ئەو دەستوورە و دواتریش دەنگم بۆ داوە، کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە، دەنگدانی من بۆ دەستوورەکە لەسەر ئەو بنەمایە نەبووە کە هیچ تێبینییەکم لەسەر ئەو دەستوورە و بڕگەکانی نییە، لەم راستەوە بۆچوونی جیاوازم بۆ زۆر لە بڕگە و ماددەکان هەبووە، بەڵام پەرۆشیمان بۆ ئەوە بووە ببینە خاوەنی دەستووری خۆمان بۆیە دەنگمان بە دەستوورەکە داوە و دەستوورەکەش بەو جۆرە نەبووە کە هێڵێکی راست و چەپ بەسەر هەموویدا بهێنین.

*** کەواتە لەگەڵ ئەوەبوویت رەشنووسی ئەو دەستوورە بخرێتە راپرسی و خەڵکی کوردستان دەنگی لەسەر بدەن؟**

- بەڵێ من لەگەڵ ئەوە بووم ئەو دەستوورە بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام پاش ئەوەی دواخرا و دەنگی نارەزایی لە ناوەوە و دەرەوە دروست بوو، تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، هەموو لایەك گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەگەر ئەو دەستوورە بخرێتە راپرسییەوە لەوانەیە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت، بۆیە نەخرایە دەنگدانەوە، لەلایەکی دیکەش ئەمەش بەو مانایە نییە ئەگەر ئەم پڕۆژەدەستوورەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە، ناکرێت دەستکاری بکرێت، بەڵکو زۆر ئاساییە ئەگەر بمانەوێت چەند بڕگە و ماددەیەکی دەستکاری بکەین، یان لای بەرین، بۆ ئەمەش پەرلەمان دەتوانێت لە رێگەی هەمان لیژنەی پێشوو، یان لیژنەیەکی تازە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات، ئەم کارەش پێویستی بە سازان و تەوافقی هەموو لایەنەکان هەیە و کەس ناتوانێت شتێك بەسەر ئەوی دیکەدا فەرز بکات و هەموو ئەو لایەنانەی کە لە نووسینەوەی دەستوور بەشدار بوون، مافی ڤیتۆیان هەیە.

*** بەڵام پێشتر وەك خۆت ئاماژەت پێکرد، هەموولایەن و پێکهاتەکانی کوردستان سازانیان لەسەر پڕۆژەی دەستوورەکە کردووە؟**

- بەڵێ راستە پەسەندکردنی پڕۆژەی دەستوورەکە بەپێی سازان و تەوافقی هەموولایەك بووە، بەڵام کە نەخرایە ریفراندۆمە و ئەو ماوەیە بەسەرچوو لە ساڵی ٢٠١٢ وتیان بۆ ئەو قۆناخە هەندێك لە بڕگەکانی پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، بەتایبەتی لەسەر شێوازی حوکمڕانی، هەروەها هەندێك پێیانوا بوو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی فراوانە، هەندێکی دیکە پێیانوابوو کە هەڵبژاردنی سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە پێچەوانەی سیستمی پەرلەمانییە، ئەمە لە کاتێکدا لە ماددەی یەکەمی دەستووری هەرێمی کوردستان هاتووە کە سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانییە، بەڵام لە بەر ئەوەی سەرۆك راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، زیاتر لە سیستمێکی تێکەڵاوی هاوشێوەی سیستمی حوکمڕانیی فەرەنسا دەچێت. راشکاوانەتر لەگەڵ ئەوەی لە دەستووری هەرێم نووسراوە سیستمەکە پەرلەمانییە، بەڵام بۆچوونی یاسایی هەیە دەڵێت لە تێکەڵاو دەچێت. ئەمەش وایکردووە بۆچوونی جیاواز دروست بێت، ئەوجار بۆ ئەوەی کۆدەنگییەك دروست بێت، دەبێت لایەنە سیاسییەکان گفتوگۆی لەسەر بکەنەوە، جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئێمەی وەك لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بانگکرد، لەو کۆبوونەوەیەدا ئێمە ئەو بۆچوونەمان بە راشکاوی بە بەڕێزیان راگەیاند، دوای ئەوە گەیشتە قەناعەتێك بەوەی زۆر ئاساییە ئەو خاڵانەی جیاوازییان لەسەر هەیە، لەسەر ئەو خاڵانە سازان دروست بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە جەنابی سەرۆك بارزانی نامەیەکی بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد و لەو نامەیەدا داوای لە پەرلەمان کردووە کە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دابنیشن و لەسەر خاڵە ناکۆکەکان رێك بکەون، بە هەمان شێوەیە لە یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ شدا هاتووە کە دەبێت بە سازان و کۆدەنگی هەموار بکرێتەوە، ئەمەش واتە ئەو چەند ماددەی کە ناکۆکی لە سەرە، نەك بە کۆی دەستوورەکەدا بچنەوە لە ماددەی ١ تا ١٢٢، واتە ئەو چەند بڕگەیە، نەك پێداچوونەوە بە هەموو دەستوورەکەدا.

*** ئایا لەم ماوە کورتەی ماوە دەتواندرێت ئەم دەستوورە هەموار بکرێتەوە؟**

- پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا بەپێی ئەو نامەی سەرۆك بۆی ناردبوون، دەبوو پێش هەرئیشێك یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ی جێبەجێ بکردایە، لەبەر ئەوەی داواکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوە بوو پەرلەمان کار بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور بکات، بەڵام بۆ نەیکرد، دەبێت ئەو پرسیارە لە پەرلەمان بکرێت. ئێستا بەداخەوە دوای ئەوەی پرسی هەڵبژاردنەوەی پۆستی سەرۆکی

**ئەگەر پەرلەمان لەکاتی ئاساییدا توانیبێتی ماوەی دوو ساڵ درێژ بکاتەوە، ئەوا ئێستا کە زەڕوورە جەنابی سەرۆک بارزانی بەردەوام بێت لە ئەرکەکانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت چ بۆ خولێکی دیکە، یان بۆ دووساڵی دیکە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی درێژ بکاتەوە**

**پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا بەپێی ئەو نامەیەی سەرۆک بۆی ناردبوون، دەبوو پێش هەرئیشێک یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ی جێبەجێ بکردایە، لەبەر ئەوەی داواکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوە بوو پەرلەمان کار بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور بکات، بەڵام بۆ نەیکرد، دەبێت ئەو پرسیارە لە پەرلەمان بکرێت**

**لە ماددەی یەکەمی دەستووری هەرێمی کوردستان هاتووە کە سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانییە، بەڵام لە بەر ئەوەی سەرۆک راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، زیاتر لە سیستمێکی تێکەڵاوی هاوشێوەی سیستمی حوکمڕانیی فەرەنسا دەچێت**

هەرێم هاتە پێشــەوە، ئەوجا پەرلەمــان بەخۆ کەوتووە و مەســەلەی دەســتوور دەورووژێنێت، ئەمە لــە کاتێکدا مەسەلەی هەموارکردنەوەی دەستوور هیچ پەیوەندییەکی بە هەڵبژاردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمەوە نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێت لەسەر ئەو خاڵانەی کە لە دەستوورکە جیاوازیمــان هەیــە بگەینە رێککەوتن، ئەوجا ســەرۆك هەڵبژێردرێتەوە، یان هەڵنەبژێردرێتەوە، بەداخەوە پەرلەمان و سیاسەتمەدارانی ئێمە لەو بوارەدا بەبێ ستراتیژ هەنگاو هەڵدەگرن و بڕیار دەدەن.

*** باشــە چی دەبــوو ئەگەر ئەم پرۆژەیەی کە ئێســتا ئامادەیە بخرایە دەنگدان و پاشان هەموار بکرایەوە؟**

- ئێمە بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا پرۆژەیەکمان ئامادەکردووە بــۆ ئەوەی ببینە خاوەنی دەســتووری خۆمان، ئەگەر ئەو پرۆژە دەستوورەی ئێستا بخەینە دەنگدانەوە و دەنگی نەهێنا، دەبێتە شکســتێکی گەورە لەسەر ئاســتی ناوخۆ و دەرەوە، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە دەستوورێك دابرێژین کە هەموو لایەك لەســەری رازی بن، دەستوور بۆ هەموانە بۆ تاکە لایەنێك و بۆ تەنها نەتەوەیەك نییە، هەربۆیە بەپێی یاســای ژمارە ٩ی ٢٠١٣ پرۆژەی دەستوورەکە گەڕاوەتەوە پەرلەمان، بەڵام پەرلەمانی کوردســتان لە بری ئەوەی یاسای ژمارە ١١ی ٢٠٠٨ بۆ پەسەندکردنی دەســتوور هەموار بکاتەوە، ئێستا خەریکی دارشتنی یاســایەکی تازەیە، ئەمەش هەڵەیەکی یاســایی گەورەیە، لەبەر ئەوەی هەتا پرۆژەی دەستوورەکە پەسەند نەکرێت، یاسای ژمارە ١١ی ٢٠٠٨ کاری پێدەکرێت و تەواو نەبووە، کە ئەم یاســایە هەمــوار کرایەوە پەرلەمان دەتوانێت بەپێی ئەو یاســایە لیژنەیەکی ٢١ یان ٢٥ کەسی دیاری بکات بۆ ئەوەی دەستوورەکە هەموار بکرێتەوە، ئەوەی دەمێنێتــەوە ئەوەیە ئەگەر هەموار کرایەوە ئایا لەم ماوەیەدا دەتواندرێت بخرێتە دەنگدانەوە؟ من لەسەر ئەم پرسە گومانم هەیە کە بتوانین، پێش هەمووشــت پێویستی بە ٦٠ ملیۆن دۆلارە کە ئێســتا ئێمە لە قەیرانێکی ئابووری گەورەداین، هەروەها کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بناخەیەکیشــی هەیە، بــەڵام تازەیە و ناتوانێت لەو ماوە کورتە ئەم کارە ئەنجامبدات، لانیکەم شەش مانگ تا ساڵێکی دەوێت.

*** وەك یاساناســێك پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی ئەم پرسە تێپەڕێندرێت؟**

- پێشــنیاری من ئەوەیە پێش هەموو شــت مەسەلەی هەڵبژاردنەوەی ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان و پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور لە یەکتری جیابکەینەوە، پرسی هەڵبژاردنەوەی ســەرۆکی هەرێم بەپێی یاســای ژمارە ١ی ٢٠٠٥ ئەنجامدەرێت، مەســەلەی دەســتوور دەبێت هەنــگاوی بۆ هەڵبگرین، کەی پرۆســەی هەموارکردن تەواو دەبێت، ئاســاییە، پاشان پرسیاری ئەوە دێتە پێشی، ئایا گونجاوە لەم کاتە بیخەینە راپرســییەوە یان نە؟ یان مەسەلەی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێم، ئایا راستەوخۆ هەڵبژێردرێت بەپێی یاسای ژمارە ١ی ٢٠٠٥، یان لایەنە سیاســییەکان لە دەرەوە رێکدەکەون و پاشــان لە رێگەی فراکســیۆنەکانیان دەبرێتە پەرلەمان و دەکرێت بە یاسا و ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە لەو قەیرانە دەستوورییە رزگارمان بێت، پێموایە ئێمە ئێستا لە قۆناخی شەرێکی قورسداین، ناکرێت هەموو گەل سەرقاڵ بێت بە پرسی دەستوورەوە، راســتە ئەمانە پرسی سیاسین، بەڵام دەتوانرێت بەرێگەی یاسایی چارەسەری بکەین.

*** وەك ئاماژەت پێکرد لە شەڕێکی سەختداین، تا چەند پێویســتە سوود لە ئەزموون و کەسایەتی مسعود بارزانی وەربگرین؟**

- بەپێی یاسا ماوەی ســەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دوو خولی بــۆ دانراوە، بەڵام لە ٢٠١٣ پەرلەمان ماوەی دووســاڵی بۆ درێژکــردەوە بێ ئەوەی هیــچ قەیران و مەترســییەك هەبێت، بۆیــە ئەگەر پەرلەمــان لەکاتی ئاســایدا توانیبێتی ماوەی دوو ساڵ درێژ بکاتەوە، ئەوا ئێستا کە زەڕوورە جەنابی سەرۆك بارزانی بەردەوام بێت لە ئەرکەکانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت چ بۆ خولێکی دیکە، یان بۆ دووساڵی دیکە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی درێژ بکاتەوە، بەپێی ئەو رێککەوتنــەی لەنێوان لایەنە سیاســییەکان دەکرێت. بۆ ئەمەش لەبەر ئەوەی دەستوورمان نییە، هیچ بەربەستێکی دەســتووری نییە، من کاتی خۆیشی وتوومە تا دەستوور دانەنرێت پەرلەمانی کوردســتان هەموو دەســەڵاتێکی هەیە و پەرلەمانیش لە کۆمەڵێك فراکســیۆن پێکهاتووە و نوێنەرایەتــی هێزە سیاســییەکان دەکات، دەبێت هێزە سیاسیەکانیش بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی ئەم قۆناخە لەبەر چاو بگرن، بۆ ئەوەی ئەو تەنگژەیە تێپەڕێنین.

*** تاچەند گرنگە ئەم پرسە گرنگە تێکەڵی موزایەداتی سیاسی نەکرێت؟**

- بەداخەوە ئێمە لەســەر مەسەلەی موزایەداتی سیاسی لە پێشــی پێشــەوەی هەموو وڵاتانیــن، ئەزموونێکی باشمان لەم پرســەدا هەیە، بەڵام ناکرێت پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردســتان و هەموارکردنەوەی دەستوور بخرێتە ناو موزایەداتی سیاســیی لایەنە سیاسییەکانەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەم دوو پرسە بخرێتە ناو موزایەداتی سیاســی، ئەوا دەمانگوازێتــەوە بۆ نــاو تەنگژەیەکی دیکە، ئەم پرسە پرســێکی چارەنووسسازە، ناکرێت پرسە چارەنووســازەکان بخرێتە ناو موزایەداتی سیاســیەوە، هیوادارم بەر لە هەڵبژاردن ئەم پرســانە کۆتایی بێت، کە گەیشتە سەروبەندی هەڵبژاردن بمانەوێت، یان نەمانەوێت، دەکەوێتە چوارچێوەی موزایەدەی سیاسییەوە.

**پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوورەکە بەپێی سازان و تەوافقی هەموولایەک بووە وهەموو ئەو لایەنانەش کە لە نووسینەوەی بەشدار بوون، مافی ڤیتۆیان هەیە**

**ئێمە زیاتر لە ٥٠٠٠ سەرنج و پێشنیارمان لە سەر دەستوورەکە بۆ هاتووە، بۆ پۆلێنکردن و چارەسەرکردنی ئەو سەرنج و پێشنیارانەش لەناو لیژنەی نووسینەوەی دەستوور چەند لیژنەیەکمان دروستکرد**

**دەستوور بە لوتکەی هەرەمی هەموو یاساکان دادەنرێت و بەردی بناخەی پرۆسەی رێکخستنی هەموو پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە و ئەو دیکۆمێنتەیە کە دەبێتە گرێبەست لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا**



کەرخی ئاڵتی بەرماخ

نوێنەری تورکمان لە پڕۆژەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا بۆ گوڵان:

# لە سەردەمی حکومەتەکانی پێشووی عێراقدا ناوهێنانی تورکمان وەک کوفر وابوو، لە دەستووری کوردستاندا وەک نەتەوە مافەکانی دیاریکراوە

**دەستوور بۆ هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە، هەر بۆیە چۆن ئەم پرسە پەیوەندی راستەوخۆی بە نەتەوەی کوردەوە لە کوردستان هەیە، بە هەمان شێوە پەیوەندی راستەوخۆی بە چارەنووسی نەتەوە و ئایینەکانی دیکەشەوە هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی دەستوور و گرنگیی ئەم دەستوورە بۆ ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ کەرخی نەجمەدین ئاڵتی بەرماخ سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی لە کوردستان و نوێنەری تورکمان لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

*** ئێوە نوێنەری نەتەوەی تورکمان بوون لە نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، ئایا تا چەند گرنگە لەم قۆناخە هەستیارەدا کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت؟**

- نەبوونی دەستوورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بۆشاییەکی گەورە دروست دەکات، بۆیە نەك هەر کاتی ئەوە هاتووە کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت، بەڵکو کاتەکەشی درەنگ بووە و دەبوو زۆر زووتر راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوورەکە بکرایە و ئێستا ئەم دەستوورە کاری پێبکرایە، بۆیە لەم راستەوە گرنگە لە بایەخ و گرنگی دەستوور تێبگەین، لەبەر ئەوەی دەستوور گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان دەسەڵات و خەڵك و لە چوارچێوەی ئەو گرێبەستەدا پەیوەندی نێوان خەڵك و دامەزراوە شەرعییەکانی وڵات رێکدەخرێت، هەربۆیە ئەگەر دەستوورمان نەبوو، واتە ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەمان نییە، راستە ئێستا حکومەت و دامەزراوە شەرعییەکان لە چوارچێوەی ئەو یاسایانە کاردەکەن کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردوون، بەڵام بەشێك لەو یاسایانە یاسای کۆنی سەردەمی حکومەتەکانی پێشووی عێراقن، لە رووی سیاسیشەوە ئێستا هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی فیدراڵی لەگەڵ عێراق دەخولێتەوە، بەڵام ئەگەر دەستوورمان هەبوایە دەمانتوانی لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە هەنگاوی زیاتر بۆ ئایندە هەڵبگرین، هەر بۆ نموونە هەنگاومان هەڵدەگرت بۆ کۆنفیدراڵی، یان راپرسی و سەربەخۆیی کوردستان. بۆیە زۆر گرنگە پرسی دەستوور یەکلایی بکرێتەوە و بە زووترین کات بخرێتە راپرسییەوە بۆ ئەوەی گەلی کوردستان پەسەندی بکات و کاری پێبکرێت.

*** دەستوور چەند زوو یەکلایی بکرێتەوە بۆ ئایندەی کوردستان گرنگە، بەڵام هەندێك جار وەك هەموو لایەك دەیبینین کە ئەم پرسە دەبێتە جێگەی مشتومڕی موزایەداتی سیاسی لەلایەن حزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئایا تاچەند موزایەداتی سیاسی لەسەر دەستوور زیان بە کوردستان دەگەیەنێت؟**

- پێش هەموو شت، دەستوور نە بۆ نەتەوەیەکە نە بۆ حزبێکی سیاسییە لە کوردستان، دەستوور بۆ هەموو نەتەوە و ئایینەکان و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، بۆیە پرسی دەستوور نە دەکرێت موزایەداتی سیاسی لەسەر بکرێت، نە دەکرێت سازشیشی لەسەر بکرێت، بەداخەوە لەم ماوەیە جارێکی دیکە لە میدیاکانەوە گوێبیستی ئەوە دەبین پرسی دەستوور هەندێك مەسەلەی لەگەڵ تێکەڵ دەکرێت، یان پێوەی گرێدەدرێتەوە کە بە راستی شیاو نییە و لە جێگەی خۆیدا نییە، بۆیە لەم قۆناخە گرنگە هەموو لایەکمان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و بیر و بۆچوونی سیاسیمان، بەرژوەندی حزبی خۆمان وەلا بنێین و بیر لە بەرژەوەندی باڵای کوردستان بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە هەستیار و ناسك و مەترسیدارە تێپەڕێنین، ئەگەر نەتوانین ئەم هەنگاوە هەڵبگرین، ئەوە ناشتوانین چاوەڕێی ئایندەیەکی گەش بکەین.

*** نوێنەری نەتەوەی تورکمان بوویت لە نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری کوردستاندا، ئایا تاچەند ئەم دەستوورە مافەکانی نەتەوەی تورکمانی لە کوردستان دەستەبەر کردووە؟**

- تورکمان نەتەوەیەکە لە دێرزمانەوە هاوشێوەی پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان بە ئاشتی لەگەڵ کورد لەسەر ئەم خاکە ژیاوە، هەربۆیە ئەم دەستوورە بۆ کورد و

**ئێمەی تورکمان تا رادەیەکی زۆر لە ژێر سایەی سەرۆک بارزانی بە هەموو مافەکانی خۆمان شادبووین، راستە ١٠٠٪ نییە، لەبەر ئەوەی کوردیش ١٠٠٪ بە مافەکانی خۆی نەگەیشتووە**

**سەرۆک بارزانی چۆکی بۆ هیچ زوڵم و زۆرێک دانەداوە، هەتا ئەویش سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، کوردستان لە دەستێکی ئەمیندا دەبێت**

**کەسایەتی سەرۆک بارزانی ئێستا جیهانییە و سنوورەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەی تێپەڕاندووە، لە سایەی دیپلۆماتییەتی بەڕێزیانەوە جارێکی دیکە کوردستان بە جیهان ناسێندرایەوە**

**پێشمەرگە بووەتە وێردی سەر زاری هەموو جیهان و هەموو بە ڕێز و تەقدیرەوە باسی قارەمانیەتی پێشمەرگە دەکەن، لەمەش گرنگتر بوونی جەنابی سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی شەڕ وەرەیەکی بەرزە بۆ پێشمەرگە**

تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستانیشە، بۆ هەموومان گرنگە دەستوورێکمان هەبێت و لەناو ئەم دەستوورەدا کیانی نەتەوەییمان پارێزراو بێت. ئەگەر لە روانگەی تورکمانەوە سەیری بایەخی ئەم دەستوورەی کوردستان بکەین، دیارە لە سەردەمی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقدا لە هیچ دیکۆمێنتێکدا ناوی تورکمان بوونی نەبووە، بەڵام ئێستا لەم دەستوورەی کوردستاندا تورکمان وەك نەتەوە بوونی بەرجەستە کراوە، بۆیە ئێمە وەك نەتەوەی تورکمان ئەم دەستوورە بە گرنگ دەزانین و هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە کار بۆ ئەوەی ئەم دستوورە بخرێتە دەنگدان و گەلی کوردستان پەسەندی بکات و کاری پێبکرێت.

*** وەك ئەندامی لیژنەوەی نووسینەوەی دەستوور ئاگاداری وردەکاری ئەم پرۆسەیەت و دەشزانی ئەم پرۆژەیە هەموو رێکارە یاساییەکانی خۆی تەواو کردووە و ئامادەبووە بۆ ئەوەی بخرێتە راپرسییەوە، ئەگەر ئەم پرۆژە دەستوورە بخرایەتە راپرسییەوە، ئایا دواتر نەدەتوانرا ئەگەر پێویست بوایە هەندێك بڕگەی هەموار بکەنەوە؟**

- ئێمە وەك لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان ماوەی دووساڵ زیاتر لەسەر ئەم پرۆژەی دەستوورە کارمان کردووە، ئەم پرۆژەیە هەموو قۆناخە یاساییەکانی خۆی تەواو کردووە و لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دراوە بۆ ئەوەی بخرێتە راپرسییەوە، ئەوەی لای من جێگەی پرسیارە ئەوەیە، نازانم چۆن ئێستا باس لە گەڕانەوەی ئەم دەستوورە دەکرێت و داوادەکرێت پێش پەسەندکردنی هەموار بکرێتەوە؟ ئەم پرسە پێویستە بە یاسا بکرێت، دەبێت یاساناسان بە رێگەی گرێدانی کۆڕ و کۆنفرانس ئەم پرسە بۆ خەڵکی کوردستان روون بکەنەوە، پرسیارێکی دیکە ئەوەیە: ئایا کێ ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە ئەو دەستوورە دووبارە هەموار بکاتەوە؟ ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو لیژنەیەی بۆ نووسینەوەی دەستوور کاتی خۆی پێکهات، لەلایەن پەرلەمانەوە بە هەڵبژاردن پێکهاتووە و من وەك نوێنەری تورکمان تیا بەشداربووم و نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی دیکەشی تێدا بووە، ئەو لیژنەیە کارەکانی خۆی تەواو کردووە و کۆتایی هاتووە، جارێکی دیکە ئەو لیژنەیە ناتوانێت پێداچوونەوەی بۆ بکات، یان دەستوورەکە هەموار بکاتەوە، بۆیە گرنگە یاساناسان ئەم پرسە بۆ خەڵکی کوردستان یەکلایی بکەنەوە و روونی بکەنەوە چۆن ئەو کارە دەکەن، بۆیە ئەگەر دەستوور بگەڕێتەوە، دەبێت پەرلەمان یاسایەکی نوێ دەربکات و سەرلەنوێ لیژنەی نووسینەوەی دەستوور هەڵبژێرێتەوە، من بەش بەحاڵی خۆم رێگەیەکی یاسایی ئەوتۆ شك نابەم بە ئاسانی بتواندرێت ئەو دەستوورە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و سەرلەنوێ هەموار بکرێتەوە. بۆیە زۆر گرنگە ئەم پرۆژە دەستوورەی ئێستا وەك خۆی بخرایەتە دەنگدانەوە، پاش ئەوەی گەل پەسەندی دەکرد و دەکەوتە واری جێبەجێکردن، ئەگەر لەهەر بڕگە و ماددەیەکدا رووبەڕووی ئاستەنگ بووینایە، یان ئەو بڕگە و ماددەیە لەگەڵ ئێستا نەگونجابان، دەکرا هەموار بکرایەتەوە و چارەسەر بکرایە.

*** جیا لە ئیشکالیەتی گەڕانەوەی دەستوور، وەك دەبینین ئەم پرسە گرێدراوەتەوە بە پرسی هەڵبژاردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، ئایا ئەم دوو پرسە بۆچی تێکەڵ دەکرێن؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەم دوو پرسە نابێت بۆ بەرژەوەندی و موزایەداتی حزبی تێکەڵی یەکتری بکرێن، مەسەلەی دەستوور پرسێکە و رێوشوێنی یاسایی خۆی هەیە، مەسەلەی هەڵبژاردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش یاسای خۆی هەیە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئێمە تائێستا دەستوورەکەمان نەخراوەتە راپرسی و پەسەند نەکراوە، گرنگە جەخت لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی چ بەڕێزێك ئەو پۆستە بەرێوە دەبات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرۆکایەتی هەرێم دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە نەبوونی دەستوور دروست دەبێت، بۆیە گرێدانی ئەو دوو پرسە پێکەوە شتێکی راست نییە و ئاستەنگ بۆ پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان دروست دەکات، سەبارەت بە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، ئێمە وەك تورکمان بە گشتی و بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان قسەی خۆمان هەیە.

*** قسەی ئێوە لە سەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چییە؟**

- قسەی ئێمە لەسەر کەسایەتی سەرۆك (مسعود بارزانی)یە کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، دیارە بۆ هەموو کەسێك ئەو راستییە روون بۆتەوە کە کەسایەتی سەرۆك بارزانی ئێستا جیهانییە و سنوورەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەی تێپەڕاندووە، لە سایەی دیپلۆماتییەتی بەڕێزیانەوە جارێکی دیکە کوردستان بە جیهان ناسێندرایەوە، لەم شەڕە نەخوازراوەی تیرۆریستانی داعش کە بە سەر کوردستانیان سەپاند، کەسایەتی بارزانی بوو وایکرد هەموو جیهان بێنە سەرخەت و هاوکاری کوردستان بکەن، پێشمەرگە بووەتە وێردی سەر زاری هەموو جیهان و هەموو بە رێز و تەقدیرەوە باسی قارەمانیەتی پێشمەرگە دەکەن، لەمەش گرنگتر بوونی

جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەرەكانی شەڕ ورەیەكی بەرزە بۆ پێشمەرگە، بەخشینی متمانە و دڵنیاییە بۆ هەموو پێكهاتەكانی كوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، ئەو دڵنیایی و متمانەیە لە مێژووی (بارزانی نەمر و خەباتی سەرۆك بارزانی)یەوە سەرچاوەی گرتووە، شكۆی ئەم مێژووە بەو جۆرە تۆمار كراوە، كە نابێت زوڵم لە كەس بكرێت و ناشبێت زۆڵم و زۆرداری لە كەس قبووڵ بكرێت، دیارە بە درێژایی ئەم مێژووەش سەرۆك بارزانی چۆكی بۆ هیچ زوڵم و زۆرێك دانەداوە، هەتا ئەویش سەرۆكی هەرێمی كوردستان بێت، كوردستان لە دەستێكی ئەمیندا دەبێت. بۆ ئێستاش بۆ ئەوەی هەموومان دڵنیا بین كوردستان بەرەو كۆی هەنگاو هەڵدەگرێت و لە ئایندە چیمان بەسەر دێت، بۆ ئەوەی خەڵكی كوردستان بە دڵنیاییەوە بگەنە كەناری ئارامی، بێگومان دەبێت سەركردەیەكی كاریزمای گەورەمان هەبێت، ئەو سەركردە كاریزماییە گەورەیەش لە كوردستاندا تەنها خۆی لە جەنابی سەرۆك (مسعود بارزانی)دا دەبینێتەوە.

*** ئێوە وەك نەتەوەی توركمان تاچەند لە ژێرسایەی حوكمڕانی سەرۆك بارزانی بە مافەكانی خۆتان شادبوون؟**

- ئێمە بە تەجرەبە قسە دەكەین، بۆیە كاتێك دەڵێین بوونی سەرۆك مسعود بارزانی جێگەی دڵنیاییە بۆ هەموو نەتەوە و ئایینەكانی كوردستان، هەروا لە خۆڕا وا ناڵێین، هەر بۆ نموونە ئێمەی توركمان تا رادەیەكی زۆر لە ژێر سایەی سەرۆك بارزانی بە هەموو مافەكانی خۆمان شادبووین، راستە ١٠٠٪ نییە، لەبەر ئەوەی كوردیش ١٠٠٪ بە مافەكانی خۆی نەگەیشتووە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو ئازادییە بكەین كە ئێستا توركمان بە ئاشكرا چالاكی سیاسی و نەتەوەیی خۆی ئەنجامدەدا و لەناو پایتەختی كوردستاندا حزبە توركمانییەكان بارەگای خۆیان هەیە، ئەمە لە سەردەمی حكومەتەكانی پێشووی عێراقدا كوفر و تاوان بووە، بۆیە ئێمە ئێستا زۆر ئازادانە و بە شێوەیەكی دیموكراتی داوای مافی خۆمان لە حكومەت و پەرلەمانی كوردستان دەكەین، ئەمانەش هەمووی لە ژێر چەتری سەركردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی بووە، لایەنێكی دیكە كە دەمەوێت ئاماژەی پێبكەم، ئەوەیە هەرێمی كوردستان لە سایەی سەركردایەتی لۆژیكییانەی بەڕێزیاندا گەیشتۆتە ئاستێك مەزندە ناكرێت، هەر بۆ نموونە شاندی یەكێك لە وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كە شاندی وەزارەتی پێشمەرگەیە لەو ماوەیەدا سەردانی فەڕەنسای كرد، ئەم شاندە لەلایەن فرانسۆ هۆلاندی سەرۆكی فەڕەنسا لە كۆشكی ئەلیزی پێشوازییان لێكراوە، ئەمە لە كاتێكدا فەڕەنسا یەكێكە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەكەی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمە ئەگەر پێشتریش روویدابێت، زۆر دەگمەنە، لەبەر ئەوەی هەرێمی كوردستان بەشێكە لە عێراق و هەرێمێكی فیدراڵییە و شاندێكی ئەم حكومەتە چۆتە فەڕەنسا و لەو ئاستە پێشوازی دەكرێت، دیارە ئەمە هەروا لە خۆڕا دروست نەبووە و بەرهەمی دیپلۆماتییەت و شكۆی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی جیهان دەردەخات، هەروەها ئەو هەموو كونسوڵخانە جیهانییە لە هەولێر كراونەتەوە و كوردستانی كردووە بە رووگەی نوێنەرایەتی هەموو دەوڵەتانی ئازادیخواز و دیموكراتی لە جیهاندا، ئەمانە هەمووی لە سایەی سەركردایەتی حەكیمانەی سەرۆك بارزانی هاتوونە ئاراوە. هەر بۆیەش چۆن لە رابردوو پێویستمان بە كەسایەتی و شكۆی سەرۆك مسعود بارزانی بووە، بۆ ئێستا و بۆ ئایندەش پێویستمان پێیەتی.

*** بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە، ئایا پێویستە حزب و لایەنە سیاسییەكان و تەواوی پێكهاتە ئایینی و نەتەوەییەكانی كوردستان هەست بە چ بەرپرسیارێتییەك بكەن؟**

- دیارە ئەو قۆناخەی ئێستا كوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، قۆناخێكی هەستیار و پڕ هەڕەشە و مەترسییە، هەڕەشە و مەترسییەكانیش لەسەر تاك بە تاكی كوردستانە و وەك ئەوەیە هەموومان لەناو یەك كەشتیدا بین، بۆیە ئامانجی هەموو لایەكمان لە ئێستا دەبێت ئەوە بێت ئەم كەشتییە بە ئارامی و سەلامەتی بگاتە كەناری دڵنیایی، بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە من زۆر جار ئەوەم گوتووە، كە لە ئێستا كوردستان وەك یەك مرۆڤ وایە، سەرۆك بارزانی سەری ئەم مرۆڤەیە، بۆیە ئەگەر لەم قۆناخەدا سەرۆك بارزانی لە پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان نەبێت، كوردستان وەك لاشەیەكی بێ سەر دەبێت، مێژووی هەموو نەتەوەكانی جیهانیش ئەوەیان سەلماندووە لە قۆناخە هەستیارەكاندا نەبوونی سەرێك كە هەمووان پێكەوە كۆبكاتەوە، چ ئاژاوە و پاشاگەردانییەك دروست دەبێت، لە ئێستا ناحەزانی كوردستان دەیانەوێت كە ئەو بارودۆخەی كوردستان تێكبچێت و پێیان خۆشە كە سەرۆك بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان نەبێت، بەداخەوە هەندێك لایەنی سیاسیش بۆ بەرژەوەندی بەرتەسكی حزبایەتی لەسەر ئەو نەزمە كار دەكەن بۆ ئەوەی هەندێك دەسكەوتی سیاسی بە دەست بهێنن، بەڵام ئەو لایەنە پێش هەموو لایەكی دیكە دەزانێت، نەبوونی سەرێك كە بتوانێت هەمووان كۆبكاتەوە، ئاكامەكەی چی دەبێت.

**دەستوور بۆ هەموو نەتەوە و ئایینەكان و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەكانی كوردستانە، بۆیە پرسی دەستوور نە دەكرێت موزایەدانی سیاسی لەسەر بكرێت، نە دەكرێت سازشیشی لەسەر بكرێت**

**ئەگەر دەستوورمان هەبوایە دەمانتوانی لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە هەنگاوی زیاتر بۆ ئایندە هەڵبگرین، هەر بۆ نموونە هەنگاومان هەڵدەگرت بۆ كۆنفیدراڵی، یان راپرسی و سەربەخۆیی كوردستان**

**نەك هەر كاتی ئەوە هاتووە كوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت، بەڵكو كاتەكەشی درەنگ بووە و دەبوو زۆر زووتر راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوورەكە بكرایە و ئێستا ئەم دەستوورە كاری پێبكرایە**

# جەدەلی حوکمڕانی لە کوردستاندا



د.چنار سەعد عەبدوڵڵا

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

ئەو ڕۆژانە پرسەکانی تازەکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم، دەرچوونی دەستووری هەرێمی کوردستان و میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم (بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا لەناو پەرلەمان) بابەتی گەرمی گفتوگۆکانی ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری و میدیایی کوردستانن. ئامانجی سەرەکیی گفتوگۆکان خۆی لە بنەڕەتدا مەرجە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە کە چۆن هەرێمی کوردستان لە ئەنجامدا ببێتە خاوەن دەستوورێکی تایبەت بەخۆی کە چوارچێوەیەکی تەندروست بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی سیاسی، یاسایی و ئیداری دابنێت، چارەسەرێکیش بێ بۆ کۆمەڵێك لەو کێشانەی کە لە نەبوونی دەستووردا بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە. کەچی لە ناوەڕۆکی زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا و شاراوە لە نێوان کەس و لایەنە سیاسییەکان ئەنجامدەدرێ، ئەو مەبەستەی لێ ناخوێندرێتەوە. زاڵبوونی فکری حزبایەتیی بەرتەسك و بەرژەوەندیخوازی گرووپی بەسەر جەدەلەکاندا بەشێوەیەکی گشتی ئاڕاستەی گفتوگۆکانی بە سەر دوو سەنگەری جیاوازدا بەشکردووە. سەنگەرێك کۆی گفتوگۆکانی لەوە کورتکردۆتەوە کە نابێ سەرۆك بارزانی چیتر ویلایەتی بۆ درێژبکرێتەوە، لەبەرامبەریشدا سەنگەری دووەم پێداگیری دەکات، کە بۆ ئەمڕۆ سەرۆك بارزانی باشترین هەڵبژاردنە ئەو بەرپرسیاریەتییە لەئەستۆ بگرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە مەرجە پرسی مانەوەی سەرۆك بارزانی بەشێك بێت لە گفتوگۆکان نەك هەمووی .

هەر چەندە بابەتەکانی (چارەنووسی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم، پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، میکانزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم) بابەتی بەیەکەوە بەستراون، بەڵام هەر یەکە بەجیاواز لەوەی دی دەکرێ بەشێوەیەکی بابەتی و دوور لە حەساسییەت و ململانێی تەسکی حزبی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بۆ ئەوەی لە کاتی بڕیاردان تووشی هەڵە نەبین.

بابەتی (هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە یان لە ناو پەرلەمان) یەکێك لەو تەوەرە هەستیار و سەرنجڕاکێشەکانەیە کە لەمیانی ئەو وتارەدا وەك دروستکردنی نەریتێك، هەوڵدەدەم دوور لە حەساسییەتی حزبی چەند سەرنجێکی لەسەر بدەم.

سیستمەکانی (پەرلەمانی)، (سەرۆکایەتی) و (تێکەڵاو)، هەروەها بابەتی هەڵبژاردنی سەرۆك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە، یان لەناو پەرلەمان، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا زۆرترین جەدەل و دژەبۆچوونی لەسەر دروستبووە، نموونەی کۆمەڵێك شێوازی حوکمڕانین کە لە وڵاتانی جیهان ئەزموونکراوە. کە ڕەنگە هەر یەك لەو شێوازانە، نموونەی سەرکەوتوو، یا شکستخواردوویان هەبێت .

بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو جەدەلە سیاسییەی کە لەو بارەیەوە دروستبووە، پێویستە بەر لەهەموو شتێك سەرنج بدەینە واقعی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلۆتیکی ئەمڕۆی کوردستان، پاشان پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین کە کام نموونە لە شێوازەکانی حوکمڕنی لەوانیتر بۆ ئەمڕۆی کوردستان گونجاوترە و بۆچی؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چەندخاڵەی خوارەوە:

١. وێڕای ئەوەی کە ٢٤ ساڵ بەسەر تەمەنی حوکمڕانیی خۆجێیی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕدەبێت، وێڕای دامەزراندنی پەرلەمان و هەبوونی دامودەزگاکانی بەڕێوەبرن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ڕێگەی هەڵبژاردن و هاتنە ئارای چەندین گۆڕانکاری ئەرێنی لە بوارەکانی بووژاندنەوەی زۆر لە شار و لادێکانی کوردستان و بەهێزبوونی پەیوەندی دیپلۆماسی و بازرگانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بە بەراورد لەگەڵ پێشووتر، هەبوونی ئارامی و ئاسایش لەو هەرێمە کە هەمیشە شانازی پێوەدەکەین، کەچی تاکو ئەمڕۆ بنیادی حوکمڕانی لە کوردستاندا ئەوەندە پتەو و ڕێکخراو نییە کە فۆرمی بە دامەزراوە بوونی وەرگرتبێت. هەر بۆیە ئاڕاستەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، لەهەندێك دۆخدا مەد و جەزری تێدەکەوێت.

٢. ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان پاش تێپەڕبوونی ئەو

تەمەنەی (بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی)، نەیتوانیوە وەك پێویست کۆمەڵگەی کوردستان لە کۆمەڵگەیەکی نەریتییەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و هەڵگری فەرهەنگێکی جیاوازتر. تاکو ئێستا لە کوردستاندا کەسایەتی، حزبی سیاسی، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی کەسایەتییەکان، هەیمەنەیان بەسەر دامەزراوەکانی حکومەتدا هەیە. کاریگەری ئەو مەراجعانە بە سەر کۆمەڵگەی کوردستان ئەوەندە بەهێزە هەم دروستکەری بڕیارن، هەمیش دەتوانن مایەی جێگیری و ئارامی یاخود بەپێچەوانەوە مایەی پشێوی و ناجێگیری بن، کە ئەزموونی قۆناغەکانی پێشوو ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێن.

٣. لەواقعی ژیانی سیاسی وئیداری ئەمڕۆی کوردستاندا ئەو ڕاستییە دەخوێندرێتەوە کە ئەوە تەنها حکومەت نییە گرفتی بە دامەزراوەبوونی هەیە، بەڵکو لەبنەڕەتدا سەرچاوەی ئەو کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی، یاخود غیابی (سیستم) لە شێوازی کاری حزبایەتی لە کوردستاندا، لە ناو حزبە سیاسییەکانیشدا، لە زۆربەی کاتدا ئەوە سەرکردە کاریزما و کەسایەتییەکانن کە کۆکەرەوە و هێز وتوانایی و تەنانەت پێگەی جەماوەریش بۆ پارتەکان دروستدەکەن. لەغیابی ئەو مراجعانە وەك هێزی کۆکەرەوە، ئەو حزبانە زۆرجار تووشی ململانێی ناوخۆیی و فەوزای بڕیاردان و پەرتەوازەبوون و پووکانەوە دێن. سەبارەت بەو ڕاستییە نموونەی مێژوویی و هەنووکەیی لە بەردەستدان.

٤. بەو هۆیەی کە کوردستان لە سەدەکانی پێشووتریشدا دامەزراوەی بەهێزی خۆبەڕێوەبردنی سەربەخۆی نەبووە، بەڵکو بە سەر خێڵ یاخود ئیمارەتەکان دابەش ببوون، ئەو فرە مەرجەعییە هەمیشە لەلایەن حوکمڕانەکانی ناوچەکە دەقۆزرایەوە بۆ ئەوەی دەست لەکاروبارەکانی ناوخۆی کوردستان وەربدەن و بەگژ یەکیاندا بکەن. دەسەڵاتدارانی ناوچەکە هەرکاتێك هەستیان کردبێت بەرژەوەندییەکانیان هەڕەشەی لەسەرە، هەوڵیانداوە گەلی کورد سەرکوت یا لەناو ببەن. ئەزموونی حوکمڕانیی عێراق پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هەیمەنەی تەوژمی شیعەگەری بەسەر ئەو وڵاتە و دۆخی هەرێمی کوردستان پاش شەڕی داعش و جیاوازیی خیتابی سیاسی حزبە سیاسییەکان لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان و دابەشبوونی هاوسۆزی ناوخۆیی بە سەر دوو سەنگەرە جیاوازەکەی شیعە و سوننە، جارێکیتر زەمینەی بۆ دەستوەردانی دەرەکی خۆشکردووە و بۆتە هۆی لاوازکردن و شێواندنی ناوماڵی کورد.

کەواتە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە کە هەندێك دیوی واقعی ژیانی سیاسی، ئیداری و کۆمەڵایەتی کوردستان پیشان دەدات، و بەشێکیشە لەو واقیعەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێیدا دەژین، پێویستە چ بڕیارێك بدەین؟

دۆخی ئەمڕۆی کوردستان پێویستی بە هەبوونی سەرۆکێکی بەهێزە کە ببێتە ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی گشت هێزە سیاسییەکانی کوردستان، و تاکە ناوەندی مامەڵەکردنی سیاسی وڵاتان لە گەڵیدا، نەك سوئستیفادە کردن لە فرە مەرجەعی و ڕێگە خۆشکردن بۆ دەستوەردان. هێزی سەرۆکی هەرێمیش پێویستە لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە بێت لەلایەن گەلەوە، نەك پەرلەمان. ڕەنگ بێ لایەنگرانی سیستمی پەرلەمانی لەو ڕوانگەیەوە پێداگیری لەو شێوازە بکەن کە لەو حاڵەتەدا پەرلەمان وەك دەسەڵاتی باڵاتر دەتوانێ چاودێری و بەدواداچوون بۆ کارەکانی سەرۆکی هەرێم بکات و چوارچێوەی دەسەڵاتی سنووردار بکات، بەڵام ئایا لە ئەمڕۆدا کوردستان پێویستی بە سەرۆکێکی بەهێز نییە؟ ئەگەر جارێکیتر بگەڕێینەوە بۆ واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ ئەو قۆناغەی کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێ، سلبیاتی زۆرتری هەیە لە ئیجابیاتی، لەبەر چەند هۆکارێك:

یەکەم: بە شێوەیەکی سروشتی دوای هەڵبژاردنەکان پرۆسەی دانوستان لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و بەتایبەتی هاوپەیمانەکان دەست پێ دەکات، کە ڕەنگبێ بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ڕەزامەندی لایەنەکان، ئەو پرۆسەیە چەند مانگ تا ساڵێك یا زیاتریش بخایەنێ (زیندووترین نموونە، دواکەوتنی پێکهاتنی کابینەی هەشتەم و پاشان دەستبەکاربوونی پارێزگاری سلێمانی بوو). بەو مانایەی کە ئەگەری ئەوە بە دەستەوە دەدەین کە هەرێم بۆ ماوەیەکی زۆر بە بێسەرۆك بمێنێتەوە، کە مەرجەعی شەرعی سیاسی وڵاتە، کە ئەوە بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی کوردستاندا نییە؟.

دووەم: کاتێك دەسەڵاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە هاووڵاتیان دەسەندرێتەوە و دەدرێتە پەرلەمان ، ئەوە بەو مانایەیە کە نەك هەر دیاریکردنی کەسی شیاو بۆ ئەو پۆستە هەستیارە دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی دانوستان و گفتوگۆی دووقۆڵی و چەندقۆڵی لایەنە سیاسییەکانەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەرگا دەکرێتەوە بۆ بەهێزبوونی هەژموون و دەسەڵاتی وڵاتانی ناوچەکە بە سەر هەرێمدا، لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەی کە زۆرێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ کاریگەری هێز و وڵاتانی دەرەکییان بەسەرەوە هەیە. ئەو کاتە لە دیاری کردنی سەرۆکی هەرێمدا هاوشێوەی هەر دوو پۆستەکانی سەرۆکایەتی کۆمار وسەرۆکی وەزیران لە عێراق، ئەوەندەی وڵاتانی هەرێمی و هاوکێشە سیاسییەکان بڕیاری یەکلاکەرەوەیان دەبێ، ڕەزامەندی و ویستی میللەت زۆر بایەخی پێ نادرێت.

٥. لە ئەمڕۆی کوردستاندا ڕاستییەکی تر هەیە کە دەبێ لە یاد نەکرێ ئەویش ئەوەیە کە لە زۆربەی کاری سیاسی و ئیداری و حوکمڕانیدا ئەوە کەسەکانن کە هێز بە پۆست و پێگەکان دەبەخشن، نەك بەپێچەوانەوە. ڕەنگبێ بەپێی یاسا هەموو کەسێك بۆی هەبێت مومارەسەی هەر پۆستێك بکات، بەڵام کەمن ئەو کەسایەتییانەی بتوانن لەسەر ئاستی دەرەکی و ناوخۆیی هێز و قورسایی ئەوەندەیان هەبێت لە ئیدارەدانی ئەو دۆخە سەخت و قەیراناوییەی کە هەرێم و ناوچەکە تێی کەوتووە.

لە ئەمڕۆدا کوردستان لە هەر کاتێکی تر زیاتر پێویستی بە سەرۆکێکی بەهێزە کە بتوانێ کوردستان لەو دۆخە هەستیارە بە سەرکەوتوویی ڕزگار بکات، و بونیادی سیستمێکی دیموکراسی پێشکەوتوو بۆ کوردستانی سەربەخۆ دابمەزرێنێ.

**لە ئەمڕۆدا کوردستان لە هەر کاتێکی تر زیاتر پێویستی بە سەرۆکێکی بەهێزە کە بتوانێ کوردستان لەو دۆخە هەستیارە بە سەرکەوتوویی ڕزگار بکات**

**تاکو ئەمڕۆ بنیادی حوکمڕانی لە کوردستاندا ئەوەندە پتەو و ڕێکخراو نییە کە فۆرمی بە دامەزراوە بوونی وەرگرتبێت. هەر بۆیە ئاڕاستەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، لە هەندێک دۆخدا مەد و جەزری تێدەکەوێت**

# کوردستانی باشوور بەرەو کوێ؟



ئەبوبەکر عەلی

قسەکردن لە سـەر ئاینده لەم دۆخە هەستیارەی ناوچەکەدا، جگـە لەوەی قورسـە و هۆشـیاری و بەدواداچوونی ورد دەخوازێت، لێپرسـراوی گرتنە ئەستۆشـی دەوێت. چونکە نەتەوەکەمان لەم بەشەی نیشمانەکەماندا، لەبەردەم سەرەپێچ و وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەدایە. کیشەکانی قۆناغی رابردوو، سروشتی قۆناغەکەو ئەرك و مەیدان خوازییەکانی و هاوکات بوونی ئەرکە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانیش، ئەرکی سەرشانی سـەرکردە سیاسـییەکان و غەمخۆرانی ئایندەی کوردستانی باشووری هێندەی تر گران کردووە. دەمەوێت بڵێم بە ئەندازەی گەورەیی شـانس و دەرفەتەکان و هەڕەشەکان، ئەرکەکانیش گەورەن، مەبەسـتم لە ئەرکیش وەك لە ئاماژە رواڵەتەکانیەوە دەردەکەوێت، تەنها روبەڕووبوونەوەی مەترسی و هەڕەشەکان نییە، بەڵکو توانای قۆستنەوەی دەرفەتەکان و، سەرمایە گوزاری سیاسیشە لە هەلە مێژووییەکاندا.

چونکـە (خێڵ)یش کاتـێ بنەماڵەکانی لە نێـو خۆیاندا دەسـتیان دەچێتە خوینی یەکتر و دوژمنایەتییان لە نێواندا سـەر هەڵدەدات، لە کاتی بوونی هێرشـێ بۆ سەر تێکڕای خێڵەکە لەلایەن خێڵێك، یاخود چەند خێڵێکی ترەوە، چاوپۆشی لە دوژمنایەتـی نێو خۆیان دەکەن و، بـە یەکگرتوویی بە گـژ دوژمنە دەرەکییەکەدا دەچنەوە و، تا کۆتایی شـەڕ و پەلامار و هێرشـەکە، کیشەکانی نێوانیان سڕ دەکەن و، دەبن بە هاوسەنگەر. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بوونی هەڕەشەیەکی وەکو داعش ئێمەی تا رادەیەك یەکخستبێت، لەگەڵ گرنگیدا، زۆر لامـان گەورە نەبێت، چونکە عەقڵـی خێڵیش توانای یەکگرتوویی لە بەرامبەر هەڕەشـەی دەرەکیدا هەیە. بەڵکو ئەوەی لەم رووەوە بۆ گەلی کوردسـتانی باشوور گرنگە دوو شتە:

(أ) بە یەکگرتوویی مانەوەی هێز و سیاسـەت و ستراتیژ و داوا و دروشـم و ریزەکانە لە پاش شەڕی داعش و قۆناغی وەبەرهێنانی سیاسی دوای کۆتایی هێنانی شەڕەکە. چونکە قۆناغی دوای شـەڕ مەیدانـی تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و لە هەمان کاتدا هەسـتیارە بـۆ تۆکمەیی نێوخۆیی و بە یەکگرتوویی مانەوەی هێزەکان و دید و هەڵسـەنگاندنەکان و دروشـم و میکانیزمەکانی داواکارییەکان و بوون و نەبوون و قەوارەی هەڕەشە نوێکانی ئەو قۆناغە، لە سۆنگەی گۆڕان لە سەرچاوەی مەترسییەکان و ریزبەندییە سیاسییە پێشبینی و گریمانە کراوەکان.

هەر بۆیە رێککەوتن لەسەر جۆری بەڕێوە بردنی ململانێ و دۆخەکان لەو کاتەدا هەتا بڵێی پێویستە.

(ب) یەکخسـتنەوەی کردەوەیی هێزەکان، بەڵکو تێپەڕاندنی چەمکی یەکخسـتنەوە و دووبارە بیناکردنەوەی لەشکرێکی کوردسـتانی هاوچەرخ و نیشـتمانی نوێـی وا کە توانای ئەنجامدانی ئەرکە سیاسـی و سـەربازییەکانی لە قۆناغی داهاتوودا هەبێت، هێزێك کە (ولاء)ی تەنها و تەنها بۆ نیشتمان و حکومەت هەبێت و، لە سەروی ململانێ سیاسییەکانەوە بێت و، لە دەستوەردان لە کاروباری سیاسی بەدوور بێت و، هێزی هەموان بێتو، دەرگای بە رووی هەموانیشـدا کراوە بێت. مەبەسـتم لە رۆڵی سیاسیی هێزەکەش بەشداریکردنیەتی لە خەملاندنی ناسنامەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی یەکگرتوو، لە رێی دوورکەوتنەوەی لە حزبایەتی و ململانێکان و گۆڕانی بە یەکێ لە دەزگا نیشتمانییە گرنگەکان و، ئامادەکردنی بۆ سەروبەندی جاڕدانی سەربەخۆیی.

لەم پێشـەکییەوە مەبەستم بوو بڵێم هێندەی لە خەمی ئەوەدا بین کە پرسیار لەوە بکەین کە کوردستانی باشوور بەرەو کوێ دەڕوات، دەبێت پرسیار و خەم و پەرۆشی سەرەکیمان ئەوە بێت کە ئێمە وەك هێزە سیاسـییەکان و سـەرکردەکان و کۆمەڵگە دەمانەوێت بەرەو کوێی بەرین؟

چونکە لەمڕۆدا بەهۆی واقیعی هەرێمی کوردستان و توانا ئابووری و سیاسـی و سەربازییە خودییەکانمان و گۆڕانمان بە کاراکتەرێکی سیاسی و سـەربازی ناوچەکە، خۆمان لە دەرەوەی ئاراستەدان بە رووداوەکان و، چاوەڕوانی ستارگرتنیاندا نین، بەڵکو بەشـدارییان تێدا دەکەین. بەتایبەتیش ئەو بەشە لـە رووداوەکان کە تایبەتن بـە ناوخۆی وڵاتەکەمان و زیاتر بەرەوپێش بردنی دۆزە نەتەوەییەکەی. ئەم جۆرە بیرکردنەوە لەو رووەشەوە گرنگە کە هێز و سەرکردە ساسییەکان و ناوەندەکانی ئاراسـتەکەری رای گشتی لە باشووردا، لێپرسراوێتی بگرنە ئەسـتۆ. چونکە کورد و ناوچەکـەش وەك جاران نەماوە و، هۆکاری خودییەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر دۆخەکەمان هەیە و، تەنانەت ئاسـتی بەهێزبوون و تۆکمەیی نێوخۆیی و ئامادەیی هێزەکان، کار دەکاتە سـەر هۆکارە دەرەکییەکانیش.

**بە ڕێککەوتن لە سەر دەستوور دەکرێت بەشێ لە کێشەی دەسەڵات و میکانیزمەکانی دابینکردنی ڕەوایەتی سیاسی، دەستنیشانکردنی چەسپاوە نیشتمانییەکان چارەسەر بکرێت**

بەڵام تەنها بوونی ئیرادە و خواست و داواکاریش لەم رووەوە بەس نییە، بەڵکو دەبێت داواکاری و ئامانج و بەرکەوتە نەتەوەییەکانی قۆناغەکە و دەستنیشانکردنی سروشتەکەی و شێوازی کاربۆکردنیان و قۆناغبەندییە پێویستەکان، رێکەوتنی لەسەر بکرێت و، لە شێوەی نەخشەرێگەیەکدا ببێتە قیبلەنومای سیاسیی قۆناغی داهاتوو، بۆ ئەوەی هاوڕووگەیی سیاسی، تێکەڵکردنی سەرجەم وزە و توانا نیشتمانییەکان بە دوای خۆیدا بێنێ. بە مەبەستی زۆرترین سوود وەرگرتن لە دەرفەتە بەدیهاتووەکان. نەبوونی ئەم رێککەوتن و نەخشەرێگەیە، جۆرێ لە نیگەرانی و ڕاڕایی لێ دەکەوێتەوە، هێزەکانیش بەرامبەر یەك بەدگومان دەبن، لە سۆنگەی ترسان لە پەراوێزبوون و قۆستنەوەی هەلەکان و پرسە چارەنووسسازە نەتەوەییەکان بە قازانجی گرووپی و حزبی، ئەمەش ئەو شتەیە تاکو ئیستا بوونی نییە و، سەریشم سوڕماوە لەوەی بۆچی سەرۆکایەتی هەرێم لەم رووەوە هیچ دەستپێشخەریەك ناکات و، کار لەسەر خەملاندنی ئەو نەخشەرێگەیە و کەمکردنەوەی بەدگومانی و ڕاڕاییەکان و بەرتەسککردنەوەی ئەو کەلەبەر و هەستە ناوەکییانە ناکات، کە دەشێت هەندێ هێزی هەرێمی لێیانەوە دژایەتی خواستە مەزنەکانی ئێمە لە سەربەخۆیی و دووبارە خۆبنیادنانەوەمان بکەن؟

دەستنیشانکردنی ئەوەی ئێمە لەم قۆناغەدا چیمان دەوێت و چۆن و بە چ شێوەیەك کار بۆ بەدیهێنانیان دەکەین، رووداندنی ئەو هەستەش کە هەرچی بەدی بێت بەرهەمی خەبات و رەنجی هاوبەش دەبێت و هەمووان شانازی پێوە دەکەن، گرنگی بنەڕەتی هەیە، بۆ وێناکردنی ئەو ئایندەی بۆ خۆمان و وڵات و گەلەکەمان دەوێت.

چونکە چی دەکەین و چۆن دەکەین و وێنامان بۆ قۆناغەکە و ئایندە چۆنە، یارمەتیدەری گەورە دەبێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ئایندە و ئاراستەکردنی رووداوەکانی بە ئاقاری نزیکبوونەوەی لە وێنا و دۆخی دڵخوازی خۆمان.

لە روویەکی ترەوە تێگەیشتن لە هاوتەریب بوونی ئەرکە نەتەوەیی و دیموکراسییەکان لەم قۆناغەدا لە باریدایە، رێگە بۆ ئێمە کورت بکاتەوە و، تێگەیشتنەکان لە یەکتر نزیك بکاتەوە و، رێککەوتنی نێوان هێزەکانیش لەسەر کۆی پرسە گرنگەکان و خەباتی ناوخۆیی ئاسانتر بکات.

مەبەستمە بڵێم گەر هێزێك بەو ئاقارەدا کار بکات کە پێویستە هەوڵەکان لە مەسەلە نەتەوەییەکەدا چڕ بکرێتەوە و، بە دیموکراتیزەکردنی ژیانی سیاسی و، چاکسازییەکی راستەقینە بۆ کاتێکی تر دوابخرێت و، یەکێکی تر بەپێچەوانەوە، ئامانجی هەرە لە پێشینەی بکات بە پرسە ناوخۆییەکان و هاوپشتیوانی و چارەنووسی لە مەسەلە نەتەوەییەکە بەوە دابنێت، دەرژێتە خانەی بەرژەوەندی ئەو هێزانەی لە رابردوودا گەندەڵییان ئەنجام داوە و، دەسەڵاتیان خراپ بەکار هێناوە، تووشی سەرلێشواوی و شڵەژانێکی گەورەمان دەکات و، پەرتەوازەیی و لێکترازانی بەرەی ناوخۆ و لاوازبوونی چوارچێوە هاوبەشەکانی کارکردنی بەدوادا دێت، هەر بۆیە رێککەوتن لەسەر بەرکەوتەکانی قۆناغەکە نابێت تەنها بە مەسەلە نەتەوەییەکەوە پەیوەست بێت، بەڵکو دەبێت رێککەوتنێك بێت پرسە نێوخۆییەکان و لەوانەش پرسی چاکسازی و بە دامەزراوەیی کردن لە خۆ بگرێت، چونکە بە هاوتەریب سەیرکردنی ئەم دوو رەهەندەی ئەرك و خەباتی سیاسیمان لەم قۆناغەدا، هاوسەنگی بە جوڵە و هێزە نیشتمانییەکانمان دەبەخشێت، رێککەوتن لەسەر رەشنووس و تێپەڕاندنی (دەستوور)یش بەشێ لە کێشەکانمان لە کۆڵ دەکاتەوە و، سنووری دەسەڵاتەکان و ماف و ئەرکەکان روونتر و چوارچێوەدارتر دەبن. بە رێککەوتن لە سەر دەستوور دەکرێت بەشێ لە کێشەی دەسەڵات و میکانیزمەکانی دابینکردنی رەوایەتی سیاسی، دەستنیشانکردنی چەسپاوە نیشتمانییەکان چارەسەر بکرێت.


لە بەرەنجامی ئەوەی لە پێشەوە وتمان، دەتوانین بڵێین: باشووری کوردستان لە بەردەم سیناریۆی جیاوازدایە، دەکرێت خوانەخواستە، لە دوای تەواوبوونی شەڕی (داعش)ەوە، یەکێتی نێوخۆیی زەبری زیاتری بەرکەوێت و، دەستێوەردانی دەرەکی زیاتر بێت و، یەکپارچەیی هەرێم بکەوێتە بەردەم مەترسییەوە، هەروەها مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم ببێت بە سەرچاوەی کێشە و مەسەلەکە بە راگەیاندنی باری لەناکاو و دۆخی نائاسایی و نەخوازراو کۆتایی بێت و، ژیانی سیاسیش دووچاری جۆرێ لە داخران بێت.

بەڵام لە هەمان کاتدا سیناریۆیەکی ترمان لەبەر دەمدایە کە ئەویش رێککەوتنە لەسەر دەستوور و سازانی نیشتمانی لەسەر پرسی راپرسی و مافی چارەنووس و یەکلایی کردنەوەی سنوور و زەمینەساز کردن بۆ سەربەخۆ بوون و دروستکردنی دەوڵەت و خەملاندنی نەخشەرێگەیەك بۆ چاکسازی نێوخۆیی و روونی و دووبارە بیناکردنەوەی سیستم و کۆتایی هێنان بە رواڵەت و پاشماوەکانی قۆناغی پێشوو. ئەوەی سیناریۆیەکیش بەسەر ئەوی دیدا زاڵ دەکات، بە پلەی یەکەم ئیرادە و دڵسۆزی و یەکگرتوویی و گیانی لێپرسراوێتی سەرکردە و هێزە سیاسییەکان و خۆمانین، گەر خۆمان هەبین، نەتەوەییانە مامەڵە بکەین و، فۆرمە حزبییەکان نەکەین بە سەنتەر و بەربەست لە بەردەم بەرزبوونەوەی سەقفی داخوازی و گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر ململانێ و هەستیارییە کۆنەپەرست و نانەتەوەییە مێژووییەکان تێپەڕێنین، ئەوا ئایندەی کوردستانی باشوور سەرەڕای بوونی کۆسپ و دژواری گریمانەکراو، رووناك دەردەکەوێت، ئاسۆی ئایندەی وڵات مژدەی سەربەخۆیی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری و دیموکراسییەکی فراوانتر و کامڵتر پەخش دەکات.


دەبا هەموومان رێز لە خوێنی شەهیدان و رەنج و قوربانی تا ئاستی جینۆسایدی گەلەکەمان بگرین و بە دڵسۆزی و خاکی بوون و مکوڕبوونمان ئامێزی رۆحمان بۆ ئەو مژدانە بکەینەوە و، ئایندەی کوردستانی باشوور بەرەو ئەوە بەرین کە ئەرکی سەرشانی ناسیونالیزمێکی خاوەن پەیام و سەرکردە و هێزگەلێکی لێپرسراو و گەلێکی خاوەن مافە.

**دەستنیشانکردنی ئەوەی ئێمە لەم قۆناغەدا چیمان دەوێت و چۆن و بە چ شێوەیەک کار بۆ بەدیهێنانیان دەکەین، رووداندنی ئەو هەستەش کە هەرچی بەدی بێت بەرهەمی خەبات و رەنجی هاوبەش دەبێت و هەمووان شانازی پێوە دەکەن، گرنگی بنەڕەتی هەیە، بۆ وێناکردنی ئەو ئایندەی بۆ خۆمان و وڵات و گەلەکەمان دەوێت**

**بە ئەندازەی گەورەیی شانس و دەرفەتەکان و هەڕەشەکان، ئەرکەکانیش گەورەن، مەبەستم لە ئەرکیش وەک لە ئاماژە رواڵەتەکانیەوە دەردەکەوێت، تەنها رووبەڕووبوونەوەی مەترسی و هەڕەشەکان نییە، بەڵکو توانای قۆستنەوەی دەرفەتەکان و، سەرمایە گوزاری سیاسیشە لە هەلە مێژووییەکاندا**



# ئەمریكا نایەوێت شەهادەی وەفاتی عێراق ئیعلان بكات



عێراق خۆی ماوە
تا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی
لەسەر رێكبخرێتەوە؟

« بنیامین ناتانیاهۆ لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل رایگەیاند، هەتا ئەو مابێت رێگە نادات دەوڵەتی فەلەستین دروست بێت، چەند رۆژێک دوای ئەم لێدوانە، گەورەترین هاوپەیمانی عەرەبی لە دوای سالی ١٩٦٧ـەوە دروست بوو، بەڵام ئەمجارەیان نەک دژی ئیسرائیل، بەڵکو دژی حوسییەکان لەیەمەن و دەستڕۆیشتوویی ئێران لەناوچەکە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ململانێ و دژایەتی نێوان شیعە و سوننە چەند لە کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل گەورەترە».



**رۆبەرت ساتلۆف**
بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئامۆژگای واشنتۆن موحازەرەی (تێگەیشتن لە ئاژاوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)
نیسانی ٢٠١٥

### ● وەهمی یەکپارچەیی عێراق لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکادا

واقیعی سیاسیی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو شەڕە هەمەلایەنەی دەستی پێکردووە، لەو نەخشەیە ئاڵۆزترە کە لەناو ئۆفیسەکانی پێنتاگۆن ژەنڕاڵە سەربازییەکان بە راستە ئاماژەی بۆ دەکەن، کێشەی سەرەکی لە ناو واقیعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقدا، بوونی هەیکەلی ئەو دەوڵەتانەیە کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لە بەر رۆشنایی رێککەوتنی (سایکس پیکۆ) کە وەك خەڵات بۆ براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دروستکراون، بەڵام لەسەر نەخشەکەی ناو ئۆفیسەکانی پێنتاگۆن، کێشە و پرسی سەرەکی پاراستنی سنوور و هەیکەلی ئەو دەوڵەتانەیە کە چیدیکە نە دەتوانرێت بپارێزرێن، نە مانەوەشیان خزمەتی سیاسەتی ئێستا و داهاتووی ئەمریکا و جیهان دەکات. ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نیزەکی هەسارەیەك دەچێت کە ئازادانە لە بۆشاییەوە بەرەو زەوی دێت و کەس نازانێت کاتێك دەکەوێتە سەر زەوی چی بەسەر دێت و دەبێت بە چەند پارچەوە، هەروەها ئەو پارچانەی بڵاودەبنەوە کوێی دیکەش دەگرنەوە. لە بەرامبەر ئەم مەترسییە گەورەیەدا کە هیچ هێزێك ناتوانێت رێگەی لێ بگرێت، ناوچەکە بەرەو کولانێکی سەیر دەچێت، وەك رۆبەرت ساتلۆف بەڕێوەبەری ئامۆژگای واشنتۆن ئاماژەی پێکردووە، ئێستا لە جیهاندا و لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە بەرپرسیاریەتی پاراستن ( responsibility to protect) دەکرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر دەوڵەتێك نەتوانێت هاووڵاتیانی خۆی بپارێزێت، یان بووە هەڕەشە بە سەر هاووڵاتیانی خۆیەوە، ئەوا سەروەریی دەوڵەت بوونی نامێنێت و ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە بپارێزێت، بەڵام ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بری ئەوەی باس لە ئەرکی دەوڵەتی مۆدێرن بکرێت، گەڕاونەتەوە و باس لە مۆدێلی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و فاتمی دەکرێت، ئەم ئاماژەیەی ساتلۆف ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە نەك هەر دەوڵەتانی ناوچەکە لاواز و فاشیلن و چیدیکە بە کەڵکی حوکمڕانی و پاراستنی خاك و هاووڵاتیانیان نییە، بەڵکو خەریکە چەند شێوازێکی دیکەی مۆدێلی دەوڵەت دێتە ئاراوە کە هەڕەشە لە دەوڵەتی سایکس پیکۆ دەکات، ئەمەش بەو مانایەی ئەو سیستمەی کە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر دامەزراوە، لە بنەڕەتەوە لە بەریەك هەڵوەشاوە و شتێك نەماوە بتوانێت ئەو سیستمە وەك خۆی بهێڵێتەوە، راشکاوانەتر وەك کوفی ئەنان لە میانەی کۆنفرانسی میونیخ راشکاوانە

قسەکەی گرامشی دووبارە کردەوە «کۆنەکە مردووە و هێشتا تازەکە لەدایك نەبووە»، ئەمەش مانای ئەوەیە چیدیکە ناکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی خۆی بە شتێکەوە ماندوو بکات کە مردووە و جارێکی دیکە زیندوو نابێتەوە، بەڵکو پێویستە هەوڵبدات سیستەمە تازەکە بە شێوەیەکی تەندروست لەدایك بێت. رۆژنامەنووسێکی ناسراوی جیهانیش لەسەر ئەم پرسە بەشێوەیەکی دیکە جەخت لەسەر هەمان ئەو بۆچوونە دەکاتەوە و راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، لە بری ئەوەی ئەمریکا هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە کۆنەکە بپارێزێت، باشترە رۆڵی مامانێکی باش ببینێت بۆ ئەوەی سیستەمە تازەکە بە شێوەیەکی تەندروست لەدایك بێت و ئەم سیستەمە دەوڵەتێك بەرهەم بهێنێت، کە بتوانێت سوپایەك دروست بکات و تیرۆریستان تێکبشکێنێت و سەرۆکێکی هەبێت وەك ماندیلا لێبوردە بێت و بتوانێت دەنگ و رەنگە جیاوازەکان پێکەوە کۆبکاتەوە. ئەو دەوڵەتەی فریدمان داوای دەکات، دەقاودەق هەرێمی کوردستانە کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە، بەڵام گرفتی ئەم دەوڵەتە ئەوەیە کە خاوەنی سەروەری نییە و ئەمریکا لە بری ئەوەی دانی پێدا بنێت، هەوڵدەدات جارێکی دیکە لە پرۆسەی وەهمەکەی خۆیدا بیکاتەوە بە عێراقی، لەکاتێکدا وەك هەموو پسپۆڕان و شارەزایان جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوەی پێی دەگوترێت عێراق، شتێك بوو لە رابردوو، بەرهەمی رووداوێکی سەرەتای سەدەی بیستەم و پاشان ململانێ و کێبڕکێی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بوو، ئێستا دەبێت نەك عێراق، بەڵکو کۆی سیستمی دەوڵەت لە ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و دەوڵەتی دیکەی هاوشێوەی دەوڵەتی کوردستان لەدایك بێت.

## ● پێشمەرگە و دەوڵەتی کوردستان

### دیفاکتۆی یەکەم و دووەم

هەروەك چۆن جڵەوی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدەست دەرچوون و ئەمریکا لە ئاستیاندا هیچی پێناکرێت و هیچ سیاسەت و ستراتیژیەتێکی روونی نییە و هەموو هەوڵی بۆتە ئەوەی هاوسەنگییەك لە نێوان کێشە و ململانێی نێوان سوننە و شیعە رابگرێت، کە ئەمەش بێجگە لە وەهمێك شتێکی دیکە نییە، بەهەمان شێوە بوونی هێزی پێشمەرگە وەك هێزێکی کاریگەر لەسەر زەوی و تێکشکاندنی تیرۆریستان لە سەر دەستی بۆتە دیفاکتۆ، ئەم ئەمری واقیعەی هێزی پێشمەرگە لەسەر زەوی دروستی کردووە، هەنگاو بەرەو دیفاکتۆیەکی دیکە هەڵدەگرێت کە ئەویش لەدایکبوونی دەوڵەتی کوردستانە، ئەمەش نەك بە بڕیارێکی یەکلایەنەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، بەڵکو وەك پێداویستییەك بۆ رێکخستنەوەی هاوکێشە ئاڵۆزەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و راگرتنی بالانسی هێز لە نێوان هەردوو میحوەری کێشەکە کە نوێنەرایەتی سوننە و شیعە دەکەن.

لەم راستەوە ئەگەر سەیری رێککەوتنی (لۆزان)ی نێوان ئەمریکا و ئێران بکەین لەسەر پرسی پرۆژەی نێوکلیاری ئێران، هەست دەکەین عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتانی کەنداو و تەنانەت میسر و ئەردەنیش، هێندەی لە شەڕ بە وەکالەتی شیعە لە یەمەن و بەحرێن و عێراق و سووریا و لوبنان دەترسن، هێندە لەوە ناترسن کە ئێران چەکی نیوکلیاری بەرهەمدەهێنێت، یان بەرهەمی ناهێنێت، هەر ئەمەش وایکرد لە سەروبەندی ئەوەی ئێران و ئەمریکا رێککەوتنەکەیان ئیمزا بکەن، عەرەبستانی سعودیە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەمریکا هێرشی بۆ سەر حوسییەکانی یەمەن دەستپێکرد، هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠١١ و جارێکی دیکە بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سعودیە هێزی نارد بۆ بەحرێن و خۆپیشاندانی شیعەکانی لە وڵاتدا دامرکاندەوە، لەمەش زیاتر ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی رۆبەرت ساتلۆف کە لە پێشەکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە، مەترسیی مەددی شیعی و ئێران لای عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی زۆر لە مەترسیی ئیسرائیل گەورەترە، لەمەش زیاتر لای عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی مەترسیی مەددی شیعە زۆر لە مەترسیی داعش گەورەترە، ئەمە لە کاتێکدا خەلافەتی ئیسلامی داعش راستەوخۆ هەڕەشە لە سەروەریی هەموو دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکانی ناوچەکە دەکات.

لێرەوە ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ سەر شێوازی مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، دیارە ئەمریکا هەتا ئابی ٢٠١٤ کە داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، ئەو ترسەی لە پێشمەرگە هەبوو، ئەگەر ئەم هێزە پڕچەك بکرێت و مەشقی مۆدێرنی پێبکرێت، ئەوا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە ئەمری واقیع، بەڵام دوای ئەوەی داعش هێرشی کرد و چەندین ناوچەی کوردستانی داگیرکرد و، پاشان لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری شەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعش درا و لە ماوەی چەند رۆژێکدا نەك هەر هێرشی تیرۆریستان راگیرا، بەڵکو چەندین ناوچەی گرنگ وەك مەخموور و گوێڕ ئازاد کرانەوە، ئینجا ئیدارەی سەرۆك ئۆباما گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هێزێك بوونی هەیە و دەتوانێت هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و تێکیان بشکێنێت،

**ئەگەر ئەمریکا بە شێوەیەکی تایبەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتی، مەبەستیانە ئەو سنوورە تەقلیدییانەی سایکس پیکۆ وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە ئەو مۆدێلە کۆنەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا حوکمڕانی پێکراوە، کۆتایی بێت و لەناو ئەو سنوورە تەقلیدیانە مۆدێلێکی دیکەی تازەی دەوڵەت سەرلەنوێ بونیاد بنرێتەوە**

**ئەمریکا زۆر پێویستی بە رزگارکردنی موسڵە لە دەستی تیرۆریستانی داعش و هەروەها دوورخستنەوەی نفووزی ئێران لەسەر شیعەکان، هەروەک چۆن لە شەڕی تکریت، ئەمریکا شاڵاوە ئاسمانییەکانی راگرت، بۆ ئەوەی بە عێراقییەکانی بسەلمێنێت، ئەم شەڕە لەگەڵ ئێران سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت**



**واقیعی تازە ئەوەی فەرز کردووە کە بیر لە میکانیزم و شێوازێکی تازە بۆ پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا بکرێتەوە، ئەم شێوازە تازەیە ئەگەرچی بەغدا و واشنتۆن دەیانەوێت لە ناو دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق جێگەی بۆ بکەنەوە، بەڵام ئەمری واقیعە وایکردووە کە تەفسیرێکی تازە و واقیعییانە بۆ دەستووری عێراق بکرێت و جیاوازی و تایبەتمەندی کوردستان بە راشکاوانە لە داهاتووی پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر رەنگبداتەوە**

بڕیاریدا هاوکاری ئاسمانی هێزی پێشمەرگە بکات، لەمەش زیاتر ئیدارەی ئەمریکا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆی بەرامبەر حکومەتی عێراق بکات و هەموو گوشاری خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق لابەرێت و حکومەتێکی تازە پێکبهێندرێت کە بتوانێت کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە گوشاری گەورەی دروستکرد بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق لە بودجەی سەروەریی عێراق بەشی خۆی بۆ دیاری بکرێت، ئەم گۆڕانکارییانە هەمووی لە قوربانیدانی پێشمەرگە و سەرکردایەتی راستەوخۆ و مەیدانی سەرۆك بارزانی بۆ هێزی پێشمەرگە و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بە سەر تیرۆریستاندا سەرچاوەی گرتووە، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی هاوسەنگی هێز گۆڕانکاری بەسەردا بێت و عێراق جارێکی دیکە نەتوانێت بە زمانی هێز هەڕەشە لە کوردستان بکات. بۆیە ئەمە بارودۆخێکی هێنایە ئاراوە کە دەروازەیەك بۆ کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بکرێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئێستاشی لەگەڵدا بێت هاوپەیمانی شیعە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لەو راستییە تێنەگەیشتوون کە هاوسەنگیی هێز گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر هاوسەنگیی هێز رێکیدەخاتەوە، نەك لە بەغداوە نووسراوێك بنێرین بۆ کوردستان و بنووسن: (بڕیارماندا ئەمانە جێبەجێ بکرێن)، دیارە ئەم واقیعە تازەیە و تێگەیشتن لەم واقیعە تازەیە لەلایەن هاوپەیمانی شیعەوە کارێکی هەروا ئاسان نییە و پێویستی بەوەیە بگەنە ئەو قەناعەتەی قۆناخی فیدراڵی، یان ئەو شێوە فیدراڵییەی کە پێشتر لە دەستووری عێراقدا هاتبوو، کە ئەوان باش لێی حاڵی نەدەبوون، کۆتایی هات و فیدراڵیزم بە مانا و میکانیزمێکی دیکە دێتە ئاراوە، ئەویش پێکەوە گرێدانەوەی کوردستان و عێراقە، نەك گێڕانەوەی کوردستان وەك بەشێك لە عێراقێکی یەکپارچە و یەکگرتوو.

## ● هاتنی عەبادی بۆ هەولێر پێش چوونی بۆ واشنتۆن

لە ساڵی ٢٠١٤ ـەوە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا زیاتر لە پەیوەندی نێوان پایتەختی دوو دەوڵەت دەچێت، تا پەیوەندی و هەماهەنگی هەرێمێك لە ناو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، لەمەش زیاتر ئەو رێککەوتنەشی بۆ بەشداری کورد لە حکومەتی عەبادی کراوە، کە بە ئاشکرا نارەزایی عەرەبی سوننە و شیعەی لێدەخوێندرێتەوە و تەنانەت وەك لە دەنگدانی پەرلەمانی عێراقیش بۆ متمانەدان بە کابینەکەی عەبادی بینیمان، رەتکردنەوەیەکی ئاشکرای هەر دوو لایەنی عەرەبی شیعە و سوننەی بۆ بایکۆتکردنی کوردی پێوە دیاربوو، ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی کە عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق بەوە رازی نابن، کە بەغدا بە ئاستێك دان بە سەروەریی ئابووری و سەربازی کوردستاندا بنێت کە لە شێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بچێت و لە بەردەم ئەو رێککەوتنەشدا ناچار و بێدەسەڵات بن، ئەو کاردانەوانەشی دوای دەست بەکاربوونی حکومەتی عەبادی بۆ جێبەجێکردنی یاسای بودجەی ٢٠١٥ هاتنە ئاراوە، دیسان لە کاردانەوەی دەوڵەتێك دەچوو بەرامبەر بە دەوڵەتێکی دیکە، بیانووی

حکومەتی بەغـــدا ئەوە بوو، هەولێـــر پابەند نەبووە بەو ڕێژەی هەناردەکردنەی نەوت کە ئیمزای لەسەر کردووە، بەڵام پاش ئەوەی کێشـــە تەکنیکییەکان چارەسەر کران، ئێســـتا پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بۆ جێبەجێکردنی یاســـای بودجەی ٢٠١٥ بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت. لێرەوە ئەگەر ســـەرنج لە هەندێك لێدوانی ڕۆژنامەوانی دوای ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر بدەین، هەســـت دەکەین ئەوانەی لە هاوپەیمانی شـــیعە لە هەســـتیاری و ڕاســـتی بارودۆخەکە تێدەگەن، ڕاشـــکاوانە باس لەوە دەکەن، ئەو بەشـــە بودجەی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێت بـــە نەوتی کەرکووکیشـــەوە، دەکاتە ڕێژەی ئەو ١٧٪ی لـــە بودجەی عێـــراق بۆ هەرێمی کوردســـتان دیاریکراوە، ئەمەش لە ڕووی سیاســـییەوە ئەو پەیامەی بۆ کوردستان لێدەخوێندرێتەوە، ئەگەر نەوتی کەرکووکیش بۆ خۆتان بفرۆشـــن و لە عێراقیش جیاببنەوە، ئەوا بەشە بودجەکەتان هێندە ناکات کە ئێســـتا لـــە بەغداوە بۆتان دەنێرێت. ئەم چەنـــد دێڕە گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکەیـــن کە پەیوەندییەکانی نێـــوان بەغدا و هەولێر چەند گۆڕانکاری بەســـەردا هاتووە، ئەم گۆڕانکارییانە لەوە گەورەترن کە لە ٢٠٠٥ دەســـتووری عێراقی لەسەر نووسراوە، لەبەر ئەوەی واقیعی تازە ئەوەی فەرز کردووە کـــە بیر لە میکانیزم و شـــێوازێکی تـــازە بۆ پەیوەندی نێـــوان هەولێر و بەغـــدا بکرێتەوە، ئەم شـــێوازە تازەیە ئەگەرچی بەغدا و واشنتۆن دەیانەوێت لە ناو دەستووری ٢٠٠٥ی عێـــراق جێگەی بۆ بکەنـــەوە، بەڵام ئەمری واقیعە وایکردووە کە تەفســـیرێکی تازە و واقیعییانە بۆ دەســـتووری عێراق بکرێت و جیـــاوازی و تایبەتمەندی کوردســـتان بە ڕاشـــکاوانە لە داهاتووی پەیوەندی نێوان بەغـــدا و هەولێـــر ڕەنگبداتەوە. لە بەر ڕۆشـــنایی ئەم گۆڕانکارییە تازانە و هەروەها سەرکەوتنەکانی تکریت، هاتنی عەبـــادی بۆ هەولێر و پێشـــوازیکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان و پاشان کۆبوونەوەیان بۆ دروستکردنی هەماهەنگیی ســـەربازی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراســـیۆنی هاوبەش، بەتایبەتی کە وەك باس دەکرێت بۆ ڕزگاکردنی موسڵ، ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەیە بەوەی عەبـــادی دەیەوێت بە پەیامێکەوە بچێت بۆ واشـــنتۆن و لەگەڵ ســـەرۆك ئۆباما کۆبێتەوە، کە ڕازیبوونی زمنی بەغدای بە واقیعی تازەی عێراق و کوردستانی لەگەڵدا بێت، بەتایبەتیش کە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك بارزانی و حەیدەر عەبادی وەك کۆبوونەوەی نێوان فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردستان و فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق بووە، ئەمانەش هەموویان لە کاتێکدان کە ئەمریکا زۆر پێویســـتی بـــە ڕزگارکردنی موســـڵە لە دەســـتی تیرۆریســـتانی داعش، هەروەها دوورخستنەوەی نفووزی ئێران لەســـەر شیعەکان، هەروەك چۆن لە شەڕی تکریت، ئەمریکا شـــاڵاوە ئاســـمانییەکانی ڕاگـــرت، بۆ ئەوەی بە عێراقییەکانی بســـەلمێنێت، ئەم شـــەڕە لەگەڵ ئێران ســـەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. بەڵام لە هەمانکاتدا لەبەر ئەوەی پشـــتگیری ئەمریکا بۆ حکومەتـــی بەغدا لە ڕوانگەی ئێرانەوە پشتگیری کردنە لە شیعە و پاراستنی شیعەیە لە مەترسیی داعش، ئەو پرسە لەلایەن ئێرانیشەوە تا ڕادەیەك جێگـــەی ڕەزامەندی دەبێت، ئەگەر ئەمریکا هەستیاری سووریا بۆ پێگەی ئێران لە بەرچاو بگرێت و ڕێگە نەدات ڕژێمی ئەســـەد بڕووخێت و سوننە جێگەی بگرێتـــەوە، ئەم ئاڵوێرە لە نێوان ئەمریکا و ئێران لەوانەیە جێگەی ســـەودا و مامەڵە بێت، ئەگەر ڕێکبکەون، ئێران نفووزی خۆی لە عێراق کەمدەکاتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا دەبێت ئەمریکاش لە سووریا خاتری ئێران بگرێت، ئەگەر ئێـــران ڕازی بێت لە یەمەن و بەحرێـــن نیگەرانییەکانی سعودیە بڕەوێنێتەوە. بەهەرحاڵ لەناو ئەو هاوکێشە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەدا هاماهەنگیی نێوان هەولێر و بەغدا هەر چۆنێك بێت و بەهـــەر میکانیزمێك بێت، لای ئەمریکا گرنگـــی و بایەخی خۆی هەیە و بە هەنگاوی یەکەم و بەردی بناخەی ستراتیژیەتی سیاسەتی ئەمریکا بۆ ئێستا و ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژمار دەکرێت.

## ● بە چەمکە کۆنەکەی دەوڵەت عێراق بوونی نییە

کاتێـــك باس لـــەوە دەکرێت چیدیکە لەناو نەخشـــەی ئـــەو دەوڵەتانـــە کار ناکرێت کە ڕێککەوتنی ســـایکس پیکۆ بەرهەمی هێناوە، مەبەســـت لەوەیە ئەم دەوڵەتانە پێکهاتەیەك بەســـەر پێکهاتەکانـــی دیکەدا فەرز دەکەن و دەیکەنە دیکتاتـــۆر و پێکهاتەکانی دیکەش ئەمەیان پێ قبووڵ ناکرێت، هەربۆیە لە ســـەرەتای دامەزراندنی ئەم دەوڵەتانەوە، بەردەوام هەیکەلی دەوڵەت ســـەرچاوەی ئاژاوە و نەسەقامگیری و سەرکوتکردن و کۆمەڵکوژی بـــووە، بۆیە ئەگـــەر ئەمریکا بە شـــێوەیەکی تایبەتی و کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی بە شـــێوەیەکی گشـــتی، مەبەســـتیانە ئەو ســـنوورە تەقلیدییانەی سایکس پیکۆ وەك خـــۆی بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە ئەو مۆدێلە کۆنەی لە ســـەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا حوکمڕانی پێکراوە، کۆتایی بێت و لەناو ئەو سنورە تەقلیدیانە مۆدێلێکی دیکەی تازەی دەوڵەت سەرلەنوێ بونیاد بنرێتەوە، ڕاشکاوانەتر دەبێت دان بەوەدا بنرێت ئەو مودێلە کۆنە مـــردووە کۆتایی هات، دەبێت مۆدیلێکی تازە پیـــادە بکرێت، ئەمەش تەنهـــا ڕێگەیە بۆ ئەوەی بتواندرێت دەوڵەتێك بهێڵدرێتەوە کە ناوی عێراق بێت.

**ئەم ئەمری واقیعەی هێزی پێشمەرگە لەسەر زەوی دروستی کردووە، هەنگاو بەرەو دیفاکتۆیەکی دیکە هەڵدەگرێت کە ئەویش لەدایکبوونی دەوڵەتی کوردستانە، ئەمەش نەک بە بڕیارێکی یەکلایەنەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، بەڵکو وەک پێداویستییەک بۆ ڕێکخستنەوەی هاوکێشە ئاڵۆزەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕاگرتنی باڵانسی هێز لە نێوان هەردوو میحوەری کێشەکە کە نوێنەرایەتی سوننە و شیعە دەکەن**

**کێشەی سەرەکی لە ناو واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقدا، بوونی هەیکەلی ئەو دەوڵەتانەیە کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لە بەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنی (سایکس پیکۆ) کە وەک خەڵات بۆ براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دروستکراون**



## باڵیۆز ئیتمارا رابۆنۆڤیچ گەورە توێژەری برۆکینگز بۆ گوڵان:

# تورکیا نەیتوانی ببێتە پارسەنگێکی تەواوی هێز لە بەرامبەر ئێراندا

**باڵیۆز ئیتمارا رابۆنوڤیچ پێشتر باڵیۆزی ئیسرائیل بووە لە ئەمریکا و سەرۆکی شاندی وتووێژی ئیسرائیل بووە لەگەڵ سووریا لە ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦ ئێستاش توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای برۆکینگز و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش لەسەر سیاسەتی سووریا و پەیوەندییەکانی عەرەب – ئیسرائیل. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای رێککەوتنە سەرەتاییەکەی نێوان ئەمریکا و ئێران و رەنگدانەوەی ئەم رێککەوتنە لەسەر هاوکێشەی هێز لە ناوچەکە و مەترسییەکانی ئیسرائیل لەم رێککەوتنە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئایا پێتوایە رێککەوتنەکەی ئێران و ئەمریکا هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە دەگۆڕێت نەك ببێتەهۆی هاتنەئارای بەرەوپێشچوون لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، چونکە دەستڕۆیشتوویی ئێران زۆر بەربڵاوە لە ناوچەکە هەر لە یەمەنەوە بۆ باشووری لوبنان، یان تا چەند هاوڕان لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا کە ئەم رێککەوتنە هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە دەگۆڕێت، نەك باشترکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران؟**

- هەر لە سەرەتای گرتنەدەستی ئیدارەکەوە، ئەوە سیاسەتی سەرۆك ئۆباما بووە کە بگاتە تێگەیشتنێك لەگەڵ ئێراندا و بگاتە چارەسەرێك بۆ پرسی ئەتۆمی ئێران و ئامادە بووە مرونەتی تەواو بنوێنێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. ئێستا مەسەلەکە ئەوەیە ئایا رێککەوتنەکەی لۆزان رێککەوتنێکی عەمەلییە؟ کەواتە ئەمە بژاردەی ئەمریکایە و ئەمە سیاسەتی ئیدارەی ئۆبامایە.

*** ئیسرائیل ئێران بە هەڕەشەیەکی راستەقینە بۆ سەر خۆی دەزانێت، بەوەی ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناووکی ئەوا تەواوی ناوچەکە دەکەوێتە مەترسییەوە، ئایا تا چەند ئەم مەترسییەی ئیسرائیل لە جێی خۆیدایە و بۆچی ئەمریکا نیگەرانییەکانی ئیسرائیلی لەم رووەوە لەبەرچاو نەگرت؟**

- بە دڵنیاییەوە زۆر کەس لە ناوچەکەدا پێیانوایە کێشەی ئەمریکا و ئێران تەنها پەیوەست نییە بە بەرنامە ئەتۆمییەکەوە، بەڵکو بە هەمان شێوە پەیوەستن بە سیاسەتی ئیقلیمییەوە و بە سیاسەتیان لە ئاست لوبنان و سووریا و یەمەن و عێراقیشەوە. ئەگەر رێککەوتنەکە بێتەئاراوە و جێبەجێ بکرێت، چونکە هێشتا رێککەوتنی کۆتایی نەکراوە-، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئێران. من گومانم هەیە لەوەی ئێران و ئەمریکا بگەنە تێگەیشتنێك بە چەشنێك ئێران سیاسەتێکی میانڕەو بگرێتەبەر لە ناوچەکەدا. لە پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە، ئەوا جیاوازی بیروبۆچوون هەیە لە نێوان حکومەتی ئیسرائیل- بنیامین نەتنیاهۆ- و ئیدارەی ئۆبامادا، کە ئەمەش جیاوازییەکی بەرچاو و ئاشکرایە لە پەیوەندی بە کێشەی ئەتۆمی ئێرانەوە، نەتنیاهۆ باوەڕی وایە ئەمە رێککەوتنێکی خراپە و ناکرێت متمانە بە ئێران بکرێت. ئێستاش کە دەبینێت رێککەوتنە کراوە، ئەوا سیاسەتەکەی ئەوەیە کە هەوڵبدات گۆڕانکاری گەورە لە سروشتی رێککەوتنەکەدا بکات. بۆچونی ئۆباما جیاوازە و ئامادە نییە کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام



بدات. لەبەر ئەوە پێیوایە دەتوانێت تەرکیز بکاتە سەر ڕێککەوتنەکە.

*** ئایا پێتانوایە ئیسرائیل تاکلایەنە هێرش بکاتە سەر ئێران؟**

- لە ئێستادا نا، پێموایە تاوەکوە ئەگەری ڕێککەوتن هەبێت لە نێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئێراندا، کە بریارە لە مانگی حوزەیراندا بێتەئاراوە، ئەوا ئیسرائیل دژی کۆدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناوەستێتەوە. بەڵام پێموایە مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بێنەپێشەوە. ئەوە خەسڵەتی سعودیە، یان میسر نەبووە کە بە ئاشکرا ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا بگرن بەو شێوەیەی کە نەتنیاهۆ ڕایگەیاند. واتە زۆرێك لە مشت و مڕەکانی نێو ئەمریکا و سعودیە لە پشت پەردەوە ئەنجام دەدرێن. لە ڕاستیدا ئەگەر گوێ لە چاوپێکەوتنەکەی تۆماس فریدمان بگریت لەگەڵ سەرۆك ئۆبامادا کە چەند ڕۆژێك پێش ئێستا- ئەنجامیدا، ئەوا ڕەخنەی توندی تێدایە بەرامبەر بە سعودیە، کە سەروەریی سعودیە کێشەی دەرەکی نییە، بەڵکو ناوخۆییە و حکومەتەکەی دەبێت بایەخ بە گەنجە ناڕازییەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی بدات. شتێکی باش نییە کە تەنها هەڵمەتەکە لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەنجام بدرێت، چونکە ئەمە لە تێڕوانینی ئەمریکا و ئەوانی دیکەدا وا دەردەکەوێت کە ئەمە کێشەی ئیسرائیلە نەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەبەر ئەوە گرنگە کە لە هەفتەکانی داهاتوودا وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاشکرا ناڕەزایی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە دەرببڕن.

*** بە پێچەوانەی ئیسرائیلەوە نیگەرانی سعودیە و ئەردەن و وڵاتانی کەنداو بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران نییە، بەڵکو نفووزی ئێران و شەڕی بەوەکالەتە لە یەمەن و بەحرەین و سووریا و لوبنان، ئایا بۆچونتان لەم بارەیەوە چییە؟**

- نەخێر، ئیسرائیل لە بارەی هەردووکیانەوە نیگەرانە، لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکە و لەبارەی هەڵوێستی گشتی ئێرانەوە، هەروەها سعودیە و ئەردەن و میسر و وڵاتە سوننەکانیش، چونکە ئەم دوو پرسە پێکەوە گرێدراون، چونکە ئەگەر ئێران لەم پرسەدا بێتە وڵاتێك کە لە سەروبەندی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیدا بێت و ئەگەر ڕەسیدەکانی وشك نەکرێت، ئەوا داهاتێکی زۆرتری لەبەردەستدا دەبێت بۆ ئەوەی لە لوبنان و سووریا و

**ئیسرائیل هاوسۆزییەکی زۆری هەیە بۆ کورد، بەڵام ناکرێت تەنها دەوڵەت بێت بۆ سەربەخۆیی پشتیوانیتان بکات، ئەمەش بۆ ئێوە باش نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و پێویستە وریا بن**

**وڵاتە عەرەبییەکان پێویستە ئەم نیگەرانییەی خۆیان پتر بە ئاشکرا دەربڕن لەبەرامبەر ئەمریکا و ئەوروپادا و ئەنجامدانی ئەم هەڵمەتە تەنها بۆ ئیسرائیل جێنەهێڵن**

**سەرەڕی سعودیە کێشەی دەرەکی نییە، بەڵکو ناوخۆییە و حکومەتەکەی دەبێت بایەخ بە گەنجە ناڕازییەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی بدات**

**گومانم هەیە لەوەی ئێران و ئەمریکا بگەنە تێگەیشتنێك بە چەشنێك ئێران سیاسەتێکی میانڕەو بگرێتەبەر لە ناوچەکەدا**

عێراق و یەمەن و شوێنەکانی دیکەدا بیانخاتەگەڕ، ئەوا ئەمە هەم وڵاتە سووننەکان و هەم ئیسرائیلیش نیگەران دەکات. بۆیە ئەم دوو پرسە پێکەوە گرێدراون، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە وڵاتە عەرەبییەکان پێویستە ئەم نیگەرانییەی خۆیان پتر بە ئاشکرا دەربڕن لەبەرامبەر ئەمریکا و ئەوروپادا و ئەنجامدانی ئەم هەڵمەتە تەنها بۆ ئیسرائیل جێنەهێڵن.

*** دوای دوو مانگ لە گرتنەدەستی دەسەڵات شا سەلمان بڕیارێکی قورسیدا و سەرکردایەتی هێرشێکی کرد- هاوپەیمانێتی ١٠ وڵات بۆ سەر یەمەن، ئایا سعودیە دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت کاریگەری و هیلالی شیعە لە ناوبەرێت، یان ئەمە کاردانەوەی گفتوگۆکان و نزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا بوو لە بارەی پرسی ئەتۆمییەوە؟**

- ئەمریکا پشتیوانی ئۆپەراسیۆنەکەی یەمەنی کرد، لەبەر ئەوەی ئەمریکاش زۆر نیگەرانە لەبارەی ئەوەی لە یەمەن روودەدات، لەم پرسەدا جیاوازییەك نییە لە بۆچوونەکاندا لە نێوان ئەمریکا و سعودیەدا.

*** واتە کاردانەوە نەبوو بەرامبەر رێککەوتنە ئەتۆمییەکە؟**

- نا، ئەمە لە سەر سنووری سعودیە روویدا و گرنگییەکی راستەوخۆی هەبوو بۆ سعودیە، ئەمە گرێدراو نەبوو بە کێشە ئەتۆمییەکە و پەیوەستە بە کێشەی ناوخۆییەوە.

*** دوو وڵاتی غەیرە عەرەبی هەن لە ناو هاوپەیمانێتییەکەدا کە (تورکیا و پاکستان)ن و دوو هێزی ناوچەیین و پشتیوانی سعودیە دەکەن دژی دەستڕۆیشتویی ئێران، تورکیا ئەندامی ناتۆیە و پاکستانیش خاوەنی چەکی ناوەکییە، ئایا ئەگەر سنوورێك بۆ ئەم شەڕە دانەنرێت، ئەگەری ئەوەی لێناکرێت بەرفراوان بێت و سەرناکێشێت بۆ شەڕێکی دیکەی جیهانی؟**

- پێموا نییە ئێمە لەم ساتەوەختەدا لە بەردەم مەترسیی جەنگی جیهانی سێیەمدا بین. دەرفەت بدەن باسی تورکیا بکەم، دەکرا تورکیا ببێتە پارسەنگی ئێران، چونکە وەك وڵاتێکی سوننە نزیکەی هەمان قەبارەی ئێرانە و دانیشتووانەکەی نزیکەی ٨٠ ملیۆن کەسن و ئابوورییەکی پتەو و بەهێزی هەیە، بەڵام هەمیشە سیاسەتەکانی روون نەبوون. تمووحی ئەم وڵاتە لە چەند ساڵی پێشوودا بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی خاوەن هەژموون زۆر سەرکەوتوو نەبووە. پێموایە پتر بایەخ بە کێشەی کورد لە ناو خاکی خۆیان و کوردەکان لە سووریا و هەروەها سووریا بەگشتی دەدەن. لەبەر ئەوە بەداخەوە ئەو رۆڵە نابینێت کە دەتوانێت بیبینێت، دڵنیم بەداخەوە، چونکە دەکرێت ببێتە پارسەنگێکی تەواو لە بەرامبەر ئێراندا.

*** سەرۆکی تورکیا، ئەردۆغان پەیامێکی زۆر بەهێزی دا بە ئێران و داوای کشانەوەی هێزەکانی ئێرانی لە یەمەن و عێراق و سووریا کرد، ئەوە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت ؟**

- ئەگەر پەیامێك بنێریت و ئەوانیش وەڵامیان نەبێت و کار بە پەیامەکە نەکەن، ئایا چی دەکەیت و هەنگاوی دواترت چی دەبێت؟ ناردنی پەیام سیاسەت نییە، چونکە دەبێت لە خۆت بپرسیت ئەگەر پەیامێکم نارد و فەرامۆشیان کرد، ئایا چی دەکەم؟

*** دوای رووبەڕووبوونەوەی رۆژگارێکی سەخت و ناسەقامگیری لە دوای بەهاری عەرەبییەوە، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی دوو کێشەی سەرەکی بۆتەوە، یەکێکیان شەڕی بە وەکالەتی ئێرانە و ئەوی دیکەیان شەڕی داعشە، ئایا چۆن ئەم کێشانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چارەسەر دەکرێن؟ گەشبین یان رەشبینن لە بارەی چارەسەرێکی کورتخایەنەوە؟**

- ئاشکرایە ناکرێت تەنها لە ناوچەکەدا هەردوو کێشەی داعش و شەڕی بە وەکالەت لەلایەن ئێرانەوە چارەسەر بکرێن، وڵاتانی ناوچەکە لە پێگەیەکدا نین خۆیان چارەسەری بکەن، بەڵکو پێویستیان بە هاوکاری دەرەکی دەبێت و هاوکاری دەرەکی و جددیش تەنها لەلایەن ئەمریکاوە دەکرێت. لەم ساتەوەختەشدا پێداگیرییەك لەلایەن ئەمریکاوە هەیە کە زۆر تێوە نەگلێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. من دڵنیام ئەمەش گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، تا ئەو کاتەی ئۆباما سەرۆك بێت، دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە سەرۆکی داهاتوو کێ دەبێت.

*** ئەی لە بارەی ئەگەری بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستانییەکان راتان چییە؟**

- دوو ئاستەنگی گەورە هەن، یەکێکیان تورکیا، کە ئاشکرایە رێگەنادات کوردستان بە شێوەیەکی رەسمی سەربەخۆ بێت، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی هاندانی کوردی تورکیا. هەروەها ئەمریکاش دەیەوێت عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە، ئەمە سەرەڕای شکستی ئەمریکا لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، پێموایە ئەوانە دوو ئاستەنگی سەرەکی دەبن، بەڵام ئیسرائیل هاوسۆزییەکی زۆری هەیە بۆ کورد، بەڵام ناکرێت تەنها دەوڵەت بێت بۆ سەربەخۆیی پشتیوانیتان بکات، ئەمەش بۆ ئێوە باش نییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوە پێویستە وریا بن.

*** دوا پەیامتان چییە؟**

- پێموایە هەمیشە رای گشتی ئیسرائیل وا بووە بە ئیعجاب و پشتیوانییەوە لە کوردیان روانیوە.



ستیفن بیدڵ

راوێژكاری پێشووی سوپای ئەمریكا لە عێراق بۆ گوڵان:

# ئەمریكا بەپێی بەرژەوەندی خۆی بڕیار دەدات، مەرج نییە هەموو كاتێك وەك سعودیە و ئیسڕائیل بیربكاتەوە

پرۆفیسۆر ستیفن بیدل گەورە توێژەری ئامۆژگای پەیوەندییەكانی دەرەوەی ئەمریكایە و لە هەر دوو وڵاتی عێراق و ئەفغانستان راوێژكاری سوپای ئەمریكا بووە وەك ستراتیژناسێكی سەربازی بۆ دابینكردنی سەقامگیری لە عێراق و ئەفغانستان و رۆڵێكی هێجگار زۆری گێڕاوە لە زیادكردنی هێزی ئەمریكا لە ٢٠٠٧ بۆ عێراق و پاشانیش لە سەركەوتنی هێزەكانی ئەمریكا لە ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ بەسەر تیرۆریستانی ئەلقاعیدە لە عێراقدا. بۆ قسەكردن لەسەر رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كێشە و ئاژاوەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە وتووێژێكی تایبەتدا، پرۆفیسۆر بیدل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

**دەکرێت کوردستانی گەشەکردوو ئارام بێت، وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراقی کە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خەڵکەکەی بپێنێتەدی و خاکی خۆی کۆنترۆڵ بکات،**

**ئەگەر کوردستانی سەربەخۆ یارمەتیدەر بێت لە برەودان بە ئەجێندا سەرەکییەکە کە بریتیە لە تێکشکاندنی داعش و لە ناوبردنی هەڕەشەی تیرۆریستی لەسەر کورد و عەرەب و ئەمریکا و ئەوانی دیکە، ئەوا من پشتیوانی لێدەکەم**

**ئیسرائیل و سعودیە دەیانەوێت ئەمریکا ئەرکە قورسەکە ئەنجام بدات و لە بری ئیسرائیل و لە بری سعودیە ڕێگری لە ئێران بکات، بۆ ئەوەی چەکی ئەتۆمی بەدەست نەهێنێت، واتە دەیانەوێت ئەمریکا هەموو مەترسییەکە هەڵبگرێت و خۆشیان هەموو قازانجەکە بچننەوە**

*** ڕێککەوتنی نێوان ئێران و ئەمریکا لەسەر پرسی پڕۆژەی ئەتۆمیی ئێران، را و بۆچوونی جیاوازی لە ناو ئەمریکا دروستکردووە، ئایا تا چەند ئەم بۆچوونە جیاوازانە لە ناو رای گشتی رەنگدانەوەی هەیە و تاچەند لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە کاریگەری دەبێت؟**

- ئەو راپرسییانەی من بینیومن لە ئەمریکا پشتیوانییەکی بەهێز دەردەبڕن بۆ ڕێککەوتنەکە، تێکڕای خەڵکەکە نا، بەڵام زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا پشتیوانی لە ڕێککەوتنەکە دەکەن. بۆی هەیە ئەمەش گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی رۆژنامەکان زیاتر و زیاتر گفتوگۆ لەبارەی لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە دەکەن، بەڵام حاڵی حازر خەڵکی ئەمریکا پشتیوانی لێدەکەن. لە پەیوەندی بەوەی کە ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بوێری پتر بدات بە ئێران، ئەوا زۆر کەس پێیانوابوو چەکی ئەتۆمی دەبێتە هۆی ئەوەی بوێری پتر بدات بە ئێران، لە کاتێکدا ڕێککەوتنەکە بە مانای ئەوە دێت کە —ئێران- نابێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، بەلای کەمەوە لە ١٠ بۆ ١٥ساڵی داهاتوودا. بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنەکە شکست بێنێت و لە ئەنجامدا ئەمریکا کردەوەی سەربازی ئەنجام بدات بۆ تێکشکاندنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، ئەوا رەنگە ئەمە داینامیکیەتێکی پێشبینی نەکراو دروست بکات کە ئێران پتر دەستدرێژی بکات لە ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی تۆڵەسەندنەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە بەرامبەر کردەوە سەربازییەکەی ئەمریکادا، ئەمە لە کاتێکدا گەیشتن بە ڕێککەوتنێك بە مانای ئەوە دێت ئەمە روونادات، بەلای کەمەوە لە ماوەی ١٠ بۆ ١٥ ساڵی داهاتوودا.

*** بەڵام ئەگەر سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، بەتایبەتی هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا رەخنەی زۆر جددی لە ئیدارەی ئەمریکا دەگرن بەوەی نەدەبوایە ئەم ڕێککەوتنە بکات، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆکاری ئەوەی نفووز و کاریگەریی ئێران لە ناوچەکەدا زیاتر بێت، ئایا وەك تایبەتمەندێك لەسەر ئەم پرسە چۆن سەیری ئەو لایەنە دەکەن؟**


- پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی سعودیە و ئیسرائیل هەندێ جار ساردوسڕییان تێدەکەوێت و هەندێ جار پەیوەندیگەلێکی گەرم و گوڕ دەبن، واتە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، بەڵام هاوپەیمانێتییەکە بەردەوام دەبێت، ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت هەرگیز گرژی ناکەوێتە پەیوەندییەکانەوە. دوای گرتنەدەستی ئیدارەی ئەمریکا لەلایەن ئۆباماوە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا تەواو گرژ بوون، کە پەیوەستن بە چەند هۆکارێکەوە و هەموویان لە بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێراندا کورت نابنەوە، بەڵکو گرژی لە پەیوەندی بە کردەوەکانی ئیسرائیل لە بواری دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن بۆ جوولەکەکان و گرژی لە پەیوەندی بە پشتیوانیی ئیسرائیل بۆ گفتوگۆکان، کەواتە چەند هۆکارێك هەن بۆ ئەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل تەبا نەبن لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا. ئیسرائیل دەیەوێت ئەمریکا زۆر پێداگیر بێت لەسەر کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە بۆ نزمترین ئاست، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەمریکا هەر کارێك بکات دەبێت ئەوە بێت کە ئەوان دەیانەوێت. ئەمریکا شوێن بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی دەکەوێت، کە هەمیشە ئەو بەرژەوەندییانەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل یەك ناگرنەوە.

*** ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە ئەوەیە کە دەستوەردانی سەربازی لە یەمەن و شاڵاوی بۆ سەر حوسییەکان زۆر کتوپڕ و لە کاتێکدا بوو کە تازە شای سعودیە کۆچی دوایی کردبوو، شا سەلمان تازە دەست بەکاربوو، ئایا ئەم کاردانەوە لەناکاوەی سعودیە بەرامبەر بە حوسییەکان چی دەگەیەنێت؟**

- سعودیە پێش گەیشتن بە ڕێککەوتنەکە و تەنانەت پێش ئەوەی بزاندرێت ئەو ڕێککەوتنەش لە چی پێکهاتووە، هێزی لە یەمەندا بەکار هێناوە. لەبەر ئەوە پێموایە سعودیە هۆکاری خۆی هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربازی تێوەبگلێت لە یەمەن کە ئەو هۆکارانە هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە نییە. رەنگە پتر بیانەوێت ئەم کارە ئەنجام بدەن، دوای گەیشتن بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، بەڵام سعودیە بەرژەوەندی خۆی هەیە لە یەمەندا کە گرێدراو نین بە پرسی ئەوەی ئایا ئێران چەکی ئەتۆمی بەدەست دەهێنێت، یان نا.

*** ئەگەر دووبارە ئەو پرسیارە بکەمەوە، ئایا ئەم ڕێککەوتنە نابێتەهۆی ناڕەحەتکردنی هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە؟ یاخود ئایا چۆن ئەمریکا پشتیوانی لە دۆستەکانی دیکەی لە هەردوو بەرەکەدا دەکات؟**

- منیش دووبارەی دەکەمەوە، مەرج نییە هەمیشە ئەمریکا ئەو کارانە بکات کە هاوپەیمانەکانی داوای لێدەکەن، ئەمریکا شوێن بەرژەوەندی خۆی دەکەوێت کە زۆرجار -بەڵام هەمیشە نا- لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانەکانمان یەك دەگرنەوە، بەڵام لەم کەیسەدا بەتایبەتی ئیسرائیل و سعودیە دەیانەوێت ئەمریکا ئەرکە قورسەکە ئەنجام بدات و لە بری ئیسرائیل و لە بری سعودیە ڕێگری لە ئێران بکات، بۆ ئەوەی چەکی ئەتۆمی بەدەست نەهێنێت، واتە دەیانەوێت ئەمریکا هەموو مەترسییەکە هەڵبگرێت و خۆشیان هەموو قازانجەکە بچننەوە. مەرج نییە ئەمریکا ئەو کارانە بکات کە ئەوان دەیانەوێت بیکات لەو رووەوە. گرنگە جەخت لەسەر ئەوە




بکەینــەوە کە هیچ یەکێك لەم لایەنانــە نایانەوێت ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئیدارەی ئەمریکا باوەڕی وایــە ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هــۆی ڕێگریکردن لە ئێران بۆ ئەوەی نەبێتە خاوەنی چەکــی ئەتۆمی، لە کاتێکدا ئیسرائیل و ســعودیە دەیانەوێت ڕێککەوتنێکی سەختتر بکرێت، بۆ ئــەوەی ئێران ملکەچ بکــەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئیدارەی ئەمریکا هەستێکی بەهێزی هەیە کە ئەم ڕێککەوتنە ڕێگری لە ئێران دەکات لەوەی چەکی ئەتۆمی بەدەســت بێنێت، ئەگەر ئەمەش راســت بێت، ئەوا هەم ئامانجی ئیســرائیل و هەم ئامانجی سعودیە و هەروەها ئامانجی ئەمریکاش بەدی دێت.

*** لەم بارودۆخە ئاڵۆزە کوردستان ناچارە دوای ئایندەی خۆی بکەوێت، هەر بۆیە ئێستا بە راشــکاوی باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت، بەرامبەر ئەم پرسە راتان چییە؟**

-گرنگترین شــت بــۆ ئەمریکا و بۆ کوردســتان ئەوەیە چۆن بەرامبەر داعش رادەوەستن و چۆن ئەو مەترسییانە ناهێڵن کــە داعش لەو ناوچانــەی کۆنترۆڵی کردوون، ئێســتا دروســتی کردوون، ئەمە گرنگتــرە بۆ هەموو لایەنــە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەمریــکا و کورد و عەرەبە عێراقییەکانیش، ئیدی کوردستان سەربەخۆ بێت، یان نا. ئەگەر کوردستانی سەربەخۆ یارمەتیدەر بێت لە برەودان بە ئەجێندا سەرەکییەکە کە بریتیە لە تێکشکاندنی داعش و لە ناوبردنی هەڕەشەی تیرۆریستی لەسەر کورد و عەرەب و ئەمریکا و ئەوانی دیکە، ئەوا من پشــتیوانی لێدەکەم و پشتیوانی هەر شــتێك دەکەم کە ببێتەهۆی هێنانەدی ئامانجە گەورەکە، ئەگەر ئەمە بەوە بکرێت کە کوردستان پتر بەرەو ســەربەخۆیی هەنــگاو هەڵبگرێت، ئەوا هیچ گرفتێك نییە لەمەدا و ئەگەر بەوە بکرێت کوردستان پتر لە ســەربەخۆیی دووربخرێتەوە، ئەوا با ئەمە بگیرێتەبەر.

وای دەبینم لە ئێستادا شەڕەکە و چارەسەرکردنی شەڕەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەولەوییەتی هەموو لایەکە.

*** دوا وتەتان چییە؟**

- تاکە پەیامێك کە هەمبێت بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقە کە بتوانێت خاکی خۆی کۆنترۆڵ بکات و بتوانێت جێگە بۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی سەرجەم عێراقیەکان بکاتەوە، ئەوە ئامانجێکی یەکجــار گرنگە، بەڵام ئەگەر لە بری ئەوەی عێراق بەم شێوەیە بنیاد بنرێتەوە کە ڕێز لە سەرجەم عێراقییەکان بگرێت و کۆنترۆڵی خاکی خۆی بکات، واتە ئەگەر لەبری ئەمە وڵاتەکە دابەش بێت، کە ئەمەش هەر تەنها لەوەدا سنووردار نابێت کە ئایا کوردستان سەربەخۆ دەبێت، یان نا، بەڵکو پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا سوپای دەوڵەت دەتوانێت کۆنترۆڵی خاك بکات؟ یاخود ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکانی وەك میلیشــیا شــیعە و سوننەکان یان گرووپــە غەیرە دەوڵەتییەکانی دیکە کۆنترۆڵی خاك دەکەن؟ ئەمە ڕێگەیەکی زۆر زۆر مەترســیدارە بۆ عێراق بۆ ناوچەکەش. نیگەرانییەکی زۆر هەیە کە عێراقییەکان و ئەوانی دیکە رازی بن بە دووەم چارەســەر، واتە لەبری ئەوەی دەوڵەتی عێراقی ئەم کارانە بکات، ئەوا رازی دەبن میلیشــیا و گرووپە چەکدارە غەیرە دەوڵەتییەکانی دیکە ئەم کارە بکەن، تەنها لەبەر ئەوەی ناتوانین وا لە دەوڵەتی عێراقی بکەیــن ئەم ئەرکە ئەنجام بــدات. پێموایە ئەوە ڕێگەیەکی مەترســیدارە کە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ پشێوی و ئاژاوە کە دەکرێت کوردستانی گەشەکردوو ئارام بێت، وەك بەشــێك لە دەوڵەتــی عێراقی کە بەرژەوەندییە سیاســییەکانی خەڵکەکەی بێنێتــەدی و خاکی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەڵام خۆی لە نێو شــەڕێکی ناوخۆیی درێژخایەنــدا ببینێتەوە. خاڵێکی دیکــە کە بمەوێت بە خوێنەرانتانی بڵێم ئەوەیــە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق ئامانجێکە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە.

**پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی سعودیە و ئیسرائیل هەندێ جار ساردوسڕییان تێدەکەوێت و هەندێ جار پەیوەندیگەلێکی گەرم و گوڕ دەبن، واتە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، بەڵام هاوپەیمانێتییەکە بەردەوام دەبێت**

# دوای لۆزان شەڕ گەرمتر دەبێت داهاتوو بۆ بەهێزەکانە



سەرۆ قادر

بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە شەڕێکی هەمەگیردا دەژیت. تەقریبەن لە هەموو ناوچەکانیدا شەڕ هەیە. هەر وەك دیارە، مۆرکی شەڕەکان بە گشتی دینی و مەزهەبین. هەڵبەت لە کوردستاندا کێشەکە نەتەوەییە. نەتەوەییێتی کێشەی کوردستانیش لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەوێتە ناو بلۆکبەندیی مەزهەبی. واتە لەناو بلۆکە ناکۆکەکاندا کێشەی نەتەوەیی کوردستان دەکەوێتە ناو بلۆکی سوننە.

ئێران بە تەنیا ڕابەریی بلۆکی شیعە دەکات. سعودیە، تورکیا و میسر بلۆکی سوننە بەڕێوەدەبەن. ئەمریکا و ئەوروپا جموجۆڵەکانیان لەگەڵ بلۆکی سوننە، هەماهەنگ کردووە. لە ڕواڵەتدا، ڕۆژاوا پشتیوانی کرانەوە و دیموکراسییە، بەڵام لە کردەوەدا هەڵوێستێکی لەو چەشنە بە تۆخی نابیندرێت. بەرژەوەندییەکان بەسەر هەموو ئیعتبارێکی دیکەدا زاڵە. دیاردە توندڕۆییەکانی لە بابەت (القاعدە، داعش، حزب الله، حماس، حشد الشعبی)، دەرهاویشتەی ئەو کێشە دینی و مەزهەبییەن. تەنانەت کێشەی فەلەستینیش، سەرباری ناوەڕۆکە نەتەوەییەکەی، تێکەڵی ئەو دیاردە توندانەی سەرەوە بووە. لەو ناوچە فراوانەدا، تەنیا بزووتنەوەی کوردستان، لە چوارچێوە نەتەوەییە-عەلمانییەکەی (!) دەرنەچووە. لە سێ پارچەی کوردستاندا، کورد باڵادەستە (باشوور، باکوور، ڕۆژاڤا).

ئەمریکا و هاوڕاکانی (٥+١)، دوای گفتوگۆیەکی درێژخایەن لەگەڵ ئێران گەیشتنە ڕێککەوتنێکی شایانی باس. دەرەنجامەکانی ئەوە، بۆ ئێران کرانەوەی ئابووری و هەندێك لۆجستیکی لەگەڵ خۆی دێنێت. هەڵبەت ئەو ڕێککەوتنە، هیچ هاوپەیمانی و بەرژەوەندی هاوبەشی بۆ دوو لایەنە سەرەکییەکە (ئەمریکا، ئێران) دروست نەکردووە، بەڵام لە توندی بەرەنگاربوونەوەی نێوانیانی کەم کردۆتەوە. وەك لە عێراقدا دەبینین، ئەمریکاییەکان و ئێرانییەکان لێکتێگەیشتنێکی ڕانەگەیێندراویان لە بەرامبەر داعش هەیە، بەڵام نەگەیشتۆتە هاوکاری.

کاردانەوەی عەرەب و ئیسرائیل، لە بەرامبەر ڕێککەوتنی دۆسیەی ئەتۆمی، زۆر نیگەرانی پێوە دیارە. هەردوو بەرە، زۆر بە توندی نیازی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران دەردەخەن. بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما، پەیامێکی داوەتە ئیسرائیل گوایە ئەو دەوڵەتە بۆ ئەمریکا گرنگی جارانی نەمابێت. جۆرێك لە پشتکردن لە سعودیەش دەنوێنێ کە کاربەدەستانی ئەو وڵاتەی هەڵچوواندوە. هەڵبەت ئەو نیوە هەڵوێستانەی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما، بە مانای پشتکردنی ئەمریکا لەو دوو بەرەیە نییە. خۆ ئەوروپا، وەك هەمیشە لە پشت ئیسرائیلە و لە بەرەنگاربوونەوەی پەلهاویشتنی ئێران، هاوکاری سعوودیە و بەرەی سوننیین. ئەمە ئاڵۆزێتی ئارایشی هێزەکانی ناو کێشە سەرانسەرییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان دەدات. هێزەکان زیاتر لە هەموو کاتێك، بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانن.

ئەمریکا و ئەوروپا دەیانەوێت ڕاستەوخۆ نەگلێنە ناو شەڕەکە، بۆیە یاری بە ئارایشی هێزە ناکۆکەکان دەکەن. لەوانەیە بە درێژایی مێژووی وجودی ئەمریکا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندەی ئێستا نەگلابێتە ناو لەقاندنی دۆستە کۆنەکانی خۆی. ئیسرائیل بە ئاشکرا دەڵێت: ئەمریکا دۆستایەتی تایبەتی نێوانمانی بەلاوە ناوە

و لەبەرامبەر هەڕەشـــەی ئەتۆمی ئێران، بە تەنیا جێمان دێڵێت. سـعوودیە بە نوێنەرایەتـــی هەموو دەوڵەتەکانی کەنداو، گومان لە بوونی مامەڵەیەکی ترسـناك دەکات. لە وەڵامیاندا، بـاراك ئۆباما وێـڕای دڵنیاکردنەوەیان لـە ڕۆژی تەنگانەدا، بە عەرەبانـی گوت: بۆچی لە بەرامبەر دڕندیی سـووریا و پێشـێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، کاردانەوە و پابەندێتییان نییە. بۆچی ئیسرائیل وادەزانێـت، هەر گفتوگۆیەك لەگـەڵ ئێران، بە مانای خۆبەدەسـتەوەدانی ئێران بێت. سەرۆکی دەزگای CIA دەڵێـت: هەردوو لایەنـە گلەییکارەکانـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دووروون! ئێمە هێندەمان لە ئێران بەدەستهێناوە، گەشـکە بووین! واقیعبینێتی لە سیاسەتی ئەمریکادا، گەیشـتۆتە ترۆپکی خـۆی. ئەو سیاسـەتە تەنیا لە خزمەتی بەرژەوەندی ڕاسـتەوخۆی ئەو وڵاتەدایە. وەك ئۆباما دەڵێـت؛ ئەوان دەتوانن لەگـەڵ هەموو دەوڵەت و لایەنێـك، بکەونە دان و سـتاندن، ئەگەر بەرژەوەندی تێـدا بێت. ڕێککەوتنی لۆزان لەگـەڵ ئێران، ڕوونترین نموونەیەتـی. هەروەك چەندین دەیەیە لەگەڵ سـعودیە هاوپەیمانـن، دەشـزانن ئەو وڵاتـە پێچەوانەی هەموو شێوەکانی ژیانی ڕۆژاوایە.

ئەمریـکا- ئەورووپاش بـە دوایـدا- تەکنۆلۆجیای شـەڕیان زۆر پێشخستووە. بۆیە ئاسـاییە تێگەیشتن لە شـێوازی شـەڕ، لای ڕۆژهەڵاتییەکان و ئەوان جیاواز بێت. ئەمریـکا وا خۆی دەنوێنێ بە ئاسـانی خوێنی سەربازەکانی نەڕژێت. دیاردەی توندڕۆیی ئیسلامی کە بەرهەمی ئایدیۆلۆجیای سـعوودیە و ئێرانە، بە سوپا و دانیشتووانی ئەو وڵاتانە لێکدی دەردەکات. ئەو کۆمەڵگە داخراوانـەی، (القاعدة و داعـش) بەرهەمدێنن، دەبێ باجی بەرەنگاربوونەوەشی بدەن. ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ ئەو پرۆسـەیە دەکات. هەڵبەت لـە هەمان چوارچێوەدا مامەڵە لەگەڵ کوردستان و ئیسرائیل دەکات. بەو مانایە کە پێویسـتە ئەوانیش ئامادەیی خۆپاراستنیان هەبێت، بەڵام بە هاوکاری چەکی زیاتر.

ئەمریکاییەکان خۆیان دەڵێن؛ سیاسەتی ئێستایان کە بە دان و ستاندن لەگەڵ ئێران دەناسرێت، بۆ بەجێهێشتنی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نییە. ئەوان دەیانـەوێ زیاتر لـە جاران وڵاتانی عەرەبی و ئیسـلامی بکێشـنە ناو بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی. بەمەش دەکرێت بەرەیەکی بەرفراوان بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردە ترسـناکە دروسـت بکەن. سەرەنجامی ئەوەش ناچارکردنی ئەو دەوڵەتانەیە بە چاکسازی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و دینی.

پرسـیارێکی دیکە دەکرێ؛ لـە دوای ڕێککەوتنی لۆزان، ئیدی دەستی ئێران زیاتر دەکرێتەوە تا دەستێوەردان بـکات، یان پێچەوانەکەی؟ هەمـوو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، تەنیا بەندێك بۆ هاوکێشەکانی پێشوو زیاد کرابێت، ئەویش کێ لە دژی توندڕۆیی سوننە، ئامادەی جەنگ بێـت، جێی بۆ دەکرێتەوە. وەك دیارە ئێران لە پانتاییەکی فراواندا هاتۆتە ناو شەڕی دژی توندڕۆیی دینی سوننە. ئەوەیـان توانایەکی زیاتر لەوەی ئێسـتا هەیە، بە ئێران نادات. ئەوەی دیارە ئێران بە ئەندازەیەکی ئەوەندە فراوان بڵاوبۆتەوە کـە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە لە توانایی ئەو بـەدەرە. ئێران ئەو چەکە هاوچەرخەی نییە کە شـەڕی پێ یەکلا بکاتەوە. تەجرەبەی سـووریا، موسڵ، تکریت شایانی لێ وردبوونەوەیە، ئەو وڵاتە لە (سووریا، یەمەن و عێراق)دا بە چۆکدا هاتووە.

بـەرەی سـوننە، ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ فراوانتـر و یەکگرتووتر دەبێت. سعودیە بووەتە ناوەندی کۆکردنەوەی دەوڵەتە سـوونییەکان. تورکیا، پاکسـتان، سودان، میسر بەو سـوپا زەبەلاحەی هەیانە، بە کردەوە یەکیانگرتووە. وڵاتانـی دیکەی سـوننە، دەمێکە تفەنگیان لە شـان کـردووە. چەکی ئـەو وڵاتانە لـە ئێـران مۆدێرنترە، سوپاکانیشـیان ئامادەترن. بۆیە ئەگەری بەهێزتربوونی ئێـران زۆر لاوازە. ئەو پێکهاتانـەی (عەلەوی) ئێران ئیعتمادیان لەسـەر دەکات، خەریکە هێزیان دەڕووکێت، بۆیە ئەگەری ناڕەزایی دروسـتبوون لەناویاندا زۆرە. بۆ نموونە زۆرترین و بەهێزترین پێکهاتەی هاوپەیمانی ئێران، شـیعەکانی عێراقن کە دەوڵەتیان لەدەستدایە، کەچی لە بەرامبەر سـوننەکانی ئەم وڵاتە، تواناییەکی ئەوتۆیان لەخۆ نیشان نەداوە.

بۆیە ئاماژەکان وا دەڕۆن کە ڕۆژاوا، هاوپەیمانەکانی خـۆی لاواز نـەکات، یارمەتییـان دەدات پشـت بە ڕێکخسـتنەوەی خۆیان و تەکنۆلۆجیای نوێی جەنگ ببەسـتن. جیا لە کەنداوییەکان، ئیسـرائیل، کوردستان، میسـر، تورکیا بەهێزتر دەکرێن. شـەڕ دژی توندڕۆیی سـوننە (داعش و القاعدة)» بـەردەوام دەبێت، پێش لە توندڕۆیـی شـیعە دەگیرێت. لەو میانـەدا کێ هێزی خۆی ڕێکبخاتەوە و حزوورێکی مەیدانی هەبێت، مافی قسەکردن و مەتڵەبی زیاتر دەبێت. بێ هێز کەس دیفاعی لێ ناکات. لەو ڕوانگەیەوە، یەکێتی ناوماڵی کوردستان دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ یەکخسـتنی هێزی چەکداری پێشـمەرگە، پشـتێن توندکردنی ئابووری و ڕێکخسـتنەوەی بۆ خزمەتی ئەم قۆناغە، لە سـەری هەموو پێویسـتییەکانی دیکەن. کوردسـتانێکی بەهێز، دەتوانێـت -بەلایەنی کەمەوە- لە کۆتایی ئەم شـەڕەدا، قسەی لەسـەر چارەنووسی سێ پارچەی نیشتمانەکەی هەبێت: باشوور، باکوور، ڕۆژاڤا.

**ئاماژەکان وا دەڕۆن کە ڕۆژاوا، هاوپەیمانەکانی خۆی لاواز نەکات، یارمەتییان دەدات پشت بە ڕێکخستنەوەی خۆیان و تەکنۆلۆجیای نوێی جەنگ ببەستن. جیا لە کەنداوییەکان، ئیسرائیل، کوردستان، میسر، تورکیا بەهێزتر دەکرێن**

**کاردانەوەی عەرەب و ئیسرائیل، لە بەرامبەر ڕێککەوتنی دۆسیەی ئەتۆمی، زۆر نیگەرانی پێوە دیارە. هەردوو بەرە، زۆر بە توندی نیازی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران دەردەخەن**

**یەکێتی ناوماڵی کوردستان دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ یەکخستنی هێزی چەکداری پێشمەرگە، پشتێن توندکردنی ئابووری و ڕێکخستنەوەی بۆ خزمەتی ئەم قۆناغە، لە سەری هەموو پێویستییەکانی دیکەن. کوردستانێکی بەهێز، دەتوانێت -بەلایەنی کەمەوە- لە کۆتایی ئەم شەڕەدا، قسەی لەسەر چارەنووسی سێ پارچەی نیشتمانەکەی هەبێت: باشوور، باکوور، ڕۆژاڤا**





یوسف عوسمان حەمەد*

*تایبەت بۆ گوڵانی نوسیوە

جوهان هاربر لە کتێبی (سەربازی سێیەم) لە لاپەڕەی ٣١٢ دەڵێت: «خوێندنەوە و پێناسەیەکی دیکە بۆ ئاسایشی نیشتمانی کراوە کە لە ئەمڕۆدا جیهان دابەشکراوە بە سەر دوو بلۆك، یەکێکیان بلۆکی تیرۆریزم و ئەوەی دیکە بلۆکی (ئاشتی و سەروەری یاسا) واتە بەرەی دژ بە تیرۆریزم، دەرکەوت تانك و زرێپۆش و چەکی قورس و سەربازی زۆر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ناتوانێت چوارچێوەیەك بۆ پێناسەکردنی ئاسایشی نیشتمانی دابنێت، لە ژێر قەڵغانی پۆڵایین، ئەگەر پلانی ستراتیژی و بەرنامەی نیشتمانی بۆ پێگەیاندنی تاکی بەرپرسیار و پەروەردەی دروست و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و پەیڕەوکردنی یاسا و هەموومان لە ژێر چەتری دەستوور بین، ئەو کاتە چەمکی ئاسایشی نیشتمانی تەواو دەبێت» .

لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئاسایشی تاك بریتییە لە ئامادەکردنی تاك بۆ ئایندە، واتە نەوەیەکی بوێر کە چۆن دەتوانێت ئایندە دروست بکات، بۆیە کارکردن لە سەر تاك و پەروەردەکردنی بە ئینتیمای نیشتمانی یەکێکە لە بنەماکانی ئاسایشی نیشتمانی.(هۆشی منە) لە تێڕوانین بۆ ڤێتنام دەڵێت: «ئازایەتی ئەوە نییە کە شارێك و گوندێك ئازاد بکەیت، ئازادی ئەوەیە تا چەند دەتوانین عەقڵی کەسێك ئازاد بکەین و متمانەی نیشتمانی بەدەست بهێنێت. ڕەنگە هەر ئەو تاکەیە بتوانێت هەمان ئەو خاکە ئازاد کراوە دووبارە لەدەست بدات و بیسووتێنێت و ناپاکی بەرامبەر بکات». ئەوەی مەبەستە چون ئاسایشی دەروونی بۆ تاك لە ڕێگەی ئینتیما دروست دەکرێت و ناسنامەی نیشتمانی بوون دەدرێت بەو کەسە.

زۆر پێناسە بۆ ئینتیما کراوە، بۆچوونەکان لە بچووکترین ڕەفتاری دروست بەرامبەر کەسێکی دیکە بە ئینتیما دادەنین، ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان بە هەموو ڕەنگەکانەوە، ڕێزگرتن لە کار و کات و ژینگە و یاسا و سەروەریی نیشتمان دەچێتە خانەی پێناسەی ئینتیما. ڕێزگرتن لە خێزان و پەروەردەکردنی تاکێکی کارا و بوێر، ئەمەش ئینتیمای نیشتمانی دەگرێتەوە. (کارل سوفۆیان) لە کتێبی ستالین ناگەڕێتەوە لاپەڕەی ٢٨ دەڵێت: «بنەماکانی ئاسایشی نیشتمانی لە ناو خێزانەوە دەست پێ دەکات لە پەروەردەی ئەو خێزانە دڵنیایی ئاسایشی نیشتمانی دروست دەکەین و هەر ئەو خێزانە دەبێتە یەکەی نیشتمانی سەرکەوتوو، پەروەردەی نادروستی خێزانیش دەبێتە هۆی ڕووخانی بنەماکانی ئاسایشی نیشتمانی». هەموومان دەزانین چ لە ڕووی ئابووری، یان کۆمەڵایەتی، یان دەروونی و لایەنی دیکە کە شەڕ هەموو شتە جوانەکان لەناو دەبات و ستراکتوری کۆمەڵگە لە بەین یەکدی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەها و بنەما ئاکارییەکان بوونیان نامێنێت، پەروەردە و فەلسەفەی و ڕەهەندەکانی لە بواری مەعریفە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەبێتە کارخانەی شەڕ و لە خزمەت ڕۆشنبیریی شەڕدا دەبێت، هەموو دامودەزگای پەروەردەیی دەبێتە دامودەزگای

# تاک و ئینتمای نیشتمانی و بەشداری تاک لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی

سەربازی بۆ دروستکردنی نەوەیەك کە تەنیا زمانی شەڕ بزانێت، دوای شەڕ، ئەرکێکی دیکە دەست پێ دەکات، ئەویش ڕێکخستنەوەی پەروەردەیە لە ڕۆحی ئینسانەکاندا بۆ پەیوەستبوون بە نیشتمان و گەڕانەوەی بەرپرسیاریەتی تاك بەرامبەر بە کۆمەڵ، بۆ ڕێزگرتنی ئەرك و مافەکانی تاك و زانینی یاساکانی ئاشتی و دەستپێکردنی قۆناغی ڕۆشنبیری ئاشتی. جگە لەم ڕەوشە پەروەردەییە ئەرکی هاونیشتمانی بوون لە چاکسازی کۆمەڵگەوە دەست پێدەکات، واتە هاووڵاتی نموونەیی کە سەرەتا لە زانینەوە دەست پێ دەکات و دەرککردن بە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە و وەرگرتنی مەعریفەی ئەو گۆڕانکارییانە وەکو کێشەیەك بۆ چارەسەرکردن، واتە هەستی بەرپرسیاریەتی تاك کاتێك نیشتمان لە کێشەدایە کە دەبێتە هۆی شارەزایی و کارامەیی لە بەرامبەر ئەو ئەرکەی کە پرۆسەیەکی مەدەنی جێبەجێ دەکات بۆ باوەڕبوون و دڵنیابوون لەو حاڵەتە کە گەڕانەوەی کەسایەتییە لای تاك وەکو بوێری لە بەرانبەر کەسانی دیکەدا لەخۆمان باڵاتر و گەورەترن، توانین لە بەرانبەر ئەو کەسانەدا کە داوای هاوکارییان لێ دەکەین، وەکو جڤاتی کارکردن، یان گرووپی کارکردن کە فێری پابەندبوونمان دەکات بە ڕێساکان و دەستووری کۆمەڵگە لەپێناو چاکترکردنی بۆ ئەوەی دەنگ بدەین بۆ باشترین بڕیاری عەقڵانی لە ناو گرووپی کارکردندا بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەم بازنەیە لە کاری هاونیشتمانیدا دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێك چەمکی میتۆدی کە بە بەرپرسیاریەتی دەست پێ دەکات، وەکو بنەما و پێکهاتەی ئەو مەعریفەیەی هەمانە بەرانبەر ئەرك و مافەکان و هاوسەنگ بوونیان، ئەرکەکان کۆڵەگەی دیموکراسین و مافەکان بەرهەمی ئەو ئەرکانەن کە لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا دروست دەبن بۆ ژیانێکی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و قبووڵکردنی یەکدی و پەیڕەوکردنی بنچینەکانی دادوەری و هاریکاری و ئاشتی لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵ و گرووپ و تاکانەی کە دەمانەوێت بگۆڕێن و دووبارە بناغەی هاونیشتمانی بوون دابڕێژین لە بەرانبەر ڕەهەندەکانی ئازادی و ئاسایش کە پابەندی حاڵەتی سایکۆلۆژی تاکن بۆ داهێنان و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی یەکسانی و دیموکراسی کە دەبێتە هۆی دەرخستنی ناسنامەی بە هاووڵاتی بوون و دیاریکردنی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی. زۆرجار وشەی دیموکراسی لە بوارێکی فراواندا بەکاردێت، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە زۆر زەحمەت دەبێت پێداویستییەکانی دیموکراسی دیاری بکەن، لە بەرئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی چەمکی هاونیشتمانی بوون شێوێندراوە بە زۆر ڕێگەی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بۆیە دەبێت بە میتۆدێکی ڕوونتر بیر لەمانای هاونیشتمانی بوون بکەینەوە. بەر لەوەی لە هاونیشتمانی بوون تێبگەین، دەبێت بیر لەو سیستەمە بکەینەوە کە بۆ پەروەردەی نیشتیمانی بۆ تاك گونجاوە، بەڵام لێرەدا تووشی گرفتی ئەوە دەبین

**بەر لەوەی لە هاونیشتمانی بوون تێبگەین، دەبێت بیر لەو سیستەمە بکەینەوە کە بۆ پەروەردەی نیشتیمانی بۆ تاک گونجاوە**

**هاونیشتمانی بوون پرۆسەیەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییە بەر لەوەی پرۆسەیەکی سیاسی بێت، واتە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر ڕێکخراوبوون و هەڵبژاردن و هەموو ڕەهەندەکانی بەدیموکراسی بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی**

کە پرسیار دروست دەبێت و وەڵامان نییە، واتە پێوەرەکانی بە هاونیشتمانی بوون لەگەڵ چەمکی مانای پەروەردەی مەدەنی ناگونجێن. بەڵام ئەم فەلسەفەی هاونیشتمانی بوونە لە بنچینەدا کۆمەڵێك فکر و بۆچوون و میتۆد بوون بۆ گۆڕان، کە ئامانجی پەروەردەی نیشتمانی ناسینی ئەو فکر و ئایدیۆلۆژیەت و میتۆدانە بوون و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردن و دەرئەنجامەکانیان. تەنانەت دوای بیرکردنەوە لە کێشەکان ناچار دەبین مەشقی فەلسەفی تیۆری بۆ ئەم بابەتە بکەین، ئەو کاتە پێویستیمان بە بیرکردنەوە دەبێت بۆ گرنگی ئەو بۆچوونانە. هەموو چەمکێکی مەدەنی بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو لە سەر بنچینەی تیۆری سیاسی دەبێت، واتە هەموو چەمکێك تێکەڵی وێنەی ئەو کۆمەڵگەیەیە، ئەم وێنەیەش چۆنیەتی هاوگونجانی لەنێوان بەها و کەلتوورە کۆمەڵایەتییەکانە و گرینگ نییە ئەو پێوەرە پێوەرێکی ئایینی، یان فەلسەفی، یان زانستی، یان کۆمەڵایەتی بێت. ئەم پێوەرەش لە هاونیشتمانی بووندا سێ فۆرمی هەیە: یەکەم، هزرە وەکو ئازادی و دادپەروەری و ئازادی هزرێکی زاڵە بەسەر ئەوانی دیکەدا. دووەم، شارستانیەتی کۆمەڵگە و کاریگەری ئەو شارستانیەتەیە لەسەر هزری تاك کە هاوتا بێت لەگەڵ پێشکەوتنی عەقڵییەتی مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ. سێیەم، داب و نەریت وەکو بەهایەك لە بەرامبەر پێوەرەکاندا بەکاردێت کە کۆمەڵگەکانی خۆیان وەکو فەرمانڕەوای ئاسمانی بەراورد دەکەن، لێرەدا دوای ئەو سێ فۆرمە شێوەیەك لە کۆمەڵگە دروست دەبێت کە دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە حوکمی دەستووری. هەستە ناوکییەکانی تاك لەگەڵ نیشتمانی نیشتەجێبووی تاك لاواز دەبێت، فرەئینتیمایی نامێنێت، ئینتیما بۆ خاك، بۆ کارکردن و دڵسۆزی لەکاردا، ڕاستگۆیی کار و کۆمەڵایەتی، ئینتیما بۆ سیاسەت و یاسا و ڕێساکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە و بەشدارینەکردنی لە ریفراندۆم و هەڵبژاردن و ڕێکخراوەکان و سەندیکاکان ئینتیما نەکردن بۆ داب و نەریت و پەروەردە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتمان، ئینتیماکردن بۆ دەوروبەر و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چەندان جۆری دیکە لە ئینیتما بە پێی کارابوونی تاك لەو شوێنە، ئەمانە هەموویان لە بەرانبەر ئەرکێکی زۆر و مافێکی کەمدا لاواز دەبن، چونکە ئەو کاتەی تاك هەست دەکات لە خاکی خۆی و نیشتمانی خۆی نامۆیە و خەسڵەتی هاووڵاتی بوونی نییە، بۆیە خاوەنی هیچ پڕۆژەیەك نییە بۆ ئایندە، چ هزری بێت، یان ماددی، هاوکات تاوگیری هەڵچوونی دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی وزەیەکی زۆر لە چوارچێوەی تەنگژەی دەروونی وەکو پەرچەکردار و ناڕەزایی و ڕکابەری ئەو وزەیە سەرف دەکات، لەوانەیە ئەم جارە دژە ئەرك و ئینتیما کار بکات، لە هەمان کاتدا ئەگەر ماف لە بەرانبەر ئەرکدا پتر بوو، ئەوە کەسێکی نادڵسۆز و مشەخۆر و دیکتاتۆر دروست دەکات، کە لە بەردەم پڕۆژەی هاونیشتمانی بوون و پرۆسەی مەدەنی و داهێنان و گۆڕانکاری و دژی هەموو ریفۆرمێکی سیاسی و ئیداری دەوەستێت، تا دەگاتە ئەو ئاستەی دژەدیموکراسی دەبێت و بەرەنگاری هەموو ناڕەزاییەك دەکات، کە داوای بەرامبەری ئەرك و ماف دەکات، سازش لەسەر هەموو هزر و پرەنسیپێك دەکات بۆ ئەوەی لە مافەکانی کەم نەبێتەوە و ڕووبەڕووی ئەرك و بەرپرسیارێتی نەبێت، بەرپرسیارێتی بەرامبەر هەندێ ڕەهەندەکانی هاووڵاتی بوون دەیخاتە مەترسی و بە هیچ شێوەیەك ئینتیمای نابێت. لێرەدا هاووڵاتی بوون دوو کەرتی دژ بە یەك دەبن، کە یەکەمیان بەرانبەری ئەرك و ماف دەکات و بەردەوام دیموکراسیخواز و ریفۆرمخوازە هەست بە بەپرسیارێتی و دادپەروەی کۆمەڵایەتی دەکات، کەرتی دووەم بەردەوام بەرگری لە مافە بێ ئەرکەکانی دەکات و هەستی بەرپرسیاریەتی نامێنێت و دژی دادپەروەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییەکانی دیموکراسی دەبێت و بەردەوام چەق بەستووی کورسی دەبێت. ئەم هەموو گۆڕانکارییە پێویستی بە پڕۆژەیەکی گەورە و فراوانی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئینتیماکانی هاونیشتمانی بوون بەرانبەر بەرپرسیاریەتی دەسەڵات و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە پێی دەگوترێت پڕۆژەی کارامەیی هاووڵاتی بوونی سەرەکی (بنچینەیی) ئەمەش لەسەر سێ پرسیاری سەرەکی دەوەستێت کە ڕووبەڕووی هەموومان دەبنەوە وەکو: چۆن نەوەیەك ئامادە دەکەین ئەکتیڤانە بخرێتە ناوپرسی ژیانی گشتیی کۆمەڵ. بەرپرسیارێتی بۆ چەسپاندنی ئینتیمابوون وەکو پڕۆژەیەك ئەو کاتە مافەکان دەستەبەر دەکرێت. لە وڵاتێکدا دەژین بۆیە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ناهاوسەنگیی دەروونی و مەعریفی هەیە، تا دەگاتە ڕادەی دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە گرێی کێماسی لە بەرانبەر ئایندەدا. ئینتیما پڕۆژەیەکی بەردەوامی هاووڵاتی بوونە واتە لە بەرانبەر داخوازییەکانی تاك و کۆمەڵدا جێگیر نییە، دەکرێت لەبەرانبەر ئەوەدا دادپەروەی کۆمەڵایەتی ببێتە بیمە و پارێزەری ڕەهەندەکانی دەستوور بۆ دڵنەوایی کۆمەڵ لە هەموو گۆڕانکارییەکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراودا. ئینتیمابوون بۆ نیشتمان، یاخود هاونیشتمانی بوون، پرۆسەیەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییە بەر لەوەی پرۆسەیەکی سیاسی بێت، واتە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر ڕێکخراوبوون و هەڵبژاردن و هەموو ڕەهەندەکانی بەدیموکراسی بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی.

---

*پسپۆری دەروونزانی

# یەمەن: ئەو بیرە ترسناکە!!



عەبدولحوسێن شەعبان
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

شەڕی یەمەن وەك ئەو شەڕانەی دیکە نییە کە لە ناوچەکە روویانداوە، ئەو شەڕە رۆژهەڵات و کەنداوی سەرقاڵکردووە، شەڕەکە وەك ئەو شەڕانە نییە کە لە سووریا، یان عێراق، یان تەنانەت لە لیبیای باکووری ئەفریقیا روودەدەن.

شەڕی یەمەن ناوچەیی جوگرافییە، مەزهەبی تێکەڵ بە سیاسەت کردووە، ناوخۆ بە دەرەوە و عەرەب بە ئیقلیمەوە و ئیقلیمیش بە دەوڵەتانەوە، ئەگەر بزاوتی باشوور هەر زوو دەرکەوتبێت وەك گوزارشت لە ململانێی نێوان باکوور و باشوور، بەڵام دوور نەبووە لە دابەشکاری و ململانێیەکانی نێو هەردوو لا و دەوروبەریان.

ململانێی یەمەن زۆر بەخێرایی گۆڕا بە گۆڕەپانی شەڕ، دوای ئەوەی دەستپێشخەریی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو قەیرانەکەی قۆستەوە، ئەویش بە قایلکردنی عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سەرۆکی پێشوو کە واز لە دەسەڵات بهێنێت، ئەم دەستپێشخەرییە بۆ ماوەی دووساڵ و چەند مانگێك قۆناغێکی گواستنەوەی بە رووی وڵاتدا کردەوە، تاکو پرۆسەی گۆڕانکارییەکە تەواو بێت، کە پێویستی دەکرد زۆر نەرم و ئاشتییانە بێت، بەڵام دەستێوەردانی ئیقلیمی ئاستەکەی بەرزکردەوە، بەتایبەتیش لە یەکانگیریی ناوخۆ و کێشمەکێشی سیاسی و ریزبەندی مەزهەبیدا، ئەمەش دوای ئەوەی گرووپی ئەنسارولڵا (حوسییەکان) دەستیان بەسەر جومگەکانی حکومەت و ناوەندە سەرەکییەکاندا گرت لە سوپا و پۆلیس و پێکهێنانی لیژنەی شۆڕشگێڕی، هەروەها پێشنیاری ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی و پەرلەمانێکی تازە.

سیاسەتی عەرەبستانی سعودی نەریتی بوو، هەروەها لەوەدا بوو کە بە پێی توانا لە کێشەکانی ئێستای عەرەبی دوور بکەوێتەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەویش بگرێتەوە، بەڵام وەرچەرخانێکی گەورەی تێکەوت لەوەتەی بەهاری عەرەبی، ئەویش بە گۆڕانکاریی لە خۆبەدوورخستنەوە بۆ دەستێوەردانی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەم شێوەیە خێرا هەڵوێستێکی لە بەرامبەر قەیرانی سووریا وەرگرت، هەتا ئەگەر دووریش بێت لە گۆڕەپانی ململانێیە گەرمەکە، جا ئەگەر لە رووی سیاسییەوە لاگیر بووبێت، یان پشتیوانیی ماددی پێشکەش کردبێت، لە بەحرەینیش دەستێوەردانی سعودیە بەناوی (قەڵغانی دوورگە) رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینی لە پاراستنی رژێمەکە، بەڵام لە یەمەن دەستێوەردانەکە شێوەی هاوپەیمانیی عەرەبی- ئیقلیمی وەرگرت و ناوی لە ئۆپەراسیۆنەکە نا (گەردەلوولی پێداگری) کاتێ هەستی کرد کە پڕیشکی ئاگر گەیشتە سنوورەکانی.

رەنگە پەرچەکرداری خێراش هۆکارەکەی هۆشیاربوون بێت لەوەی ناوچەکە نەکەوێتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە، وێڕای ئەو پەیوەندییانەی کە سعودیە بە یەمەنەوە دەبەستێتەوە، لەبەر ئەوەی گەلانی هەردوو وڵات بە درێژایی سنووری درێژی نێوانیان و مێژووی هاوبەش و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێڵەکییەکان بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سەدان هەزار هاووڵاتی یەمەنی لە سعودیە دەژین و بە درێژایی کات ژمارەیان زیاد دەکات.

لە ململانێی یەمەندا گرفتەکە تەنیا بوونی ناکۆکیی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو سعودیە بە رەهەندە ئیقلیمییەکەی تێڕوانینی بۆ کردووە، بەو ناوەی ململانێیەکی عەرەبی- فارسییە، کە بە پلەی یەکەم شێوەیەکی سیاسی وەرگرتووە بە پاشخانێکی کوشندەی مەزهەبی، هەر ئەوەش بوو کە لە ناوچەکە لە ژێر چەند ناونیشانێکی (سوننە و شیعە) و پاشکۆکانیاندا بڵاوبۆتەوە، کەنداویش ئاواتی ئەوە بوو کە نەهێڵێت ئێران پرۆژە ئەتۆمییەکەی تەواو بکات، کە پێشتریش هەر پێی نیگەران بوو، واشنتۆنیش رایگەیاندبوو کە لەگەڵ ئێراندا گەیشتۆتە رێککەوتنێك بەو ناوەی کە باشترین چارەسەری پێویستە لە پشتیوانیکردن لە گەردەلوولی پێداگری، کە سەرۆك باراك ئۆباما ئەمەی درکاندبوو.

ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو لە ساڵی ١٩٨١ دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران لەسەروبەندی کشانی هەژموونی ئێران دامەزرا، بەتایبەتش کە هەڵوێستی ئەنجومەنەکە هەمیشە پشتیوانیکردن بوو لە ڕژێمی پێشووی عێراق لە شەڕی عێراق- ئێران ساڵی ١٩٨٠-١٩٨٨، جا لەبەر ئەو هۆکارو پاساوانەی ئێستادا، کە ئێمە مەبەستمان ترسە و بە مەترسیی ئێران و هەناردەکردنی شۆڕش ناوزەد کراوە.




**شەڕی یەمەن لە شەستەکاندا لەگەڵ شەڕەکەی ئێستا جیاوازبوو، ئەو کات بریتی بوو لە شەڕی نێوان ئیمامییەکان و نێوان شۆڕشی ئەلسەلال، هەرچەندە ڕەهەندێکی ئیقلیمی وەرگرت کە میسر ٧٠هەزار سەربازی ڕەوانەکرد بۆ دەستێوەردان لە یەکلایی کردنەوەی ململانێکە**

ئەگەر هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هاوکاریی عێراق بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی داعش و داوا لە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، لە ئاشتییەکی ڕانەگەیەندراو لەگەڵ ڕژێمی سووریادا، دەبینین کە لە نهێنییەوە دێتەدەر و بە ئاشکرا بەدوای بەرژەوەندییە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکانیدا دەکەوێت، لەنێوان دوژمنان و دۆستان، بەتایبەتیش لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوە جیهادییە پەڕگیرییەکاندا.

لە یەمەن، وێنەکە ڕووەو ئاڵۆزییە، بەشێوەیەك حوسییەکان لە ململانێدا دەبن لەگەڵ ڕێخراوەکانی ئەلقاعیدە، ململانێکە توندترە لەنێوان واشنتۆن و ئەو ڕێکخراوانە، لەلایەکی دیکەوە دیدارە نێودەوڵەتییەکەی ٥+١ لەگەڵ ئێران و لەسەر کەناری دەریاچەی لیمان(لۆزان) لە سویسرا، گەیشتە قۆناغی کۆتایی دوای وتوێژەکان کە ١٦ مانگی خایاندو دانوستان و گفتوگۆ کە ١٢ ساڵ بەردەوام بوو، لە کاتێکدا عەرەبستانی سعودیە بە گەیشتنی هەژموونی ئێران بۆ دەوروبەری وڵاتەکە زۆر نیگەران و تەنگەتاوبوو، تەنانەت هەندێك هەبوون کە بەنزینیان بە ئاگرەکەدا دەکرد لە ڕێی لێدوان لەلایەنێکی دیاریکراوەوە ئەم جارە لە تاران، بەوەی کە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکەیان بەغدایە و بابولمەندەبیش نزیکە و زۆری نەماوە.

شەڕی یەمەن لە شەستەکاندا لەگەڵ شەڕەکەی ئێستا جیاوازبوو، بریتی بوو لە شەڕی نێوان ئیمامییەکان و نێوان شۆڕشی ئەلسەلال، هەرچەندە ڕەهەندێکی ئیقلیمی وەرگرت لە نێوان میسر کە ٧٠هەزار سەربازی ڕەوانەکرد بۆ دەستێوەردان لە یەکلایی کردنەوەی ململانێکە و لە نێوان پشتیوانیی عەرەبستانی سعودیە بۆ شەرعییەتی داماڵراو، بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی شەرعییەتی شۆڕشەکە کە هێشتا پێی خۆی قایم نەکردبوو، بەڵام نەدەکرا بەخێرایی دانی پێدابنرایە، هەر ئەوەش بوو کە لە ململانێی ساڵی ٢٠١٤ و دواتر جیاوازی هەبوو، چونکە شەرعییەتی شۆڕشگێڕی کە حوسییەکان پشتی پێ دەبەستن زۆر بە توندی و پێداگریی کەنداو ڕەتکرایەوە، هەروەها لەگەڵ سووربوون بە گەڕاندنەوەی شەرعییەتی کۆن بە نوێنەرایەتیی عەبد ڕەبە هادی مەنسور(سەرۆکی کاتی) و جێگری سەرۆکی پێشوو، کە دەستپێشخەرییەکەی کەنداو بەر لە سێ ساڵ دایمەزراند و لە ئاکامی تەقینەوەی هێبەتی میللیانەی یەمەن دژی حکومەتەکەی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح.

**لوتکەی عەرەبی لە شەرم ئەلشێخ بڕیاری دا ڕووبەڕووی هەڵکشانی دەسەڵاتی ئێران ببنەوە، بەتایبەتیش بە پشتیوانیکردن لە گەردەلوولی پێداگری کە بە دوو ڕۆژ پێش بەستنی لووتکەکە دەستی پێکرد**

لە شەڕی شەستەکانی سەدەی ڕابردووی یەمەندا سیاسەتی دیالۆگیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەنێوان هەردوو بلۆکی سۆشیالیزم و کەپیتاڵیزم و پاشکۆکانیان لە نێوان میحوەر بە سەرۆکایەتیی قاهیرەو میحوەرێکی دیکە بە سەرۆکایەتیی ڕیاز درێژەی هەبوو، کە داوای دەکرد هاوپەیمانییەکی ئیسلامی پێکبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەگەرەکانی فراوانبوونی ناسریەت، بەڵام دوای نسکۆی ساڵی ١٩٦٧ لەلایەن ئیسرائیلەوە لوتکەی ئاشتبوونەوەی میسری- سعودی بەستراو لە کۆنگرەی خەرتومدا زیاتر چەسپا کە بە کۆنگرەی (نایەکان) ناسرا (نا ئاشتی و نا دانپێدانان و نا وتوێژکردن).

ململانێیکەی ئەمڕۆ تەنیا بە ئاشتبوونەوەی عەرەبی- ئیقلیمی کۆتایی نایەت، بەڵکو لەوە ئاڵۆزترە، بریتییە لە ململانێیەکی ئاوێتەو تێکچڕژاو، چونکە مەسەلەکە تەنیا بە ئێستاوە پەیوەست نییە، یان بە خودی یەمەنەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ئاییندەی ناوچەکە، شتەکەش کە ڕووبەڕووی هەمووان دەبێتەوە ئەوەیە کێ لە داهاتوودا حوکمی یەمەن دەکات، چ بە ئەگەری لەناوبردنی

حوسـییەکان و گەردەلوولی پێداگری سەرۆك مەنسوور دەگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی، یان بە گەڕانەوە بۆ مێزی دانووسـتان؟ بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەوەیە :ئایا یەمەن وەك خۆی دەمێنێتەوە یـان جیابوونەوە دەبێتە دیفاکتۆ؟ دابەشـبوونەکە وەك پێش یەکێتییەکەی ساڵی ١٩٩٠ی لێدێتـەوە، کاتـێ هەوڵێکی زۆر درا بـۆ گەڕانەوەی کۆنەکەی پێشتری لە ١٩٩٤ کاتێ جارێکی دیکە شەڕ بە خولیای جیابوونەوە بەرپابوو لە نێوان سـەرۆك عەلی عەبدوڵڵا سـاڵح و جێگرەکەی عەلی سالم ئەلبیز، بەڵام رەوتی یەکێتی و هەژموونی عەلی عەبدوڵڵا سـاڵح و مانۆڕەکانی رێگەی بەمە نەدا.

جا ئەگەر دۆسـێی جیابوونەوەو لەتبوون کرایەوە ئـەوا تەنیا لە



باشـوورەوە ناوەسـتێ، رەنگـە هەراو ئاشووبی دوای گەردەلوولەکە دەسـت پێبکات، ئەو هەرایەش لە هەراکانی سـووریاو لیبیا ناچێت یان پێشـتر هەرای عێراق، چونکە بەر لە تەقینەوەی ململانێیەکە نزیکەی ٦٨ ملیۆن پارچە چەك هەبووە واتا هەر کەسـێك دوو چەکی بەردەکەوت، ئەدی دوای گەردەلوولەکە دەبێ چۆن بێت کە بە راسـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چەکی بۆ هاتووە؟.

ئەگەر ئەمڕۆ هاوکاریی هەبێت لە نێوان حوسـییەکان و عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سـەرۆکی پێشوو، دوژمنانی دوێنێ کە شـەش شـەڕی دژیان هەڵگیرسـاندووە و حەوتەمیش بە رێگەی سنووری عەرەبستانی سعودیەیە، ئەوا چەندین حزبی دیداری هاوبەش:سۆشیالیستەکان و ناسرییەکان و چاکسازیخوازەکان و بزاوتی باشوور دژیان دەبن، لەوانەش رێکخـراوی ئەلقاعیدەو هۆزە وەلائخوازە جیاجیاکان.

ئەمە پێویسـتی بە هەڵمەتێکی زەمینی هەیە بۆ ئەوەی لە گۆڕەپاندا شـەڕەکە یەکلایی بکرێتەوە، کە تا ئێستا هاوپەیمانیی کەنداو- عەرەبی بڕیاری لێ نەداوە، بەڵام ئەم جۆرە هەنگاوە پێویسـتی بـە فراوانکردنی بنکەی هاوپەیمانییەکـە هەیـە، کە دەکرێ پشـت بە بازووی میسری و ئەوی دیکەش پاکستانی ببەسترێت، ئەمەش بەهێزی دەریایی پشـتیوانیی لێدەکرێت بۆ تەواوکردنی گەردەلوولی پێداگـری، بەڵام ئەم جۆرە بژاردەیە پڕ لە مەترسـییەو رەنگە شتی لەناکاویشـی تێدا بێت، بۆیە یەمەن بیرێکی قووڵ و ترسناکە.

چی تـازە لە رەوشـی یەمەندایە، لوتکـەی عەرەبی لە شـەرەم ئەلشـێخ بڕیـاری دا رووبەڕووی هەڵکشانی دەسەڵاتی ئێران ببنەوە،

بـە تایبەتیش بـە پشـتیوانیی کردن لـە گەردەلوولی پێداگری کـە بە دوو رۆژ پێش بەسـتنی لووتکەکە دەستی پێکرد، بەتایبەتی کە میسر هەوڵی دا شکۆمەندیی خۆی بەدەست بێنێتەوە، نەخاسمە بە پێکهێنانی هێزێکی هاوبەشی عەرەبی کە دەستێکی باڵای تێدا هەبێت، بە تایبەتیش هێزی مرۆیی کە میسر دەبێتە بنەمای سەرکیی ئەو هێزە.

یەمەن لـە ئیمامیەتەوە رووی لـە عەرەبچێتی کرد و لەویشەوە لە باشوورەوە بۆ سۆشـیالیزم، دواتر بە هۆی بزاڤـی میللییەوە بەرەو دیموکراسـییەت هەنگاوی نا، بۆیـە دەبینین کە ئەم جارە دەگەڕێتەوە بۆ دەمارگیریی خێڵەکی و ناکۆکی و پێکدادان و رەنگە دابەشـبوونیش کە باجەکەی بۆ یەمەنییـەکان و داهاتووی وڵاتەکەیان زیاتر دەبێت، کە بەشـێکی گرنگـی ئایندەی کەنداو و ناوچەکەی لەسەر دەوەستێ.



**کەمال موسلیم** وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ گوڵان:

# خوێندنی ئایینی کەموکوڕی گەورەی هەیە دەبێت بە شێوەیەک چارەسەری بکەین لەگەڵ سەردەم بگونجێت

**کوردســـتان رووبەڕووی شـــەڕێکی گەورەی تیرۆریســـتانی داعش بۆتەوە کە لە ژێر پـــەردە و ناوی پیرۆزی ئیسلامدا مەبەستیانە هەرچی کاری دڕندانە و نامرۆڤانەیە پەردەپۆشی بکەن، لەمەش زیاتر دەیانەوێت بە ڕێگەی گوتنەوەی چەند ئایەتێکی قورئان و چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) خەڵکی چەواشە بکەن. بۆ قسەکردن لەســـەر ئەم پرســـە و ڕێگرتن لە دیاردەی توندوتیژی و چەندین پرسی دیکە کە پەیوەستە بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردســـتان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کەمال موسلیم وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** لەکاتێکدا هەرێمی کوردســـتان رووبەڕووی شەڕێکی داسەپاوی تیرۆریستی داعش بووەتەوە و ئەو شەڕەش بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیســـلام دەرهەق بە نەتەوەکەمان دەکرێت، راتان سەبارەت بەم پرسە چییە و تا چ رادەیەك توانراوە لـــە ڕێگەی وەزارەتەکەتانـــەوە رووبەڕووی ئەم هێرشە ببنەوە؟**

-راســـتە ئەم شـــەڕەی دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی داعش بـــە ناوی پیـــرۆزی ئیســـلامەوە دژ بـــە نەتەوەکەمان دەکرێت و گەلی کوردســـتانی رووبەڕووی کۆمەڵکوژی کردۆتەوە، بەڵام ئەو تاوانانەی کە داعش لە ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتی خۆی و دەرهەق بە گەلی کوردســـتان ئەنجامی دەدات، هیچ پەیوەندیەکی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە نییە و گوزارشـــت لە پەیامی راستەقینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ناکات، لەم روانگەیەوە وەزارەتی ئەوقـــاف بە هەموو دەزگاکانی، بەتایبەتی لە مینبەری مزگەوتەکانەوە لەلایەن مامۆســـتایانی ئایینی هەر لە ســـەرەتای شەڕی داســـەپاوی داعش بەسەر کوردستان رووی راســـتەقینەی ئەم گرووپە تیرۆریستە چەکدارەیان بۆ هاووڵاتیان و هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان ئاشکرا کـــردووە و بەتوندی رووبەڕووی ئەم فیکرە توندوتیژی و ئیرهابییە بووینەوە.

*** ژمارەیەکـــی زۆری مزگـــەوت و دێر و کەنیســـە و پەرســـتگای ســـەر بە ئایین و ئاییـــنزاکان لەهەرێمی کوردســـتان بوونیان هەیە، ئایا تـــاچ رادەیەك توانیوتانە هەنگاو بەرەو پێکەوەژیان لەنێوان هەموو ئایینزاکان بنێن؟ ئایا پێوەندیتان لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا چۆنە؟**

- بوونـــی مزگەوت و دێر و کەنیســـە و پەرســـتگاکان لە کوردســـتان بەڵگەیەکی روونە بۆ ئـــەو پێکەوەژیانە ئاشـــتییانەی کە لە دێرزەمانەوە لە کوردســـتان هەیە، ئەمـــەش مێژوویەکی دوور و درێـــژ و رەگێکی قووڵی هەیـــە، بە رادەیەك ئـــەم پێکەوەژیانەی نێـــوان ئایین و ئایینزاکان بووەتە کەلتووری خەڵکی کوردستان و زادەی ئەمـــڕۆ و رووداوەکان نییە، بۆیە وەزارەتی ئەوقاف زیاتر پەرە بەم پێکەوەژیانە دەدات و پەیوەندی نێوان پەیڕەوانی ئایینی و ئایینزاکانی کوردســـتانیش زۆر باشە و هیچ کێشـــەیەك لەنێوانیانـــدا نییە، لەوەزارەتـــی ئەوقافیش بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی کاروباری مەســـیحییەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی ئێزیدییەکان هەیە کە کارەکانی ئەم دوو پێکهاتەیە رادەپەڕێنن.

*** مینبەری مزگەوتەکان موڵکی هیچ کەس و لایەنێك و بۆچوونێکی دیاریکراو نییە، ئایا تا چ رادەیەك کار بۆ ئەم پرەنسیپە کراوە کە مینبەری مزگەوتەکان بێلایەن بێت**

**بۆ حەجی ئەمساڵ هەموو ئامادەکارییەکانمان کردووە، هەوڵیشمان داوە کە کەمترین کەموکوڕیی لە حەجی ئەمساڵدا هەبێت**



**و چۆن لەگەڵ ئەم پرسە مامەڵەتان کردووە؟**

- بەدڵنیاییەوە مینبەری مزگەوتەکان موڵکی هیچ کەس و لایەنێك نییە و نابێ لە بەرژەوەندی، یان لە دژی هیچ کەس و لایەنێك بەکار بێت، ئەم بابەتەش بەردەوام جەختی لەسەر دەکرێتەوە، هەر وتارێکیش سووکایەتی، یان دژایەتی هەر لایەن و پێکهاتەیەك بکات، یان سووکایەتی و ناوزڕاندنی تێدا بێت، وتاربێژەکە بەپێی یاسا ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەکات.

*** خوێندنی وتاری هەینی و ئایینیی مامۆستایان چۆن ڕێکدەخرێت، تاوەکو نەبێتە هۆکارێك بۆ توندوتیژی و بۆ بەمەستی سیاسی بەکارنەهێندرێت؟**

- خوێندنەوەی وتاری هەینی مامۆستایان بەردەوام بەدواداچوونی بۆ دەکەین و وەکو وەزارەتی ئەوقافیش ڕێگە نادەین وتاری هەینی هانی توندوتیژی تێدا بدرێت.

*** بوونی ئینتیمای حزبی لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە تا چەند ڕێگە پێدراوە و لەسەر چ بنەما و ڕێنمایی و یاسایەك ڕێگری لەتێکەڵبوون و دەستێوەردانی حزبی دەکرێت؟**

- من لەگەڵ ئەوەدام واباشترە کە مامۆستای ئایینی بێلایەن بێت، بەڵام لای ئێمە گرنگ نییە ئینتمای بۆ چ حزب و لایەنێکی سیاسی هەیە، گرنگ ئەوەیە نابێت ئەو ئینتمایەی لە کارەکانی و وتارەکانیدا ڕەنگ بداتەوە، پێگە و مینبەری مزگەوت نابێت بۆ بەرژەوەندی حزبەکەی دژی لایەنەکانی دیکە بەکار بهێنێت.

*** پێوەندی وەزارەتەکەتان لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان و لیژنەی باڵای فتوا چۆنە ؟ ئایا چۆن فتوا ڕێکخراوە؟**

-پەیوەندی وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان باشە و لیژنەی فەتوا تەنها مەرجەعە کە فتوای لێ وەردەگیرێت.

*** ئایا دەکرێت بگوترێت شوێنە ئایینیەکانمان و دامودەزگاکانی وەزارەتی ئەوقاف هەنگاویان بەرەو بە دامەزراوەیی مەدەنی ناوە؟**

- سەبارەت بە دامەزراویکردنی دامودەزگاکانی وەزارەتی ئەوقاف ئێمە لە هەوڵی جددیداین و ئەم مەسەلەیە بەلای ئێمەوە گرنگە.

*** مەسەلەی خوێندنی ئیسلامی وەزارەتی ئەوقاف بە کوێ گەیشتووە، ئایا کێشەکانی پڕۆگرام و نەبوونی مامۆستا و دامەزراندنی دەرچووانی ئەو خوێندنگەیانە چارەسەر کراون؟**

- خوێندن لە وەزارەتی ئەوقاف کەموکوڕی گەورەی تێدایە، خەریکین چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزینەوە و بە دامەزراوەیی بکەین بە شێوەیەك لەگەڵ خوێندنی سەردەمدا بگونجێت.

*** سەفەرکردنی حەج و ڕێکخستنی ئەو پرۆسەیە بۆ ئەمساڵ چۆن بوو؟ ئایا لەوەزارەت کێشەیەکتان هەیە بە ناوی کەموکورتی یان پێشێلکردنی ڕێنماییەکان لە مەسەلەی حەج، یان کۆمپانیاکانی ئەم بوارە کەمتەرخەم نەبوون؟**

-بۆ حەجی ئەمساڵ هەموو ئامادەکارییەکانمان کردووە، هەوڵیشمان داوە کە کەمترین کەموکوڕی لەحەجی ئەمساڵدا هەبێت و زۆرترین خزمەت بە حاجییان بکرێت.

*** ئایا تاچەند توانیوتانە لە داهاتی وەزارەتی ئەوقاف سوودمەند بن کە ساڵانە زیاتر لە دوو ملیار دینارە؟**

- لە ئێستادا لەبەر کێشەی دارایی نەمانتوانیوە سوود لەم داهاتە وەربگرین، بەڵام لەمەودوا دەگەڕێتەوە حیسابێکی بانکی تایبەت بە وەزارەتی ئەوقاف کە کارپێکردن لە دەسەڵاتی وەزارەتی ئەوقاف دەبێت.

**بوونی مزگەوت و دێر و کەنیسە و پەرستگاکانی کوردستان بەڵگەیەکی روونە بۆ ئەو پێکەوەژیانە ئاشتییانەی کە لە دێرزەمانەوە لە کوردستان هەیە، ئەمەش مێژوویەکی دوورو درێژ و ڕەگێکی قووڵی هەیە**

**مامۆستایانی ئایینی هەر لە سەرەتای شەڕی داسەپاوی داعش بەسەر کوردستان رووی ڕاستەقینەی ئەم گرووپە تیرۆریستە چەکدارەیان بۆ هاووڵاتیان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاشکرا کردووە**

# ژنانی داعش



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

خاتوو (نێمی گۆریناتان)ی شارەزا لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ، باسێکی لە بڵاوکراوەی (فۆرن ئەفێرز)دا نووسیوە لە بەرواری (٢٠١٤/٨/٢١)دا بە ناونیشانی (ژنانی داعش) کــە تیایدا دەڵێت: «بۆ ئەوەی لـــەوە تێبگەین کە بۆچی ژنانێك هاوکاریـــی داعش دەکەن، پێویســـتە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەشـــداربوونی ژنان لە جەنگەکانی سلڤادۆر و ئەریتیریـــا و نیپـــاڵ و ســـیریلانکا». هەروەها دەڵێت: «بەشـــداربوونی ژمارەیەك لە ژنان لـــە کردە خۆکوژی و تیرۆریســـتییەکاندا، ئەوەیان دەرخست کە بیرۆکەیەکی باو هەبوو، ڕاست دەرنەچوو کەوای پیشان دەدا ژنان بە سروشتی خۆیان کەمتر بە لای توندوتیژیدا دەچن، یان دەگوترا ئەوان بەرگەی ئەو قەســـوەت و کارە خوێناوییانە ناگرن کە ئەم ڕێکخراوە توندڕەوانە بەکاریان دێنن».

هەروەها لە توێژینەوەیەکـــی (پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەکانی توندڕەوی)یشـــدا دەرکەوتووە کە «تەمەنی زۆرترینی ئەو ئافرەتانەی کە بەشـــداریی داعش دەکەن لە نێوان (١٩ بۆ ٢٠) ســـاڵیدایە و هەندێکیان وەك پۆلیســـی تایبـــەت بـــە فەرزکردنی جۆرێك لە جل وبەرگ بەســـەر ژناندا کار دەکەن، هەندێکیشـــیان لە کاری گواســـتنەوەی نهێنییەکان و شتومەکی ســـەربازیدان، هەندێکیشیان وەك پشکێنەر لە خاڵەکانی پشـــکنیندان، چونکە کۆمەڵگەی عەشـــائیری بە ڕەوای نازانێت ئافرەتان بپشـــکێندرێن لە لایەن پیاوەوە، ئەمەش جۆرێك لە حەسانەی کۆمەڵایەتییان پێدەدات لەکارەکانیاندا».

بە شێوەیەکی ســـەرەکی کچان و ژنان لە سووریا و عێراق و وڵاتانـــی باکـــووری ئەفریقیا، لەســـەروویانەوە تونس و هەروەها میسر و سعودیە و ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنســـاوە دەچنە نێو ریزەکانی داعشـــەوە. ئەمە جگە لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاســـت کە سەرچاوەی سەرەکیی ناردنی کچان و ژنانە بۆ نێو داعش.

زۆر هۆکار هـــەن بۆ چوونی ژنان بۆ نێو ریزەکانی داعش لەوانە:

**یەکەم: هۆکاری تایبەت**

بەتایبەت ژنانی عێراقیی و ســـووری کە زۆریان هاوسەر، یان کوڕ، یان ئەندامانی خێزانیان لەدەســـتداوە، یان تووشی بردن و گرتن بوونەتەوە پێشـــتر، یان ماڵ و خانوویان وێران کراوە بە دەســـتی هێزەکانی ســـووریا و عێراق، بۆیە وەك دۆزینەوەی پەناگەیەکی نوێ، یان وەك تۆڵەســـەندنەوەیەك لەو دوو ڕژێمە دەچنە نێو ریزەکانی داعشەوە.

**دووەم: هۆکاری ئایدیۆلۆژی**

وەك سەرســـامبوون بە دروشـــمی خەلافەتی ئیسلامی و خەلیفەی موســـڵمانان، کە هانی زۆرێك لەوانە دەدات بۆ چوونە نێو ریزەکانی داعش بە نیەی جیهادکردن لە پێناوی خوا و ژیان لە سایەی خەلافەتی ئیسلامیدا.

**سێیەم: هۆکاری تائیفی**

بەشێك لە سوننەکانی سووریا و عێراق ئەوانەیان کە بەدەستی ڕژێمی سووریا و دەسەڵاتی عێراق زیان لێکەوتوون، دەچنە نێو ریزەکانی داعش، چونکە وادەزانن کە داعش پارێزگاری لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەکات و تاکە ڕێگەیە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سوننی.


**چوارەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی**

زۆرێك لـــەو کچ و ژنە موســـڵمانبووانەی ئەورووپا کە لە خێزانێکی بێباوەڕ، یان لە خێزانێکی ئەورووپی مەسیحی، یان یەهوودیدا دەژین، لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە دژایەتی دەکرێن، وەك هەڵاتنێك لە هەستکردن بە غوربەتی ئایینی لەماڵی خۆیاندا، دەچن پەنا دەبەنە بەر ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی کە لە ڕێگەی نێت و هاوڕێکانیانەوە بۆیان وەسف کراوە.

**پێنجەم: هۆکاری ئینسانی**

زۆرێـــك لـــەو کـــچ و ژنانەی کە لـــە ئەورووپا لە ســـەر بنەماکانی مرۆڤدۆســـتی و مافی مرۆڤ و یارمەتیدانی ستەملێکراوان پەروەردە کراون، ناتوانن دانیشن و لە دوورەوە تەماشای بریندار و خاوەن پێداویستییەکانی خەڵکی سڤیل بکەن، بۆیە بە پاڵنەری ئینسانییەوە ڕوو دەکەنە سووریا بە ئومێدی پێشکەشـــکردنی یارمەتی بۆ هەژار و بریندار و ئافرەت و منداڵی بێ سەرپەرشـــت، کەچی دواجار بەزۆر و بەپێچەوانەی ئامانجـــە مرۆییەکەی خۆیانەوە، دەکەونە داوی ڕێکخراوی داعش و هاوشێوەکانییەوە.

# ڕێکخستنی نێوماڵی کورد لەم بارە ناجێگیر و پشێوییەی ئێستادا



پ. جەماڵ ڕەسول محەمەدئەمین*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەرەتا پێویست بەوە ناکات هەوڵ بدەین ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو دۆخە پڕ لە پشێوییەی پاش کەوتنی سەدام بدەین کە عێراق و بە دیاریکراویش کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، لەم بارەیەوە پێویستیمان بە دیدێکی پانۆرامایی ڕوونتر هەیە:

- دێوەزمەکەی ستەمکاری دەستی واڵاکراوەتەوە و دەیان ساڵ بە زۆرەملێیانە پێکهاتەکانی عێراق لە لایەن سوننەکانەوە تەعریب دەکران و ئێستاش لە لایەن شیعەوە ئەم زۆرەملێتییە پێچەوانە بۆتەوە.
- ئێستاش بە شێوازی جیاواز تەعریبی ناوچە کوردستانییەکانی دراوسێی خاکە عێراقییە عەرەبەکان بەردەوامێتی هەیە.
- بەربەستەکان زۆرتر بوون بۆ ڕێگریکردن لەو پڕۆژە ئاشتیخوازانەیەی بە مەرج لە دەستووردا تۆمار کراوە و بۆ ئەو مەبەستەش سەرژمێری دانیشتووان ئەنجام نەدراوە، تا ماددەی ١٤٠ دیزە بەدەرخۆنە بکرێت، وێڕای پێویستێتی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بۆ هەموو سێکتەرەکان.
- وێڕای بەرهەڵستییەکان، کەچی مالیکی ئۆپەراسیۆنی دیجلە و ئۆپەراسیۆنی دیکەی دامەزراند و ناوچەکانی تکریت و موسڵی وەك کۆگا پڕچەکی ئەمریکایی کردن. ئەمەش پاش ئەوە ڕوویدا کە بەغدا درکی بەوە کرد کە کوردستان دەتوانێت لەو بیرە نەوتییە تازانەی خۆیدا بەپێی ماددەی دەستووری نەوت بەرهەم بهێنێت، لەبەر ئەوە بە فەرمانێکی وی، بەغدا گەڕی لە کوردستان ئاڵاند بە نەناردنی بەشە بودجەکەی.

فشاری زیاتر خرایە سەر هەرێمی کوردستان، کوردستانی ناچار کرد ڕاپرسییەك ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پێکەوە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن: ئایا شایستەی ئەوەن لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە یان نا؟

ماوەیەك پێش ئەوەی ڕاپەڕینی سوننەکان دەست پێبکات، بڕە پارەیەکی زۆر و زەبەند لە دۆلاری ئەمریکی ڕەوانەی بانکی موسڵ کرا.بەڵام لە پەلامارێکی کتوپڕدا گرووپێکی ڕادیکالی ئیسلامی چالاکییەکانی خۆیان لە سووریاوە بۆ عێراق گواستەوە و دەستیان بەسەر هەموو ئەو چەك و پارە کاش و بلۆککراوانەدا گرت کە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە لە موسڵ هەڵگیرابوون.

ئەبوبەکر بەغدادی دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕاگەیاند و هێزەکانی وەك هەڵگەڕانەوەیەك لە دژی بەغدا بەرەو باشوور پێشڕەوێتییان کرد.

لە کوردستانەوە هەموو کۆششێك درا تا لەم شەڕە پڕ لە ئاشووبەی نێوان سوننە و شیعە خۆی بەدوور ڕابگرێت، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی ئاڕاستەی پەلامارەکانی گۆڕی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەریان لێ گرتن.

بە هۆی ئارامیی و سەلامەتی هەرێمی کوردستانەوە ١,٤ ملیۆن ئاوارە لە عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ پەنایان بۆ کوردستان هێنا، بە درێژایی مێژوو بە دەگمەن خانەوادەیەك لە کوردستان دەبینیتەوە تاڵاوی ئاوارەیی نەچەشتبێت، ئەمە وایکرد کە هەم خەڵکی کوردستان و هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هانایانەوە بچن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ستایشی خۆنەویستانەی کوردستان بکات، لە بەرانبەر ئەو بایەخدانە مرۆییەی بە ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆیان دا.

لە کاتێکدا حکومەتی فیدراڵ بەرپرسیارە لە بایەخپێدانیان، کەچی حکومەتی فیدراڵ ئابڵووقەی دارایی لەسەر کوردستان هەڵنەگرت، هاوزەمان بودجە و مووچەی ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش دەکرد.

نیوەی ژمارەی ئاوارەکان بە ناچاری لە نێو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ کراون و بە دەیان کەمپی گەورەشیان بۆیان دامەزراندووە، ئاوارە نیشتەجێکراوەکانی نێو خەڵکی کوردستان فشارێکی قورسیان لە هەموو بوارەکانی

ژیان بۆ حکومەت و خەڵکی دروست کردووە و ڕووی دیمۆگرافی بە خێرایی گۆڕیوە.

● **چەند سەرنجێك:**

ئێستا هەموو ئەو جەمسەر و لایەنە نەیارانەی دژایەتی خەونی خۆبەڕێوەبەری کوردستان دەکەن، خراونەتە سەرپێ و فشار بۆ کوردستان دەهێنن تا واز لە ئیرادەی سەربەخۆیی بهێنێت، دۆستان و پشتیوانانی بەغدا بە ئاشکرا جاڕ بۆ یەکێتی خاکی عێراق دەدەن، لە سایەی ئەم هەلومەرجەی جەنگ و ئابڵووقانەدا کوردستان بەپێچەوانەی ویستی خۆیەوە ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئامانجی هەرێمی کوردستان مانەوەیەتی لە چوارچێوەی عێراقدا بەو مەرجەی بەپێی دەستوور کۆنتڕۆڵی زیاتری هەبێت بە سەر کاروباری دارایی و کۆمەڵایەتی ناوچەکانی خۆیدا.

ڕەنگە ئەم شەپۆلەی هاتنی بە لێشاوی ئاوارە و پەنابەران بۆ کوردستان بە دیوێکیدا لەسەر ئاستی ئابووری و مرۆیی بۆ خەڵکی کوردستان بە خێر بگەڕێتەوە، بەڵام ئەم دۆخەی لە ڕابردوودا کوردستانی تێکەوتبوو هەڵسەنگاندنی ژیرانەتری دەوێت، تا هەنگاو بنرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرێتییە دیموگرافی و کۆمەڵایەتییە درێژخایەنەکانی، ئەوەتا ئێستا هەندێ ناوچەی کوردستانی بە تەواوەتی تەعریب کراون و مشتومڕ دەکرێت لەسەر کوردستانیبوونیان، ئەگەر کوردستان سنووری فەرمی خۆی دیاری بکرایە ئەم مشتومڕانە چ پێویست دەبوون.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخەی دروست بووە، تەعریب بە شێوازی تر سنوورەکان دەبڕێت و ڕۆدەچێتە ناو قووڵایی خاکی کوردستانەوە، ویستی گشتی لە سایەی چەمکگەلی مرونەت لە دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایەتی دوور دەکەوێتەوە، ڕێکخراوە بیانییەکانیش بە هاوکاری کوردستان کار دەکەن بۆ ئاوێتەکردنی ئاوارە و پەنابەران لە نێو ئەو خەڵکانەی پێشوازییان لێ کردوون.

● **ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی خۆمان لە نێو ئەم دۆخە ناجێگیرەدا**

توانای گۆڕینی شکست بۆ سەرکەوتن یەکێکە لە ڕێگە باشەکان، گرنگە فێر بین چۆن ئەم بارە شلۆقەی ناوچەکە بە قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەمان بقۆزینەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی زانستی دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی ناجێگیر، بە نموونە سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە پشت بە خۆی ببەستێت، ئێستاش ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەگوزەرێت، ئامانجی زلهێزانی دنیایە بۆ هێشتنەوەی ڕێککەوتنی شکستخواردووی سایکس پیکۆ و ڕێککەوتنی ناوەکیی لەگەڵ ئێران، ئەم دوو ئامانجە کوردستان ناچار دەکەن تا بە جددییەتەوە ناوماڵی خۆی توند و مەحکەم بکات، تا هەم ڕای گشتی ناوخۆیی و هەم ڕای نێودەوڵەتیش بە هاوسەنگانە ڕابگرێت، پێویستە کوردستان بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنێت کە ئەو توانایەی هەیە لە بارێکی ناجێگیر و پڕ لە پشێوی وەك ئێستادا ماڵی خۆی ڕێك بخاتەوە. ئەویش لە ڕێی بە هەند وەرگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

● چاوپۆشین لەوەی کێ فەرمانڕەوایە، بەغدا هەرگیز ڕازی نەبووە بە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی، ئەویش بۆ خۆلادان لە جێبەجێکردنی ئاشتەوایی نەتەوەیی ناو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەو شێوەیەی لە دەستووردا ئاماژەی پێدراوە، بەڵام هێشتا لە ژێر ڕکێفی حکومەتی فیدراڵ هێڵدراوەتەوە، گەرچی هێزی پێشمەرگە بە جەربەزەی خۆیان و بە خوێنی شەهیدانیان دەرفەتەکەیان قۆستۆتەوە تا زۆربەی زۆری ئەو ناوچانە لە ژێر دەستی داعش دەربهێنن، بەتایبەتی ناوچەی شنگال و جەلەولا، پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی خوێنی گەشی قوربانیانی ئازادکردنی ئەو ناوچانە بە فیڕۆ نەچن.

● ئابڵووقە دارایی و ئابوورییەکەی سەر کوردستان چاوەڕوانکراو بوو، ئەم ڕێککەوتنەی ئێستا ئەنجامدراوە ڕێککەوتێکی باشە، باشتریشە هەر لە ئێستاوە خۆساز بکرێت بۆ ئەو ئابڵووقانەی لە داهاتوودا بەسەرماندا دەسەپێندرێت، ئەمەش بە پشتیوانی ڕای گشتی ناوخۆیی لە ڕێی تۆکمەکردنی سیستمێکی فەرمانڕەوایەتی ناوخۆیی هەمەلایەنەوە بەو چەشنەی ئەسیمۆ گلۆنج ڕۆبنسن لێی دەدوێت، پێویستیمان بە هەڵبژاردنی پێوەرێکە کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێتەوە تا هەموو لایەنە نادەستوورییەکان بە هەند وەربگیرێن.

● گرتنەبەری ستراتیژییەتێك بۆ وەدەستهێنانی ئینتیما و لایەنگیری هاووڵاتیان بە هۆی ڕێگەخۆشکردن بۆ هاتنە پێشەوەی تواناکان تا دروستانە ڕێڕەوی کاری خۆیان وەربگرن.

● جوداکردنەوەی ئایین لە فەرمانڕەوایەتی وەك بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی شارستانی، پێداچوونەوە بە میتۆدەکانی خوێندن و فێرکردن بە چەشنێك بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی فرەکەلتوور و فرە ئایینداد.

● کارکردنی زیاتر لەسەر ئاستەکانی ڕای گشتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تا بارمان نەکەوێتە لێژی و نەکەوینەوە ناو هەمان داوی گوتار و عەقڵییەتی پێشینەوە.

● یەکدەنگیی لە سەر پرسە نەتەوەییەکان

● پەرەپێدانی گرتنەبەری ڕێبازی هاوبەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەنابەران و ئاوارەکاندا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاریگەرییان نەبێت لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان و لەم ساتە وەختە مێژووییەدا سەرقاڵمان نەکەن بە کاری لابەلاوە.

---

*** ڕاوێژکار لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

پێویستە کوردستان بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنێت کە ئەو توانایەی هەیە لە بارێکی ناجێگیر و پڕ لە پشێوی وەک ئێستادا ماڵی خۆی ڕێک بخاتەوە

توانای گۆڕینی شکست بۆ سەرکەوتن یەکێکە لە ڕێگە باشەکان، گرنگە فێر بین چۆن ئەم بارە شلۆقەی ناوچەکە بە قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەمان بقۆزینەوە

ئێستا هەموو ئەو جەمسەر و لایەنە نەیارانەی دژایەتی خەونی خۆبەڕێوەبەری کوردستان دەکەن، خراونەتە سەرپێ و فشار بۆ کوردستان دەهێنن تا واز لە ئیرادەی سەربەخۆیی بهێنێت

# هەڵمژینی قەیران لە خاکی ئیسلامدا

(٥)



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەوەی لەلایەکەوە جێگەی تێبینییە و لەلایەکی دیکەوە مایەی گاڵتەجاڕی بەشێکی زۆر لە ئابووریناسانی جیهانە، کۆی ئەو بەڵێنە نەبڕاوانەن کە فەرمانڕەواکانی وڵاتانی خاکی ئیسلام بە کۆمەڵگەکانیان دەدەن؛ بۆ نموونە هەوڵدان بۆ قەناعەتپێکردنی هەموو لایەك کە بەرنامە ئابوورییەکانی دەوڵەت دەتوانێت هەموو گرەوەکان بباتەوە و لە کۆتاییدا بەسەر کێشە و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ دەبێت. کەمن ئەو تایبەتمەندانەی بواری ئابووری کە وشیار نەبن بەوەی کە تەواوی ئەو ژمارانەی ڕژێمەکانی خاکی ئیسلام بە دەرەوەی دەبەخشن، هیچ میسداقیەتێکیان نییە. من یەکێکم لەو کەسانەی کە پێموایە، هەرچەند لە چەندین جێگەدا گرافیکەکان دەردەخەم و کاریان لەسەردەکەم، هیچ یەکێك لە ڕێژەکان لە دەرەوەی گومان نین: ڕێژەی بێکاری، ڕێژەی هەژاری، ڕێژەی بێئومێدەکان، ڕێژەی گەشەی ئابووریی ساڵانە و .. هتد. کاتێك دەوترێت کە ساڵی ٢٠١٣، گەشەی ئابووری لە کوردستاندا ١٢ لە سەدی تێپەڕاندووە، من پێکەنینم بەم ژمارەیە دێت، چونکە نازانین لەسەر چ بنەمایەك دروستکراوە. لە وڵاتێکی وەك فەرەنسادا، کە لە هەمان ساڵی ٢٠١٣دا، ڕێژەی گەشەی ئابووری نەیتوانیوە بگاتە ١.٪ لە سەد ، بەڵام لە کوردستاندا دەگاتە ١٢.٪، سەدان دەزگای بەدواداچوون فەحسی ئەم ڕێژەیە دەکەن و لە کۆتاییدا سنووری میسداقیەتی دەستنیشان دەکەن. بەڵام لە کوردستانی ئێمەدا، نەك هەر ئەم ڕێژەیە فەحس ناکرێت، بەڵکو ئەوانەش کە ئاگایان لەم ١٢.٪یە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

بەشێکی گرنگ لە ڕژێمەکانی خاکی ئیسلام، بەئومێدی چوونە دەرەوە لە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان، لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تا ئێستا پەنا بۆ سیاسەتی «الخصخصة» دەبەن کە بە فەرەنسی دەبێتە «پریڤاتیزاسیۆن»، واتە ڕاکێشانی ئابووریی وڵات بۆ نێو کەرتە تایبەتەکان. سپاردنی ئابووریی وڵات بە کەرتی تایبەت. لاوازکردنی هەژموونی کەرتی گشتی بەسەر ئابوورییەوە. بەخشینی کلیلەکانی ئابووریی وڵات بەو سەرمایەدارانەی کە کەرتی تایبەت بەڕێوەدەبەن. وڵاتانی وەك کوێت، سعودیە، ئیمارات، عومان، قەتەر، ئوردن، میسر، هەرێمی کوردستان، عێراقی پاش سەدام و ...، لە ڕێگەی چونە نێو ئەم پرۆسێسەوە، خەونیان بە چارەسەرکردنی قەیرانەکانیانەوە دەبینی و دەبینن. بەڵام هەر کەسێك چاودێری ئەم کردەیەی کردبێت، دەزانێت کە لە هەر یەکێك لەم وڵاتانەدا، کردنەوەی دەرگاکان بەسەر کەرتی تایبەتدا نەك هەر گرفتەکانی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو قووڵتریشی کردوونەتەوە. بێهودە نییە کە چەندین تایبەتمەندی وڵاتانی خاکی ئیسلام، یەکێك لە هۆکارە باڵاکانی تەقینەوەکانی جیهانی عەرەبی لە ٢٠١١ دا، لە بەرەڵاکردنی کۆمەڵێك گورگی سەرمایەدار بۆ نێو گیانی ئابووریی وڵات دەبینن؛ کە لەگەڵ بەهێزبوونی کاراییاندا کۆمەڵگەیان کرد بە دوو بەشەوە: بەشێك کە لەسەری سەرەوەدا وەك فیرعەونەکان دەژین و بەشێکی دیکە لە خواری خوارەوەدا بە هەژارییەکی کوشندە سپێردراون. دیسانەوە لێرەدا نموونە بە هەرێمی کوردستان دێنمەوە.

داهاتی ساڵانەی مووچەخۆرانی ئاسایی کوردستان و داهاتی ساڵانەی ئەو ١٠ هەزار و ٨٠٠ ملیۆنێرەی کە بەپێی ئاماری یەکێتی وەبەرهێنەران لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا، وەك چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی دەرکەوتوون و سەرمایەی هەر یەکێك لەم ملیۆنێرانە ٥ ملیۆن دۆلار تێدەپەڕێنێت . گەر مووچەی مانگانەی فەرمانبەرێکی ئاسایی دەوڵەت (پۆلیسێك بۆ نموونە) بریتی بێت لە ١٢٠٠ دۆلار (پاش چەند ساڵ خزمەتکردن)، داهاتی ساڵانەی یەکسان دەبێت بە ١٤٤٠٠ دۆلار. بەبێ ئەوەی کە حیساب بۆ ئەو قازانجە فراوانە بکەین کە ٥ ملیۆن دۆلار ساڵانە دەیهێنێت و تەنها و تەنها سەرمایەی یەك ملیۆنێر لەم ١٠ هەزار و ٨٠٠ کەسە وەردەگرین و دابەشیدەکەین بەسەر داهاتی ساڵانەی فەرمانبەرێکدا؛ واتە پێنج ملیۆن دۆلاری ئەندامێکی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە کە دابەشی دەکەین بەسەر چواردە هەزار و چوار سەد دۆلاری داهاتی ساڵانەی فەرمانبەرێکی ئاسایی دەوڵەتدا دەگەین بەم ژمارەیە: ٣٤٧ ! واتە تەنها و تەنها سەرمایەی (بێ قازانجی) هەر ئەندامێکی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە یەکسانە بە ٣٤٧ ساڵ لە ئیشکردن و مووچە و داهاتی فەرمانبەرێکی ئاسایی! گەر ئەم فەرمانبەرە ٣٤٧ ساڵ بژی و بەهیچ شێوەیەك دەستکاری ئەو مووچەیە نەکات کە مانگانە وەریدەگرێت، دەتوانێت ببێت بە خاوەنی هەمان هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەندامێکی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە. بەشێوەیەکی دیکە، لە ئێستادا

کە ساڵی ٢٠١٥ یە، ئەم فەرمانبەرە دەبێت تا ساڵی ٢٣٦٠ کاربکات و داهاتەکەی کۆبکاتەوە، بۆئەوەی بگاتە ئاستی هەلومەرجی ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەندامێکی ئەم چینە نوێیە. واتە بە ٢٥ نەوەی دیکەش ناتوانێت بگاتە ئێستا و ئێرەی ئەم چینە نوێیە. ئەم دۆخە تایبەت نییە بە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو وەك مۆدێلێك لە چەندین وڵاتی خاکی ئیسلامدا کاردەکات و لە دەرەنجامدا هەلومەرجێکی دروستکردووە کە تایبەتمەندێکی وڵاتانی خاکی ئیسلام ناوی ناوە: کۆمەڵگەیەك بە مەنگی!

یەکێك لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی کە بەشداری دەکات لە دروستکردن و گەشەپێدان و درێژکردنەوەی تەمەنی دۆخی «ئۆتۆریتاریزم» لە وڵاتانی خاکی ئیسلامدا بریتییە لە هۆکاری دەرەکی بە کۆی چوارچێوە جیاوازەکانیەوە. ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی، خۆی لە خۆیدا، ئەو سەرزەمینەیە کە بەردەوام خوتوکەی خواستی دەستێوەردانی دەرەکی هێزە ناوچەیی و جیهانیەکان دەدات. چەند ئاستێکی گرنگ بەشداری لە دروستکردنی ئەم سەرزەمینە وەك ڕووبەرێکی تەماحلێکراو دەکەن، لەوانە: ئاستی ستراتیژیی خودی ناوچەکە، ئامادەیی فراوانی نەوت، ململانێیەکی مێژوویی لەنێوان زیاتر لە هێزێکدا. هەر یەکێك لەم ئاستانە بەسن بۆئەوەی وابکەن لە چەندین هێزی ناوچەیی و جیهانی تا لە کردەی دەستێوەردان ڕانەوەستن.

ئەو سیستەمە سیاسییەی کە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەڕێوەدەبات، لەنێو خودی پەیوەندییەکانی هێزی ئەم هاوکێشەیەدا بیناکراوە. لەنێو ئەم سیستەمەدا، فەرمانڕەواکانی وڵاتانی خاکی ئیسلام، ئەو ئەکتەرانەن کە تەواوی تۆڕەکانیان بە یەکەوە بەستووەتەوە، تۆڕی ناوەوە بە دەرەوە و دەرەوە بە ناوەوە، بە ڕادەیەك کە پرەنسیپی «یان من، یان فەوزا»، چیدی، بەتایبەتی پاش لیبیای قەزافی و میسری موبارەك و یەمەنی ساڵح، هێزە دەرەکییە جیهانییەکان بە گومانەوە سەیری نەکەن.

لە دەرەوەی ئەم قۆناغە ناسکەشدا و بە درێژایی مێژووی سەدەی بیستەم، دەسەڵاتی ئۆتۆریتێر لە خاکی ئیسلامدا، هەمیشە دەرەوەی نزیك و دەرەوەی دووری وەك سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ دامەزراندن و قووڵکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی ڕژێمی بیناکراو لەسەر ئۆتۆریتاریزم بیناکردووە. دەوڵەتانی کەنداو، تەنانەت میسر و پاکستانیش، بەردەوام پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان بۆ کشانی دەسەڵاتەکانیان بەنێو مێژوودا بەکارهێناوە. بەشێکی زۆر لە شەرعییەتی ئەو ڕۆڵەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا دەیبینن، لە پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەرچاوە دەگرێت. بە دیوێکی دیکەدا، سووریای بەشاری ئەسەد، بە بێ پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ئێران و ڕووسیا، دەمێك بوو کەوتبووە ژێر پۆستاڵی یاخیبووەکانەوە.

کاتێك ئەم پشتیوانییە دەرەکییە، لەبەر هەر هۆیەك بێت تووشی لەرزین دەبێت و پرسیاری لەسەر دروستدەبێت، ئیدی وڵاتانی خاکی ئیسلام ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی سەخت دەبنەوە. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە دوو چرکەی مێژوویی گرنگ بدەم. یەکەمیان بریتییە لە چرکەی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت و دووهەمیشیان بریتیە لە چرکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١. لە چرکەی یەکەمدا، کاتێك کە ئەم ئیمپراتۆریەتە هەڵدەوەشێتەوە، عێراقی سەدام، سووریای ئەسەد، لیبیای قەزافی و چەند وڵاتێکی دیکەش، تەنانەت چەندین گرووپ و ڕێکخراوی سیاسیی نادەوڵەتیش، دەکەونە دۆخی سەرگەردانی و هەستکردن بە تەنهایی شەکەتیان دەکات. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤێتی، یەکسان بوو بە لەدەستدانی یاریکردن لەسەر پەتەکان، لەدەستدانی سەرچاوەیەکی دڵنیاکەرەوە، لەدەستدانی هاوسەنگی لەنێوان پێگەکاندا. لێرەوە، بەشێکی زۆر لەو قەیرانانەی کە لە نەوەدەکاندا ڕووبەڕووی ئەم دەوڵەتانە دەبێتەوە، دوور نییە لە دەرەنجامەکانی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤێتی بووبێ.

لە چرکەی دووهەمیشدا، کاتێك ئەمریکای جۆرج دەبلیو بۆش، بڕیار دەدات کە بە دەستێکی پۆڵایین لە تیرۆر بدات و ڕووبەڕووی هەموو ئەو وڵاتانە ببێتەوە کە لە هەر ئاستێك لە ئاستەکاندا دەکرێت پشتیوانی لە تیرۆریزمی هێزە ڕادیکاڵە ئیسلامیستەکان بکەن، ئیدی وڵاتانی وەك عەرەبی سعودیە، پاکستان، ئەفغانستان، ئوردن، عێراقی سەدام حوسێن، سووریای ئەسەد، تەنانەت ئێرانی ئایەتوڵاکان و کۆریای باکووری کۆمۆنیستەکانیش، ڕووبەڕووی چەندین گرفتی گەورە بوونەوە؛ بە ڕادەیەك کە بەشێکیان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنران و بەشەکەی دیکەش بە چەندین قۆناغی ناسکدا تێپەڕی و تائێستاش کەشتییەکەی نەگەیشتووەتە ڕۆخێکی ئارام.

بەمشێوەیە دەستێوەردانی دەرەکی، چەند مایەی سەقامگیر و مانەوە و کشانە بەنێو مێژوودا بۆ چەند لایەنێك، هێندەش مایەی هەڕەشە و ناسەقامگیری و دڵەڕاوکێیە بۆ چەند لایەنێکی دیکە. چەند سەرچاوەی ئارامی و ژیانی نەرمە بۆ چەند لایەنێك (کوێتی و قەتەرییەکان)، ئەوەندەش سەرچاوەی ترس و ژیانی سەختە بۆ چەند لایەنێکی دیکە (ئەفغانستان و عێراق). لە ئاستێکی دیکەشدا، ئەو قەرزانەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە میسر و ئوردنی دەدات، چەند کەرەسەی سەقامگیری و ئارامییە، هێندەش کەرەسەی چاوسوورکردنەوە و فەرزکردنی هەژمونی واشنتۆنە بەسەر هەر دوولایاندا. واتە هاوکێشەکە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کە تەنها بەدیوێکیدا ببیندرێت و بخوێندرێتەوە.

---

1. http://www.lefigaro.fr/ conjoncture/ 2014/02/14/20002 -20140214ARTFIG00036- la-croissance- francaise-meilleure- que- prevu-en-2013.php
2. http:// www.awene.com/article/2013/05/19/21990
3. Philippe Droz-Vincent, Moyen-Orient : pouvoirs autoritaires, sociétés bloquées, PUF, Paris, 2004.

---

* سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس

**دەستێوەردانی دەرەکی، چەند مایەی سەقامگیر و مانەوە و کشانە بەنێو مێژوودا بۆ چەند لایەنێک، هێندەش مایەی هەڕەشە و ناسەقامگیری و دڵەڕاوکێیە بۆ چەند لایەنێکی دیکە**

**ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی، خۆی لە خۆیدا، ئەو سەرزەمینەیە کە بەردەوام خوتوکەی خواستی دەستێوەردانی دەرەکی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان دەدات**

**سەرمایەی (بێ قازانجی) هەر ئەندامێکی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە یەکسانە بە ٣٤٧ ساڵ لە ئیشکردن و مووچە و داهاتی فەرمانبەرێکی ئاسایی**